


سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- عەبدوڵلا حەسەن زادە ........................ لاپەڕەی .................. ٩

لە ماوەی ١٥ ساڵ دابڕانی نێو حیزبی دێموکڕاتدا هیچوەخت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و دڵسۆزانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دیاردەی دوو حیزبی دێموکڕاتیان بە سروشتی و دڵخواز و تەنانەت ڕەواش دانەنا.

٢- کوێستان گادانی ...................... لاپەڕەی .................. ١١

بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو هەر هەمووومان لاپەرەیەکی نویٚ لە ژیان و کاری سیاسی خۆماندا هەڵدەینەوە و یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوای گەلەکەمان هەول بدەین و بەردەوام بین.

٣- بابا عەلی میهرپەروەر ............ لاپەڕەی .................. ١٧

ئەوکاتە یەکگرتنەوە دەتوانیٚ ماناى راستەقینەی هەبیٚ و سوودەکانی دەرکەوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرنامەیەکی نوی وگونجاو لەگەل بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بێتەوە مەیدان.

٤- کەماڵ کەریمی ................ لاپەڕەی .................. ١٩

خەڵکی کوردستان هێز و وزەی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگارێخوازی کوردستانن. هەربۆیە پێش هەموو شتێک دەبیٚ بیر لە یەکڕیزی و یەکدەنگی ئەوان لە ئاستی نیشتمانیدا بکرێتەوە.

٥- خەج مەعزووری .................. لاپەڕەی .................. ٢١

ئەو جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکگرتوانە و قایم و پشت ئەستوور بە هێزی خۆی بە نێو ماڵی خۆیدا دەچێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا خۆی توندوتۆڵتر دەکاتەوە.




یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

٦- پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر .......................... لاپەڕەی ................. ٢٣

ئەگەر یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرجەم ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد (خیانەت) بووبێت، ئەوا یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد (پەرتەوازیی) ڕیزەکانی بووە.

٧- مستەفا شڵماشی ................ لاپەڕەی ................. ٢٥

یەکیەتی نێومالّی دێموکڕات پارمەتیدەر دەبێ بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی نێومالّی حیزبەکانی دیکەش ولە کۆتایی دا پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

٨- میرۆ عەلیار ................ لاپەڕەی ................. ٢٧

بۆ ئەوەی تێکەڵبوونەوە بکەین بە یەکگرتنەوە و یەکگرتنەوە بکەین بە هێزی حیزبی دێموکرات و بە هێزی حیزبی دێموکرات بکەین بە هەوێنی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی ئەرێنی و پێویست لە جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا.

٩- سەعید بەگزادە ............... لاپەڕەی ................. ٣٠

یەکگرتنەوە دەرفەتێکە، ئەم دەرفەتەش دایمی و هەمیشەیی نییە. نابێ تەنیا دڵمان بەوە خۆش بکەین کە یەکمان گرتۆتەوە. ئەم یەکگرتوییە دەبێ کۆمەڵێک بەرنامەی نوێ،و زەرفیەتسازی زۆر زیاتر دەحیزبدا، و هەروەها راکێشانی سرنجی نوخبەگانی کورد لە رۆژهەڵاتی بۆ نێو حیزب دەگەڵ خۆی بێنێ

١٠- شلێر باپیری ..................... لاپەڕەی ................. ٣٥

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەدڵنیاییەوە دەبێتە حیزبێکی بەهێزتر، یەکدەنگتر و بەبەرنامەتر لە پێشوو کە بتوانێ بە ستراتیژی سەردەمییانە و تازەوە کار بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.

١١- دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن .............. لاپەڕەی ................. ٣٨

ئەگەر ئەم یەکگرتنەوە بە بەرنامەو بەردەوامی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵات، جارێکی تر دڵساردی دەدات بە خەڵک و چرای ئومێدیان کز دەکات و دەسکەوتەکان دور دەخاتەوەو داگیرکەران دڵ ڕەقتر و تورە تر دەکات!!

۱۲- حەمەڕەسووڵ کەریمی ................. لاپەڕەی ................. ٤١

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خەباتی نەتەوایەتیمان پتەوتر دەکا، بازنەی کاری ڕێکخراوەیی حیزب بەرفراونتر دەکا. هیوا و ئومێدی تازە بە خەڵکی کوردستان دەبەخشێ و خەڵکیش زیاتر لە جاران خۆیان لە نێو حیزبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە.

۱۳- هاشم ڕۆستەمی ............... لاپەڕەی ................. ٤٤

ئەم یەک گرتنەوەیە مەیدانی لە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوە گێر بەرتەسک کردوە. ئەوانەی کە لە سەردەمی ناکۆکیەکاندا ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد، چیتر ئەم دەرفەتەیان نابێت.

۱٤- چنور میهرپەروەر ........................ لاپەڕەی ................. ٤٨

ئەم حیزبە ئەگەر لەسەر ئەساس و میکانیزمێکی سەردەمیانە دابرێژرێتەوە، بێ گومان جێگای هەمووانی تێدا دەبێتەوە و ئەو دەم نە تەنیا وەک رێکخراوێکی بە قووەت لە ئاستی بزووتنەوەدا دەر دەکەوێ، بەڵکوو دەتوانێ تەئسیری ئەرێنی لە سەر حیزبەکانی دیکەش دابنێ و لێکیان نزیک کاتەوە.

۱۵- د.ئازاد محەممەدیانی ................. لاپەڕەی ................. ٥١

حیزبی دێموکرات دەرکی ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لە ژێر پێستی ئەو کۆمەڵگایە لە ئارادایە و بە پێی ئەو گۆڕانکاریە بیر لە نوێ کردنەوەی خۆی و بەرنامەکانی بکاتەوە.

۱٦- عەبدوڵڵا حیجاب ................. لاپەڕەی ................. ٥٣

یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەروەها پەرەی بەو زێهنیەتە دا کە ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەکرێ دەوڵەمەندیی هزری و بەهێزبوونی لێ بکەوێتەوە، بەو مەرجەی وەک سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئینرژیی ئەرێنی چاوی لێ بکرێ

۱۷- خەلیلی غەزەڵی ............... لاپەڕەی ................. ٥٦

بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی لە حیزبێک دا پێش هەموو چت دەبێ دوولایەن بەشێوەیەکی شەفاف هەڵسوکەوت بکەن. پاشان دەبێ چاو لەوە کێ زۆرە و کێ کەم نەکرێ و بە دڵێکی ئاواڵەوە هەردوولا بێنە مەیدان و ئیعتمادسازی بکرێ



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

**١٨- ڕەحیم قادری ............ لاپەڕەی .................. ٥٩**

زۆر گرنگ بەشداری زیاتری ژنان بە تایبەت لە ناو ڕێبەرایەتی دا. مادام ئەو کارە نەکرێ و بەرنامەی بۆدا نەریژری بۆشاییەکی گەورە لە ناو حیزبدا وە بەرچاو دەکەوێ. حیزبێکی ئاوا بەتەمەن و بە ئەزموون ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەندامێکی دەفتەری سیاسی ژنی نیە.

**١٩- فواد خاکی بەیگی .............. لاپەڕەی .................. ٦١**

دیمۆکراتەکان لە ٣٠ی گەلاوێژدا سەلماندیان کە دەتوانن هێزێک بن کە داهێنەری ئاشتی و یەکگرتووین و بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمان وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن لەسەروی بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسیەکان دابنێن.

**٢٠- کەماڵ حەسەن پوور ..................... لاپەڕەی .................. ٦٣**

یەکگرتنەوەی ئەوجارە نابێ تەنیا سازانی ڕێبەرایەتی دوو لا بێ. بۆ پتەو کردنی یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوو، پێویستە حیزب بە گشتی و بەشی تەشکیلات بە تایبەتی، بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ هەوڵ بدات

**٢١- پۆلا ئانەوازادە ................ لاپەڕەی ................. ٦٧**

هەنگاوی یەکەمی دوای یەکگرتنەوەی حیزب و لە یەکەم کۆنگرەی دوای یەکگرتنەوەدا حیزب بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی سەرەکی خۆی، واتە ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی و کۆماری کوردستانێکی نوێ.

**٢٢- ئێقباڵ سەفەری ................ لاپەڕەی ................. ٦٩**

حیزبێک کە گەلێکی دیاریکراو، لە جوگرافیایەکی جیاوازدا خاوەنداریەتی دەکا، نە دەکرێ و نەش دەتوانێ دێموکراسی بۆ ئێران بەدی بێنێ، با دەست لە درۆشمدان هەڵ بگرین و قسەی دڵی خەلکێک بکەین کە بەدایم قوربانی بۆ رزگاری خۆی دەدا.

**٢٣- شەونم هەمزەیی ............ لاپەڕەی ................. ٧١**

هەر تاک و ئەندامێکی ئەم حیزبە لە بەرامبەر وتە و چۆنیەتیی کرداری‌دا بەرپرسیارە و دەبێ بە پارێز و یەکیەتی‌خوازییەکی زۆر زیاترەوە بجووڵێتەوە. ئەمە ئەرکی هەر هەمووومانە و من من و تۆ تۆی تێدا نییە،



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

٢٤- مەجید حەقی ............. لاپەڕەی .................. ٧٤

یەكگرتنەوەی حیزبی دێموكرات كۆتایی نیە، بەڵكوو خاڵی دەسپێكی كردنەوەی قۆناغێكی نوێیە لە هەموو بوارەكانی خەبات لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا دیپلۆماسی، دیاسپۆرا و خەباتی شاخ و شار

٢٥- تاهیر مەحمودی ..................... لاپەڕەی .................. ٧٧

با هەمووومان بە یەكدڵی و یەك هەڵویستی، بۆ هەرچی زیاتر پتەوكردنی ئەو یەكگرتووییە هەوڵەكانمان بخەینەگەڕ و كارێك بكەین دڵی دۆستانمان شادو چاوی نەیارانمان. كوێر بكەین

٢٦- ئەفراسیاب گرامی .................. لاپەڕەی .................. ٧٩

گرینگترین لایەنی لاوازی یەكبوون، ناشەفافبوون و ناڕوونبوونی چۆنیەتی یەكگرتنەوە و ساخبوونەوە لەسەر دەسكەوتەكانی یەكترییە كە دەتوانێ لە داهاتوودا كەلێنی گەورەتری لێبێتەوە.

٢٧- حەسەنی حاتەمی ............. لاپەڕەی .................. ٨٢

لە مەیدانی نێونەتەوەیی و دیپڵۆماسی دا، جێی سەرنج و ئادرەسێكی بەهێز بۆ هەر ئەگەرێكی ڕووداوەكان بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی شیعەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی ببین

٢٨- وریا ماملێ ............. لاپەڕەی .................. ٨٤

ئیتر لەمەوبەولاوە ئەركی حیزبی دیموكرات قورستر بوو. باشتر وایە پێش ئەوەی لوولەی تفەنگەكان لە دوژمن بگرێ، وەك حیزبێكی ڕەگ و ڕیشەدار، ڕۆڵی براگەورە و دڵسۆزێكی نیشتمان بگێڕێت

٢٩- ئەلبورز ڕۆئین تەن ..................... لاپەڕەی .................. ٨٦

دەرس وەرگرتنە لە مێژووی ڕابردوو كەهەمووومان هەڵەكانی ڕابردوو دووپات نەكەینەوە بۆ ئەوەی دووبارە هەمان گرفت نەیێتە سەر ڕێگامان.



یەكبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شكۆیە
سەرچاوە Serchawe

٣٠- هیوا گوڵ محەمەدی ................. لاپەڕەی ................. ٨٩

گەلانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامەزرۆی یەکیەتی بە کردەوەی نێوان هەموو لایەنەکانن و ئەو یەکگرتنەش لە یەکگرتنەوەی ناوماڵی دیموکراتەوە دەست پێدەکات.

٣١- حوسێن بەخشی .............. لاپەڕەی .................. ٩٣

بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیونی بە ناوئێرانی وەک هێزێکی یەکپارچە و یەکدەنگ دەردەکەون و پارسەنگی هێز لە معادلاتی سیاسیدا بە قازانجی بەرژەوەندی کورد دەگۆڕێ.

٣٢- هێدی سۆفی زادە ................ لاپەڕەی ................. ٩٥

یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران کارێکی باش و بە جێیەوو دیموکڕاتەکان بە یەکەوە جوانن بەڵام یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دیموکڕات زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆی گەورە کرایەوە.

٣٣- عەزیز شێخانی ............. لاپەڕەی ................. ٩٨





یەکبوون، هەوێنی خولقاندنی شکۆیە

# چەند وتەیەک

**خوێنەرانی بەڕێز سڵاو، ئەم کاتەتان باش**

**بۆ وەرگرتنی بیروڕای جیاواز لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پرسیاری خوارەوەم ئاراستەی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی – حیزبی و غەیرە حیزبی – کردوە. بە خۆشییەوە بەشی هەرە زۆر وەڵامی ئەرێنییان بۆ ناردمەوە. هەر بۆیە یەکدنیا سپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەم ئازیزانە هەیە کە ئەم یەکگرتنەوەیان بە گرینگ زانی، لەسەریان نووسی و خوشحاڵیی خۆیان دەربڕیٚ. منیش کۆی وەڵامەکان لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیەی خوارەوەدا ئامادە کردوە و دەیخەمە بەر چاوی ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست. هیوادارم جێی ڕەزامەندی هەمووتان بێ.**

**کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**بەرێزەوە ڕحمان نەقشی**



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## ئەمەش دەقی وەڵامەکان:

### مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە




**لە ماوەی ١٥ ساڵ دابڕانی نێو حیزبی دێموکڕاتدا هیچوەخت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و دڵسۆزانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دیاردەی دوو حیزبی دێموکڕاتیان بە سروشتی و دڵخواز و تەنانەت ڕەواش دانەنا.**

**وەڵام**: ناتوانین چاوەڕوان بین کە بە یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان ئاڵوگۆڕێکی خێرا و بەرچاو لە بارودۆخی کوردستان یان لەوەش زیاتر، ئێراندا بێتە ئاراوە. چونکە نە حیزبی دێموکڕات بەتەنیا نەخشی یەکلاکەرەوەی لە گۆڕینی ئەو بارودۆخەدا هەیە، نە تەنانەت کوردستانیش بەتەنیا دەتوانێ ئێران و بگرە کوردستانیش بگۆڕێ، گۆڕانی کاریگەر تەنیا بە هەوڵ و خەباتی هەموو کوردستانییەکان و هەموو ئێرانییەکان دەتوانێ ڕوو بدا. بەڵام بەوەڕا کە:

- لە ماوەی ١٥ ساڵ دابڕانی نێو حیزبی دێموکڕاتدا هیچوەخت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و دڵسۆزانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دیاردەی دوو حیزبی دێموکڕاتیان بە سروشتی و دڵخواز و تەنانەت ڕەواش دانەنا.

- لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەموولا بەتێکڕا خوازیاری چارەسەی کێشەکان و یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات بوون و بە نامە و دیدار و پەیامی نووسراو و دەنگی و ڕەنگی هەردوولای دێموکڕاتیان بە داخوازی یەکگرتنەوە بۆردوومان



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

دەکرد.

- لە چەند حەوتوو پێشترەوە دڵسۆزان شایی‌یان لەدڵدا دەگەڕا و تەنانەت بەپێی دەرەتان پیرۆزبایی‌یان لێکتر دەکرد و نوقڵ و شیرینی‌یان دەبەشیەوە، دەتوانین دڵنیا بین کە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکڕات:

١- ئومێد و متمانەی خەڵکی کوردستان بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەگێڕێتەوە جێی خۆی و بگرە بەهێزتریشی دەکا.

٢- هەم لە کوردستان و ئێران و هەم لە رادەی نێونەتەوەییشدا حیزبی دێموکڕات سەنگ و ئیعتیباری جارانی بەدەست دێنێتەوە و پێبەپێی چەسپاندنی یەکدڵی و یەکڕیزیی تێکۆشەرانی حیزب بەرەو ژووری دەبا.

٣- بەشێکی زۆر لە نیگەرانیی خەڵک لە ڕووداوی نەخوازراوی دوای ڕوودانی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی سیاسیی ئێراندا دەڕەوێنێتەوە.

٤- ئومێد دەکرێ یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان ببێتە سەرەتایەک بۆ وەسەریەککەوتنەوەی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی تووشی لێکدابڕان بوون و سەرەنجام زەمینە بۆ هاوپەیمانییەکی خەباتگێڕانە لەنێو تێکڕای ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستاندا بڕەخسێ.

***

نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان تەنیا یەکەم هەنگاوی دروست بەرەو بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵکی کوردستان و هیوابەخشین بە کۆمەڵانی گەلی کورد لە ئێران. دەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنەوە و دەرکردنی ئەو بڕیارە پیرۆزە کارێکی دژوار و ڕێگایەکی دوور و پڕکەندولەندی لەپێش بوو، شاراوە نیە کە کارە قورس و پڕبەرپرسایەتی و وردەکارییەکە لەمەودوا دەست پێدەکا. پشوویەکی درێژ و دڵفرەوانییەکی زۆری دەوێ کە تێکۆشەرانی دێموکڕات لەو ئەزموونە مێژووییە بە سەرکەوتوویی بێنە دەر و حیزبەکەیان بگەیەننەوە جێگەوپێگەی جارانی کە بەش - بەحاڵی خۆم بە گەشبینییەوە لێی دەڕوانم.

بە هەرحاڵ وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات ڕووداوێکی گرنگ و هیوابەخشی مێژوویی بوو، بەئاواتی سەرکەوتنی و هەڵهاتنەوەی زۆر هەنگاوی هیوابەخشی دیکە.

٣ - ٦ - ١٤٠١(٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢)



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## کوێستان گادانی




**به دەرس وەرگرتن له رابردوو هەر هەمووما‌ن لاپەرەیەکی نوێ له ژیان و کاری سیاسی خۆماندا هەڵدەینەوە و یەکدەنگ و یەکڕەنگ له پێناو گەیشتن به مافی رەوای گەلەکەمان هەول بدەین و بەردەوام بین.**

**وەڵام**: سەرئەنجام دوای نیزیک به ١٦ سال هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە و کۆتایی به قۆناغی دوو بالی دێموکراتەکان هات ئەو کارە پیرۆزە لاپەرەیەکی دیکەی له میژووی پر سەروەری حیزبی دێموکرات دا تۆمار کرد. لێرەوە پیرۆزبایی به خەڵکی تێکۆشەر و کۆلنەدەری رۆژهەلاتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، ئەندامان، لایەنگران و دلسۆزانی حیزبی دێموکرات دەلێم. به ئاوردانەوەیکی کورت به سەر هەل و مەرجی ئێستا چ له ئاستی ناوخۆی کوردستان، چ له ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست و چ به گشتی له جیهاندا، ئەو یەکگرتنەوە پێویستیەکی هەنووکەیی بووە که به خۆشییەوە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی به جێ گەیاندرا. ئەوەی که جێگای تێروانین و لێوردبوونەوەی ئێستای ئێمەیە ئەوەیە که به چ شێوەیەک ئەو یەکگرتن و یەکریزییە بپارێزین بۆ ئەوەی کاریگەی ئەرینی له سەر خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان هەبێت.

یەکگرتنەوە و یەکریزی دوو چەمکی تەواو کەری یەکترین که یەکریزی و یەکدەنگی لێدەکەوێتەوە. یەکگرتن و یەکدەنگی له هەر ئاست و بوارێکدا بیت بۆ نەتەوەی کورد جێگای رێز و پێویستییەکی ئەمرۆییە. به یەکگرتوویی و یەک گوتاری کورد به گشتی و خەلکی رۆژهەلات به تایبەتی دەتوانن هەنگاوی به هێزتر و گرینگتر هەلێننەوە بۆ پرۆژەی گەورەتر که له ئامانجە نەتەوەییەکانمان نیزیک بکاتەوە.



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

لێرەدا کارتێکەری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە سەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پۆلێن دەکەم:

لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

پەیوەندی نێوان خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی ٧٧ ساڵەی هەیە و لە هەموو قوناخەکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی ئەم حیزبە پشت و پەنایی یەکتر بوون. حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەیی و خۆی بە نوێنەری هەموو چین و توێژێکی ئەم کۆمەڵگایە دەزانێ، ئەوەندی بۆی گونجاوە و مەجال هەبووە، ویستوویەتی وەڵامدەری داوا و خواستی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ. ئەم دابڕانانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تا ئێستا ڕوویانداوە بە دلنیاییەوە خالی لاوازی ئەم حیزبە بوونە و کاریگەری نەرێنی لە سەر تێکۆشانمان بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجی گشتی و نەتەوەییمان هەبووە. هەر بۆیە لە کاتی دابڕانی دواییشدا ئەوە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون کە بەم دووباڵیە نارازی بوون و ئەوەندەی بۆیان کرابێت هەولیان داوە تەئسیر لە سەر ئەم یەکگرتنەوەیە دابنێن. بە خۆشیەوە حیزبێکی بەرپرس وەک حیزبی دێموکرات دەگەڵ ئەوەی ڕەنگ بێت ماوەیەکی زۆری بە پرۆسەی یەکگرتنەوە تەرخان کردبیت، بەڵام ئەو ئاوات و داخوازیانەی هێنایە دی و بەو کارە دلخۆشی و شادی و دلگەرمیەکی لە ڕادەبەدەری دەنێو خەڵکی ڕۆژهەلات و ئەندامان و لایەنگرانی خۆی و دڵسۆزانی دۆزی ڕەوای کورددا پێک هێنا. ئەو هەنگاوە، نوێکردنەوەی پەیمانی درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی و ڕێبەرانی شەهید و هەموو شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای کوردایەتی بوو. هاوکات ئەو دڵگەرمیە وەدیهاتووە و عەلاقە بە کار و هیوا بە داهاتوویەکی ڕوون، شوێن دانەر دەبێ لە سەر چالاکانی نێوخۆ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی، کۆمەلایەتی و ژینگە پارێزی و بگرە بۆ وەدیهاتنی یەکگرتوویەکی تەواو لە نێو دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئێستا ئەو یەکگرتووییە دەبێتە هۆی پێکهاتنی یەک پەیامی و یەک دەنگی لە ڕیزەکانی کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا ئەویش بە ڕوانینێکی نوێ و گەشبینانە و هیوابەخش. ئەو کارتێکەرییەش لە داهاتوودا ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت چ لە ئاستی یەکگرتویی ڕۆژهەلات و یەکریزی خەباتکارانی نەتەوەی کورد و چ لە ئاست گەیشتن بە داواکارییەکانیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا. هەر وەک هەمووشمان دەزانین یەکدەنگی و یەکریزی خەلک گەورەترین چەکە دژ بە داگیرکەرانی ولات. لە ڕوانگەی منەوە چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە بەو یەکگرتووییە، داخوازییەکانی خەڵک لە ڕۆژهەلات تەنانەت ڕوو بە حاکمیەتی ئێران ڕەنگ و ڕوویەکی دیکە بەخۆیەوە بگرێت.

لە ئاستی یەکگرتوویی نەحزابی کوردی بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی:

دەگەڵ ئەوەی لێرەدا باسی یەکگرتنەوەی دووبالی یەک حیزب و وەسەر یەک خستنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی گەورەی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

دێموکراتە، بەلام جێی خۆیەتی باسی کاریگەری ئەو یەکگرتنەوە بکەین لە سەر ئەحزابی دیکەی کوردی بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی. حیزبی دێموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی مۆدێرنی کوردی وێڕای بڕینی هەوراز و نەشیوی زۆر لە ڕەوتی خەبات دا، ئەزموونێکی زۆریشی لەو ڕێگایەدا وەدەست هێناوە. ئەم حیزبە لە هەموو قۆناخەکان دا هەستی بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی کردوە و هیچکات لە ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی خافڵ نەبووە. خەباتی بێ پسانەوە، فیداکاری و دانی هەزاران شەهید و تەنانەت لە ئاستی ڕێبەرانی هەڵکەوتە و بەتوانای خۆی دا، سەربەخۆیی سیاسی لە ئاستی بریاردان و گرینگی دان بە بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەمان، چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە نێو هەر چوار پارچەی کوردستان دا، خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەی بۆ خۆی دەستەبەر کردوە و هەر لەو ڕێگایەشەوە شوێندانەری گەورەی لە سەر هەست و سۆزی خەڵک و هەروەها ڕەوتی خەباتی نەتەوەکەمان هەبووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە بواری پێوەندییەکانی دەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیە کوردیەکان، چ بە ڕێنوێنی کردن و هاوکاری لە ئاستی ئامانجی گشتی ڕەوای گەلەکەمان هەمیشە هەولی داوە ببێتە هەوێنی ئاشتی و یەکریزی لە نێو ئەو هێزانە دا. بۆ هەر کارێکی گشتی و هەروەزی بووبێت لە ئاستی بەرژەوەندی گەلی کورد، حیزبی دێموکرات هەزینەی داوە، کاتی داناوە و ئیستاش هەر لەو روانگەوە هەول دەدات ئەکتەرێکی باش بێ و بە ڕۆلی جێکەوتوو و بە کاریگەری دریژە بە کارەکانی خۆی بدات. ناوەندی هاوکاری حیزبە سیاسەیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئیستا یەک دێموکرات و دوو کۆمەلە تێیدا ئەندامن دەتوانێ ئالو گۆری بەسەر بێت و هیوادارم بەرفراوانتر بێتەوەو تەنانەت بەرەیەکی ڕۆژهەلاتی لێ پێک بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە بێ هەبوونی لایەنی سێهەم بە ماوەی چەند سال پرۆسەی هاوکاری و دانوستاندن، توانی حیزبەکەی خۆیان دوای نیزیک بە ١٦ سال دابڕان وەسەریەک بخەنەوە ئەم پۆتانسیەلەی تێدا هەیە و ئەو ئەزموونەی وەدەست هێناوە کە لە سەر لایەنەکانی دیکەش کاریگەری هەبێت بۆ لێک نیزیکبوونەوە و یەکگرتوویی. یەک گوتاری و یەکگرتوویی ئەحزابی سیاسی کوردی هەم لە سەر خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەم وەک هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هێزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی زیاتر دەکات و ئەو کاتەیە کە کورد وەک فاکتەری ئەسڵی چاوی لێدەکرێت و دەخوێندرێتەوە .کەواتە دەتوانین بلێین یەکگرتنەوەی دێموکرات وەک دەروازەیەکی نوێ بۆ یەکگرتویی ئەحزاب و یەکریزی نەتەوەیی هەنگاویکی گرینگە و شوێندانەری ئەرێنی دەبێت لە داهاتووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دا.

**لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک لە ئاستی کوردستان بەلکو یەکێک لە کۆنترین و بە ئەزموونترین حیزبی مۆدێرنە لە ئاستی ئێراندا. ئەم حیزبە لە ماوەی مێژووی خۆیدا دەگەل ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران و کەسایەتیە ناوسراو و



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

بەرجەستەی ئێرانی لە هەموو بوارەکان دا پێوەندی باشی هەبووە، لە زۆر کۆڕو کۆمەڵ و هاوپەیمانی و ئیئتلافی ئێرانی دا قسەی یەکەمی هەبووەو ئەندامە، لە چەندین سالی رابردوو دا بەشی پێوەندییە ئێرانییەکان یەکێک لە چالاکترین بەشەکانی کاری حیزبی دێموکرات بووە لە ئاستی دەرەوەدا. ئەم یەکگرتنەوەیەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەم مانایە کە دێموکرات یەک دەنگ و یەکگرتوو بە بەراوورد دەگەڵ کاتی دووبال بوونی، بە یەک قسە و یەک گوتار دەنگێکی بە هێزتر و کاریگەرتر دەبێت لە گۆڕەپانی سیاسی و مەیدانی خەباتی سەراسەری ئێران دا لە جاران. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ هاندەرێک بێت بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە ئەوانیش زیاتر ریزەکانی خۆیان رێک بخەنەوە و جمو جۆڵێکی زیاتر لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەوێتە گەڕ. لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵەش کە یەکگرتوویی و یەکریزی ئێمە ئەگەر بۆ بەشێکیان جێگای ترس بێت ئەم دلەراوکێیەیان لێ برەوێنینەوە کە ئەوەش هەر بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەکرێت. کاتێک یەکگرتوویی و یەکریزیی چ لە نیوان ئەحزابی کوردی و چ ئەحزابی ئێرانیدا زیاتر بێت ئەوکاتە دەتوانین باس لە دروست کردنی ئالترناتیو بۆ رژیمی ئێرانیش بکەین، ئەو ئالترناتیوەی کە ئێستا لە بەرامبەر نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە و یەکێکە لەم هۆکارانەی کە دنیای دەرەوە بەو جۆرە کە دەبێ خۆی بە مەسەلەی ناوخۆیی و مافی مرۆڤ ماندوو ناکات چوونکە بە دائیم لە ئالترناتیو دەگەرێت و ئەم جۆرەی کە دەبێت بە داخەوە تا ئێستا ئەم ئالترناتیوە هەبوونی نییە.

### لە ئاستی نێودەولەتی و دیپلۆماسی:

لە دونیای دەرەوەدا کورد بە میللەتێکی ئاشتی خواز و هاوکات بوێر ناسراوە. بە خۆشیەوە دۆزی رەوای کورد و رەوایی خەباتی ئەو میللەتە لە دونیادا دەنگی داوەتەوە. بەلام شتێکی کە جێگای باسە و دەبێ هەموومان لێ ورد بینەوە ،پرش و بلاوی کورد و پرسی کورد لە دەرەوەی ولات روو بە دام و دەزگا نێودەولەتییەکانە. بە راشکاوی دەتوانم بلێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە ک تەنیا نوێنەرایەتی حیزب و بزوتنەوەی خەلکی رۆژهەلاتی لەم بارەوە لە دەورانی زێرینی دیپلۆماسی شەهیدی نەمر دکتور قاسملوو لە ئەستۆ بووە، بەلکو دەتوانم بە جورئەتەوە بلێم کە ئەوەی ئەمرۆ نەتەوەی کورد لە باری دیپلۆماسی و نێتوۆرکەوە هەیەتی دەگەرێتەوە بۆ ناساندنی کورد و رۆلی ئەم رێبەرە شەهیدەمان لە کاتی خۆیدا. کەواتە حیزبی دێموکرات ئەو رسالەت و ئەو پێگەی لە بواری دیپلۆماسیدا ئەزموون کردوە. لە ١٦ سالی رابردوودا حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی خۆی لەم بوارەدا کەمتەر خەمی نەکردووە، بەلام بە هۆی پرش و بلاوی سیکتەرەکانی دەنگی کورد چ لە ئاستی ئەحزابی سیاسی، چ وەک کۆمەل و پێکهاتەی کولتوری، فەرهەنگی و رەوەندی کوردی، هەموو ئەوانە بە هۆی زۆری و نەبوونی هاوئاهەنگی و هاودەنگی، ئەم جۆرەی کە پێویستە لە دام و دەزگای دەولەتی و نێو دەولەتیدا بە قورس و قایمی وەرنەگیراوە.، ئەم پلاتفۆرمە جێکەتوویە کە دەبێ بیهێنینە گۆڕ و داوای



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

بکەین و پشتیوانی بۆ کۆ بکەینەوە، نەهاتۆتە ئاراوە و بە گوێرەی پێویست تێیدا سەرکەوتوو نەبووین. حیزبەکانیش رەنگ بێت کاریگەرییان زیاتر لە ئاست و لەسەر حیزبە دەستە خۆشکەکان هەبێت تا ئاستی سەروتر لە نێو بەرپرسانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لانیکەم لە ئاستی بەشی دیپلۆماسی حیزب جێگای دلخۆشییە کە وزەوە توانمان وەسەر یەک خستۆتەوە، یەک دێموکرات قسە دەکات، یەک دێموکرات پرۆژە پێشکەش دەکات و کەیسە گرێدراوەکان بە یەکگرتنەوەی دێموکرات بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت رێگا چارەیان بۆ دەبینىدرێتەوە. ئەم یەکریزی و یەکدەنگیە کە سێکترە خاریجییەکان لە دێموکراتەکانیان داوا دەکرت ئیستا بە جێ گەیاندراوە. بۆیە من پێم وایە بە سازماندهی سەر لە نوێی ئەم بەشە دەسکەوتی زیاترمان لانیکەم وەک دیموکراتەکان دەبێت کە ئەمەش لە نەهایەتدا هەر دەسکەوتە بۆ پرسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

## لە ئاستی نێوخۆی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا:

حیزبێکی بە گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران تووشی دابران دەبێت و نیزیک بە ١٦ سال هەر دووک باڵی ئەو حیزبە بەجیا و بەو جۆرەی کە خۆیان بەرنامەرێژیان بۆ کردووە درێژەیان بە خەبات داوە و بە کەڵک وەرگرتن بە رەهەندەکانی جیاوازی خەبات تێکۆشانی خۆیان بۆ دەستەبەر کردنی خەباتی رەوای گەلەکەمان بردۆتە پێشی. ئەو دوو حیزبە تا کاتی یەکگرتنەوە دوو ساختار و سیستمی جیاوازیان لە کار کردن ئەزموون کردووە. بەڵام یەک خال کە لێرە نابی لە بیری بکەین ئەویش ئامانجی ستراتیژی سیاسیان بووە. ئەو دوو حیزبە هەر یەک ئامانجیان هەبووە کە واتە ئەمە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی لێک نیزیک بوونەوەی هەمیشەییان بووە کە ئەگەر لە کاری رۆژانەی ئیداری و ساختاری حیزبیدا لەو چەند ساڵەی رابردوو دا جیاوازیمان هەبوو. بەڵام لە ئامانجدا هەردووک هاورا بوون. کەواتە مادام یەک ئامانج بووین ئەوەی کە دەبوو کاری لە سەر بکەین و ئیستاش لە تێکەڵکردنەوە و ئیدغامی ئۆرگان و نەهادە حیزبییەکان دەبێ کاری لە سەر بکەین شێوەی ئیدارە کردنی ریزەکانی حیزبە. خواستی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان، داواکاری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، چاوەروانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، دلسۆزان و دۆستانی حیزبی دێموکرات بە گشتی و ئیرادەی رێبەری هەر دووک لا ئەم ئاواتەیان بە جێ گەیاند و ئێستا ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەر شانی هەمووومان ئەویش پاراستنی یەکریزی و یەکدەنگی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم ئەرکە تەنیا ئەرکی بەرێوەبەران و بەرپرسان نییە بەڵکو ئەرکی هەموو ئەندامی حیزبەکە و هەموو خەلکی رۆژهەلاتی کوردستانە کە مادام ئەم هەنگاوە پیرۆزە جێبەجێ بووە، دەبی وەک گلێنەی چاو بیپارێزین و یەکریزی و یەکگرتووی زیاتر بکەین. باسە نێوخۆیی تەشکیلاتی و گلەیی و گازندەکانی رۆژانە لە ئاستی بەرێوەبەرییدا بە وەخت وڵامیان بدرێتەوەو لە رێگای ئۆرگانییەوە بێنە بەر باس. ئەوەش تەنیا بە لە خۆبوردوویی ئەندامانی ئەم حیزبە پێکدێت کە فوکوس زیاتر لە سەر



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

ئامانجی گشتی و دەستەبەر کردنی و کار کردن بۆ ئەم ئامانجانە بێت نە خۆ ماندوو کردن بە خاڵە لاوەکی و لاوازەکان کە وزەی کارمان لێ بستێنێت. لە لایەکی دیکە یەکگرتوویی و یەک ریزی و یەک دەنگی ئێمە وەڵامی هەموو پروپاگەندەیەکی دوژمن دەبێت کە هەر دەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە ریزەکانی ئێمە دابەش بکات و ناکۆکی بخاتە نێو مالی کورد و ریزەکانی حیزبمان. ئەورۆ ئێمە دەبێ لە هەموو وەختێک زیاتر وشیار بین کە جارێکی دیکە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی نەکەوینە نێو داوی لێکترازان و دابڕان، بەلکوو بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو هەر هەموومان لاپەرەیەکی نوێ لە ژیان و کاری سیاسی خۆماندا هەڵدەینەوە و یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوای گەلەکەمان هەول بدەین و بەردەوام بین.

لە کۆتاییدا دووبارە پیرۆزبایی ئەو رۆژە و ئەم دەسکەوتە مێژووییە لە هەموو هاووڵاتیان و دلسۆزانی کورد دەکەم و بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ خەباتی رزگاریخوازنەی نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

ئۆسلۆ ٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢

---



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## بابا عەلی میهرپەروەر




**ئەوکاتە یەکگرتنەوە دەتوانێ مانای راستەقینەی هەبێ و سوودەکانی دەرکەوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرنامەیەکی نوی وگونجاو لەگەل بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بێتەوە مەیدان.**

**وەڵام**: بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لەسەرانسەری سەدەی بیستەم و دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک لەهەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراودا بەردەوام بووە. لەهەرکام لەو چوار بەشەدا مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەوراز و نشێوی تایبەت بە خۆی هەبووە. ئەوەی کە لە هەمواندا هاوشێوە بووە، دەسەڵاتداریەتی ریژیمگەلێکی دیکتاتوری و ستەمکار و ئەگەر نەڵێین هاوپەیمان لەگەل یەکتر، دەتوانین بڵێین وەک یەک سیاسەتی سەرکوتی ئەو جووڵانەوەیان پێرەو کردوە. هەرکاتێک لەهەرکام لەوپارچانەدا دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی رووی لەکزی کردوە یان لەو وڵاتانەدا بۆشایی دەسەڵات هاتوەتە پێش، بزاوی رزگاریخوازی کورد، گەشەی سەندوە و وەک ئاگری بن خۆڵەمێش جارێکی دیکە گەشاوەتەوە و بڵێسەی سەندوە. بەڵام مەخابن لەو هەموو گۆرانکاریانە کە لەو ماوە دوورودرێژەدا بە سەر وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هاتووە، تا ئێستا تەنها باشووری کوردستان بەشێوەی یاسایی بوەتە خاوەن نیمچە حکوومەتێکی کوردی کە ئەویش هەردەم هەرەشەی لەسەرە. کوردەکانی بەشی رۆژئاوای کوردستانیش بەشێوەی نافەرمی و بەکردەوە ئێستا ناوچەیەکی خۆبەرێوەبەرییان دامەزراندوە، کەئەویش لەلایەن تورکیە و هەروەها ریژیمی سووریەش هەرەشەی لە نێو بردنی لەسەرە.

بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەسەردەمی سمکۆی شکاک کە ماوەیەک بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لە ژێر



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

کونترولدا بوو و هەروەها لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش دا کەبۆخۆی خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی کوردابوو، بەداخەوە ئەویش پاش نزیک بە ساڵێک جوانەمەرگ بوو، ئیتر دەرەتانی خۆبەرێوەبەری بۆ نەڕەخساوە. بۆیە تاکوو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو بزووتنەوەیە چالاکی پچرپچر و پتر ناسەرکەوتووی هەبووە و ناچار بووە خەباتی نهێنی و ژێرزەوینی لە بارودۆخێکی دژواردا بگرێتە بەر .لەپاش شۆڕش بزووتنەوەکە بووژایەوە و حیزبەکانی چالاک لەو مەیدانەدا و لەسەرەوەی هەمووان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانیان گوڕوتینێک بەجووڵانەوەکە ببەخشن کە بەداخەوە ئیستاشی لەگەل بێ کەوتنە بەر سەرکوتی بێبەزەییانەی ریژیمی دژی مرۆڤایەتی کوماری ئیسلامی.

لەلایەک سەرکوتی رژیم و لەلایەکی دیکەش پرژوبلاوی ریکخراوەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە و پارچە پارچە بوونیان ئەوەندەی دیکەش بزووتنەوەکەی لاواز کرد. لە وەها بارودۆخێکدا ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ رێکخراوە کوردیەکان و ئەوەمان پێ دەڵێ کە رەمزی سەرکەوتن لە یەکریزی و یەکیەتیدایە. دوو بەشی لێکترازاوی حیزبی دیموکرات لە راستیدا دەکرێ بڵێین هەر لە رواڵەتدا جیاواز بوون دەنا لەستراتیژی، مێژوو، شەهیدەکان، ئامانج و پرینسیپەکاندا و .....هتد هاوبەش و دەکرێ بڵێین خاوەنی یەک رێباز بوون. هەر بۆیە ئەو خاڵە هاوبەشانە لێکی نزیک دەکردنەوە، یان لانیکەم نەیدەهێشت زۆر لەیەکتر دوور بکەونەوە. بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان هەموو کاتێک داوای یەکگرتنەوەی دووبارەی لە ڕیبەرانی ئەو دوو لایەنەی حیزب دەکرد. دەکرێ بڵێین ئەو یەکگرتنەوە دەسکەوتی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتە. هەربۆیە دەتوانی لە وەگەرکەوتنەوە و بەهیزترکردنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کاریگەریی ئەرێنی هەبێ.

لەگەڵ ئەوەی نکوولی لەکاریگەریی ئەرێنی ئەو یەکگرتنەوە ناکری، بەڵام یەکگرتنەوە سەرەتایە و هەمووشتێک نیە. ئەوکاتە یەکگرتنەوە دەتوانێ مانای راستەقینەی هەبێ و سوودەکانی دەرکەوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرنامەیەکی نوی و گونجاو لەگەل بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بێتەوە مەیدان. من بۆخۆم هیوادارم کە حیزب لەو زەمینە لەبار و کەش و هەوا ئەرێنیە کە بەهۆی یەکگرتنەوە لەنێو خەڵکی نێوخۆدا رەخساوە سوود و کەڵکی تەواو وەر بگری و گوڕ و تین بە جووڵانەوە کە ببەخشێ.



پەرتووکخانەی سەرچاوە
یەکبوون، هەوێنی خۆڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## کەماڵ کەریمی




**خەڵکی کوردستان هێز و وزەی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن، هەربۆیە پێش هەموو شتێک دەبێ بیر لە یەکڕیزی و یەکدەنگی ئەوان لە ئاستی نیشتمانیدا بکرێتەوە.**

بەرلە هەموو بابەتێک ئەوە بڵێم کە پێشخستن و بەرەو سەرکەوتن هەنگاونان پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستان هێز و وزەی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن، هەربۆیە پێش هەموو شتێک دەبێ بیر لە یەکڕیزی و یەکدەنگی ئەوان لە ئاستی نیشتمانیدا بکرێتەوە. ئەگەر بێینە سەر بابەتی پرسیارەکە دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە جیا لەوەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە و بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی سیاسی جیاواز و هەر کامیان لەوانەیە جێگەی خۆیان هەبێ، هەتا ئێستاش حیزبی دێموکرات بە زۆر هۆکار وەک پێشینەی مێژوویی، هەڵگرتنی بیری نەتەوەیی وەک ستراتێژییەکی هزری و بەرنامەیی، تێکۆشانی بەردەوام و کاریگەر لە قۆناغە جیاجیاکاندا و متمانەپێکراولە نێوان خەڵکدا، خاوەنی گەورەترین پێگەی جەماوەرییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خەڵکی کوردستان لەگەڵ تێپەڕینی زەمان زیاتر لەگەڵ بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری ئاشنا بوون و ئاستی ڕۆشنبیرییان لە تێگەیشتن لە مافەکانیان پلەیەکی باشی بڕیوە. ئەمەش هۆگری ئەو خەڵکەی بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات کە بەردەوام لەسەر ڕێچکەی خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوەیی بەردەوام بووە، زیاتر کردووە. ئەگەر تەنیا لەم گۆشەوە سەیر بکەین هەست دەکەین کە قورسایی ئەرک و بەرپرسایەتی بەرامبەر بەو متمانە و داهاتووی ئەو خەڵکە دەکەوێتە ئەستۆی حیزبی دێموکرات. هەر بۆیە یەکێک لە پێویستییەکانی پێکهێنانی یەکڕیزی خەڵک، یەکڕیزی و یەکگرتوویی ئەو حیزبەیە کە خەڵکی وڵاتەکەمان پشتییان پێبەستووە.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

بێگومان لەلایەکی دیکەوە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە کوردستان حیزب و ڕێکخراوی دیکەش هەن کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە خەبات و تێکۆشاندا بوون بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەک لە بەیاننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکراتدا هاتووە، "حیزبی دێموکرات لەمەودوا بە دەستوبالێکی ئاوەڵاترەوە بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئامانج و پرۆژە نەتەوەیی و خەباتگێڕانەکانی، یەک لەوان پێویستیی پێکهێنانی هاوخەباتی و هاوپەیمانیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان هەنگاو دەنێت"، یەکێک لە ئەرکەکانی حیزبی دێموکرات هەوڵدانی زیاترە بۆ یەکریزی خەباتکارانی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی هاوپەیمانی و هاوخەباتی لە نێوانیاندا.

کەوابوو دوای یەکگرتنەوە سێ ئەرکی گرینگ لەبەردەم ئەم حیزبەدایە.

یەکەم. پاراستنی یەکڕیزی حیزبی دێموکرات
دووهەم هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی یەکڕیزی لە نێوان حیزب و ڕێکخراو و نیشتمانپەروەرانی کوردستاندا و
سێهەم و بە پشتیوانیی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە پێکهێنانی یەکریزی نیشتمانی لە نێو هەموو تێکۆشەران و خەباتگێڕانی کورد لە پێناو گەیشتن بە ستراتێژییەکی گشتگیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جێبەجێکردنی ئەم هەوڵانە دەتوانێ کاریگەری یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربخا.

جگە لەمانەش سیاسەتی ڕوونی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە ڕوانینی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، چۆنیەتی ڕوانینی بۆ داهاتووی کوردستان لە ئەگەری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە لە چوارچێوەی دروشمی فێدرالیدا لێکدەدرێتەوە و هەروەها پێوەندییەکانی ئەم حیزبە لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان و بەشەکانی دیکەی کوردستان، چ ئێستا و چ لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا دەتوانێ کاریگەری باش و بەجێی لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد هەبێ و بە قازانجی بزووتنەوە کەڵکی لێوەرگیرێ.

بە دڵنیاییەوە خەمخۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵدان بۆ کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی خۆی دەتوانێ داهاتوویەکی ڕوونتر بۆ ئەم بزووتنەوە و گەیشتن بە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکا.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## خەج مەعزووری




**ئەو جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکگرتوانە و قایم و پشت ئەستوور بە هێزی خۆی بە نێو ماڵی خۆیدا دەچێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا خۆی توندوتۆڵتر دەکاتەوە.**

**وەڵام**: هەروەک دەزانن ماوەی نزیک بە ١٦ ساڵ ڕۆڵەکانی حیزبی دیموکڕات بە لێکدابڕاوی و هەریەک بە جیا کار و چالاکی سیاسی و دیپڵۆماسی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا بەڕێوە دەبرد، هەر دووک لا بە جیا بەردەوام لە چالاکیدا بوون. ئەو لێکدابڕانە هەرگیز لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە پەسند نەکرا و بە دائیم سکاڵا دەکرا و ڕەخنە لەو جیا بوونەوەیە دەگیرا، بەڵام بە وەسەر یەک کەوتنەوەی هێزی هەر دوو لای دێمۆکرات هەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خۆشحاڵ کرد و هەم گوڕوتینێکی دیکەی بە مەیدانی خەبات و بە خەڵک و پێشمەرگەدا و ئاشتبوونەوەیەکی دووبارەی لە نێوان جەماوەر و بزووتنەوەدا دروست کرد، بەو مانایە خەڵک و بزووتنەوە دووانەی لێک دانەبڕاون و بەرانبەر بە یەک مووتەعەهید و بەرپرسیارن.

کار تێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەو هەلومەرجە ناسکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و فەزای شڵەقاو و نوقم بوو لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا زۆر بە هێز دەبینم، بە بڕوای من ئەو یەکگرتنەوەیە دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنەوەی فەسڵێکی تازە لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی حیزبی دێمۆکراتی کۆردستانی ئێران لە دژی نەیاران و کورد نەویستان و هەروەها ئەوانەی کورد بە نەتەوە ناناسن و ئێستاش کورد بە زیاتر لە ١٠ میلیون حەشیمەت بە زمان و فەرهەنگ و کەلتووری تایبەت بە خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قەومی ناو دەبەن و بە تایبەت لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە تا ئێستا لە ماف و داوا ڕەوا و ئینسانیەکانی ئەو گەلە نە تەنیا چاوپۆشی کردوە، بەڵکو بە توندوتیژی و تێرۆر و شەڕ وەڵامی ویستەکانی داوەتەوە. ئەو جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکگرتوانە و قایم و پشت ئەستوور بە هێزی خۆی بە نێو ماڵی خۆیدا دەچێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا خۆی توندوتۆڵتر دەکاتەوە، لەمە بە دوا حیزبی دێمۆکرات بە بوونی هەزاران کادر و پێشمەرگەی مووجەڕەب و بە ئەزموون، دەبێتە هێزێکی بە هێز و لە مەوزەعی قودرەتی وەحدەتی تەشکیلاتی و سیاسی تەنانەت نیزامیش قسەی یەکەم دەکا و وشیارانە و ئاگاهانە لە بەرامبەر کۆسپ و پارازیتەکانی بەردەم بزووتنەوە و بزاڤی ڕزگاریخوازی دا ڕادەوەستێ و دەبێتە پاڵپشت بۆ پاراستن و بەهێز کردنی پرەنسیبە لە مێژینە و پڕ بایەخەکانی ئەم حیزبە. حیزبی یەکگرتوو دەبێتە هێزێکی پڕ ئینرژی و پتانسیێڵێکی قەوی لە مەیدانی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێو دەولەتییەکان و پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکان دا.

هەروەها ئەم یەکگرتنەوە پیرۆزە، ئەگەر دەبێتە چقڵی چاوی نەیاران، دەبێتە هۆی ڕوو لە گەشەساندنی بزاڤی شوناسیخوازی و ئازادیخوازی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بە بڕوای من بە یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان، بایەخ و ئێعتبار و پێ و شوێنی حیزبی دێمۆکرات لە نێو خۆ و لە ڕادەی نێونەتەوەییدا زۆر زیاتر لە جاران بەرز دەبێتەوە.

---



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر




**ئەگەر یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرجەم ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد (خیانەت) بوو بێت، ئەوا یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد (پەرتەوازیی) ڕیزەکانی بووە.**

**وەڵام: هەڵەیەک لە ڕابردووو، هەنگاوێک بەرەو سەرکەوتن**

ئەگەر یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرجەم ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد (خیانەت) بوو بێت، ئەوا یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد (پەرتەوازیی) ڕیزەکانی بووە. ئەوەش هەر لە پەرتەوازەیی نێو خودی کۆمەڵگای کوردی و دابەشبوونی بۆ چەند بەش و ناوچەیەک، تا بە پەرتەوازەیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەگات. ئەو واقیعەش وای لە نەیارانی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی کردووە، ئەو هەلە بقۆزنەوەو بۆ خزمەتی خۆیان و لێدانی هەر هەوڵێکی ڕزگاریخوازی کوردی بەکاری بهێنن.

لەم سۆنگەوە (خۆرهەڵاتی کوردستان) وەک یەکێک لە پارچە دابەشکراوەکانی خاکی کوردستان و بەشێکی نەتەوەی کورد، بۆ سەدەیەکە بیرۆکەی کۆمەڵ و حیزبی سیاسی تێدا چەکەرەی کردووە و کۆمەڵانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە. یەکێک لەو پارتە سیاسیانەشی لە ڕووداوێکی کەم وێنەی مێژووییدا لە (٢٥ی گەلاوێژی ٢٦٤٥ کوردی) لەدایکبووە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)ە. ئەو یەکەمین پارتی سیاسی کوردی بوو لە تەواوی مێژوویی نەتەوەکەیدا، دوای کەمتر لە ساڵێک بگاتە دەسەڵات و ڕابەرایەتی یەکەمین قەواری کوردی بکات، کە (کۆماری کوردستان)



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

بوو لە شاری (مەهاباد)ی پایتەخت، بەڵام وەک چۆن تەمەنی ئەو کۆمارە کەمتر لە ساڵێک بوو، ئاوەهاش تەمەنی یەکگرتوویی و یەکڕیزی ئەو حیزبەش لە مێژوویی (٧٦) ساڵی تەمەنیدا، کەم و چەندین هەوراز و نشێوی و دووبەرەکی و دابەشبوونی بەخۆوە بینی. لەو ڕووداوەشدا ئەوەی تێدا قازانجی کرد، نەیارانی کورد و ئەو حیزبە و ئەوەشی زیانی کرد خودی خۆی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بوو، بۆیە کاتێک دوای (٧٦) ساڵ تەمەنی، هەواڵی یەکگرتنەوەی هەردوو (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)و (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە میدیا و هەواڵە ناوخۆیی جیهانییەکان بڵاوکرایەوە، مژدەیەکی خۆش بوو، بۆ تەواوی هەوادار و لایەنگر و ئەندام و کادیر و بەرپرسانی هەردوو لایەنی ناکۆک و تەنانەت تێکڕایی کورد و هەموو ئەو دڵسۆز و مرۆڤدۆستانەی، هیوایان بە یەکگرتووی کورد و یەکپارچەیی خاکەکەیی و سەرکەوتنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی هەبوو. بەو هیوایەین ئەم یەکگرتنەوەیە بەردەوام بێت و سەرجەم بەرپرس و کادیرانی ئەو حیزبە سوودیان لە هەڵە و کەموکووڕی و شکستە جەرگبڕەکانی ڕابردوو وەرگرتبێت و بۆ ئەبەد نەهێڵن جارێکی دی ئەو دووبەرەکییە باڵی ڕەشی بەسەر دوولەتبوونی ئەو پارتەدا بکێشێت. ئەمەو کارێک بکەن، بۆ لەمەو دوا هیچ بەرپرس و کادیر و ئەندامێکیان بوێری ئەوە نەکەن یادگارییەکەی (پێشەوا قازی موحەممەد)، کە بۆ شکۆمەندی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەورەیی نەتەوەکەی، تا پەتی سێدارچوو وە چووە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستان، دووچاری پەرتەوازیی بکەن. تەنانەت ئەگەر لە داهاتوویکی نزیک و دووریشدا، هەر یەک لەوان، بوێری ئەو دابەشبوونەوەی کرد، وەک خیانەتکاری نەتەوەیی و نیشتمانی لێ بڕوانرێت و بە سزای کورد و کوردستانی بگەیەنرێت. ئەمەو مۆرکی شۆڕشگێری لە هەموو ئەوانە بسەنرێتەوە، کە ئەو پارتە سیاسییە و یادگاری یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان، دووچاری پەرتەوازەیی و شکست دەکات. ئەوەش خەمێکە هەموو دڵسۆزانی کورد و کوردستان هیوایان لەسەر هەڵچنیووەو بەهیوای چەند بارە نەبوونەوەی.

* پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر پسپۆڕی مێژووی کورد و مێژوویی ئایینەکان لە زانستگای سولەیمانی



یەکبوون، هەوێنی خۆڵقاندنی شکۆیە

## مستەفا شڵماشی




**یەکیەتی نێومالی دێموکرات پارمەتیدەر دەبێ بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی نێومالی حیزبەکانی دیکەش ولە کۆتایی دا پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.**

**وەڵام**: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە میژووی ڕزگاریخوازیی کوردستان دا بە شێوەیەکی گشتی ولە مێژووی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە شێوەیەکی تایبەتی، یەکەمین حیزب بووە و دەکرێ وەک کۆڵەکەی خەباتی حیزبایەتی لەو بەشەی کوردستان دا چاو لێ بکرێ. زووربەی هەرە زۆری هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بەرهەمی خەباتی ئەو حیزبەن. بۆ یەکەمجار دامەزرانی کۆمارێک لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دا بووە. پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی تری ئەو حیزبەیە. هەروەها ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی گەلی کورد بەرهەمی بیر وهزری ئەو حیزبەن.

جگە لەمانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشینەیەکی جوانی لە خەبات و بەرخۆدان و وەفاداری بە مەسەلە نەتەوەییەکە دا هەیە. حیزبێکە زۆرترین ڕاددەی شەهیدی لە ڕێبەری حیزبەکەدا لە چاو هەموو حیزبە کوردستانیەکانی دیکە وتەنانەت لەچاو حیزبە ناوچەیی جیهانیەکانی دیکە دا هەیە ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی کادر وپێشمەرگەی لە خەبات وتێکۆشان دا داوە ودەکرێ بڵێین لە ڕیزی یەکەمی ئەو حیزبانە دایە کە فیداکاری زۆری لە خۆی نیشان داوە.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

حیزبی دێموکڕات لە قۆناغی جۆراوجۆری خەبات دا چەندین جار هەوراز ونشێوی بەخۆیەوە دیوە. شکست و سەرکەوتنی تاقی کردوەتەوە. کاتێک کۆمارە ساواکەی تووشی شکان هاتووە، پێشەوا مەزنەکەی لە سێدارە دراوەو بە زاهیر تا سنووری لە ناوچوون ڕۆیشتووە، دیسان سەری هەڵداوەتەوەو بەجۆرێک بووژاوەتەوە کە توانیویەتی جووڵانەوەی بەرینی جووتیارانی ساڵی ۱۳۳۲ بەڕێوەبەرێ. دوای هێرشی بەرینی ساواک و گیران وئاوارە بوونی کادرەکانی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە، دیسان سەری هەڵداوەتەوەو توانیویەتی جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ وەڕێ خا و گۆمی مەنگی ڕژیمی پاشایەتی کە بە ژاندارمی خلیج ناوی دەرکردبو بشڵەقێنێ.

لە شۆڕشی گەلانی ئێران دا حیزبی دێموکڕات توانی ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ و هەوڵێکی بێووچان بدا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ووت و وێژ و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەر بکرێ. هەر لەو کاتەدا وەختێک وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد بە سەرکوت درایەوە، حیزبی دێموکڕات بەرگریەکی جانانەی لە نەتەوە و نیشتمان کرد. حیزبی دێموکڕات ڕێبەرانی کاریزما و لێهاتووی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی لێ شەهید کراوە.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان مێژوویەکی خاوێن وجێگای شانازی یە. هەرچەند لە نێوخۆی دا زۆر پەرتەوازەیی ودابڕان و دووبەرەکی بەخۆیەوە دیوە، هەرگیز و لە هیچ قۆناغێک دا نەچوەتە ڕیزی ئەوبەری خەباتەوەو هیچ کات و بەرامبەری هیچ بەشێکی کوردستان نەوەستاوەتەوەو بگرە لە قۆناغی جۆراو جۆردا خزمەتی بە هەموو بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد کردووە.

هەمووی ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە حیزب بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆشەویست بێ و هیوا و هومیدی پێ ببەستن. خەڵک حیزبی دێموکرات بە کوڵەکەی جووڵانەوە لەڕۆژهەڵاتی کلوردستان دەزانن ویەکیەتی نیو ڕیزەکانی ئەو حیزبە وەک پێداویستییەک بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاو لێ دەکەن. بۆیە بە یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکڕات و گەڕانەوەی شکۆ بۆ حیزبی دێموکڕات خۆشحاڵ و هیوادار دەبن بە سەرکەوتن وگومان لەوە دا نییە کە ئامادەیی زۆرتریان دەبێ بۆ هاتنە مەیدان لە ئەگەری پێشهاتنی هەر دەرفەتێک دا.

جگە لەوەش یەکیەتی نێوماڵی دێموکڕات یارمەتیدەر دەبێ بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی نێوماڵی حیزبەکانی دیکەش ولە کۆتایی دا پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## میرۆ عەلیار




**بۆ ئەوەی تێکەڵبوونەوە بکەین بە یەکگرتنەوە و یەکگرتنەوە بکەین بە هێزی حیزبی دێموکرات و بە هێزی حیزبی دێموکرات بکەین بە هەوێنی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی ئەرێنی و پێویست لە جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا.**

**وەڵام**: بەبڕوای من، وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بەسەر دوو قۆناخ دا دابەش بکرێ:

**قۆناخی یەکەم**، قۆناخی خۆشی و شایی و بووژانەوەی هیوا بە خەبات، دوای ڕاگەیاندنی دوایبهاتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە. ئەندامان و لایەنگران و ئەو بەشە لە خەڵک کە بە گەشەسەندنی خەباتی نەتەوەیی دەگەشێنەوە، یەکگرتنەوەیان زۆر پێخۆشە و ورە و هیوایان بە داهاتوو چۆتە سەرێ.

**قۆناخی دووەم بەڵام**، قۆناخی کردەوە و هەنگاوی عەمەلییە. کۆمەڵانی خەڵک چاوەڕێن بزانن لە قسەی جوان و دروشمی خەباتگێڕانە بەولاوە، یەکگرتنەوە بەکردەوە چ شتێک دەگۆڕێ؟ خەڵک دەبێ بەکردەوە ئاڵووگۆڕ ببینین و هەست بە جیاوازیی و گۆڕان لەگەڵ دوێنێ بکەن. ئەوکاتەیە کە دڵخۆشی و هیوا و هەڵپەڕکێ نابڕێتەوە و دەبێتە هێزی "بالفعل" و کاریگەری جووڵانەوە. حیزبی یەکگرتوو، ئەرکی زۆر و قورسی دەکەیتە سەر شانی و چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بردۆتە سەرێ. چەند تێبینی لەو پێوەندییەدا: هەم لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە دا و هەم دوای ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە، بەرپرسانی حیزبی هەر یەکەی بە تێڕوانینی خۆی، لە پێوەوندی لەگەل شێوەی بەڕێوەبەریی و مودیرییەتی حیزبی داهاتوو باسیان لە "وەرزێکی نوێ" و "لاپەڕەیەکی نوێ" کردوە. تایبەتمەندی و "موئلفە"کانی ئەو لاپەڕە نوێیە چن و هەروەها،





سەرچاوە Serchawe

حیزبی یەکگرتووی چۆن ئەو وەرزە نوێیە دەست پێدەکا و بە چ میکانیزمگەلێک حیزبەکە بەڕیوەدەچێ و مودیرییەت دەکرێ، جارێ ڕوون نیە. (دیارە ئەوە ڕەنگە لەسەر تلویزیون باس نەکرێ، بەڵام ئایا بیری لێ کراوەتەوە؟). چ لە ڕابردوو فێربووین و چ پلانێکمان بۆ بەکولتورکردنی دیالۆگی نێوخۆ هەیە کە سبەی ڕۆژێ ئەگەر لەسەر پرسێکی سیاسی یان مودیرییەتی حیزب جیاواز بیرمان کردەوە، ئەو جیاوازییە نەبێت بە کێشە و لێکدابڕان. لەنێو خۆمان دا کولتوورێک جێگیر بکەین کە جیاوازی بیروبۆچوون وەک دیاردەیەکی ئاسایی بسەلمێنێ نەک وەک کێشە و قەیران. خۆماندووکردن بەو پرسە یەکلاکەرەوەیە پێشمەرجە بۆ ئەوەی تێکەڵبوونەوە بکەین بە یەکگرتنەوە و یەکگرتنەوە بکەین بە هێزی حیزبی دێموکرات و بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات بکەین بە هەوێنی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی و پێویست لە جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا. لە دنیای ئەورۆ دا "میدیا" گرنگیی یەکلاکەرەوەی هەیە. چ بەرنامەیەک بۆ ئەو مەبەستە هەیە؟ سیاسەتی حیزب بەرانبەر بە دیاسپۆرای کورد لە دەرەوە چۆن دەبێ و چەندەی خۆ پێوەماندوو دەکەین؟ کۆمەڵگای ئەورۆی کوردستان ئەوەندە لەگەڵ کۆمەڵگای سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ جیاوازە کە نەدیتن و لەبەرچاونەگرتنی، دەتوانێ حیزبی سیاسی تووشی لێکدانەوە و بڕیاری هەڵەی کارەساتبار و قەرەبوونەکراوە بکات. کۆمەڵگای ئەورۆی کوردستان بە مانای تەواوی وشە فرەچەشن و پلووراڵە، حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دامەزراون، ڕەوتی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە و خەڵکی ئێمە بەسەر حیزبەکان و ڕیکخراوەکان دا دابەش بووە. جا با لێرەدا بەشی زیاتر وەبەر حیزبێکی تایبەتی بکەوێ، بەڵام شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕی. لەوەڕا ئەو نەتیجە مەنتقیە دەگرین کە یەکگرتوویی و یەکگوتاریی خەڵکی کوردستان گرێ دراوە بە تەفاهوم، یەکگرتوویی و یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکان. دابینبوونی یەکگرتوویی و یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکان پێشمەرجە بۆ وەدیهاتنی یەکگرتوویی و یەکگوتاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. چ پلانێکمان بۆ ئەوە هەیە؟ پاشان، ئەورۆ کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، بۆخۆی هێزە، فاکتۆرە و جەمسەرە (قطب). بەرنامەی حیزبی یەکگرتوو بۆ هەڵسووکەوت و تەعامول لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا پلووراڵ و مەدەنییە چییە؟ دەبێ کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک جێگیر و سەقامگیر بێ کە حیزبەکان بەهێزبوونی خۆیان لە لاوازبوونی یەکتر دا بەدی نەکەن، بەپێچەوانە، لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی بێبەش دا، بەهێزبوونی هەرکام لە لایەنەکان، بەهێزبوونی ئەوی دیکە و لاوازبونی هەرکامیان، لاوازیی جووڵانەوەیە. دەبێ حیزب بەرنامەیەکی وەها پێشکەوتوو و واقعبینانە دابڕێژێ کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەن و ڕەوتەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵات، یەکگرتنەوە بە سەرکەوتنی خۆیان بزانن. ئێمەش مەسەلەن دەبێ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان بە دەرفەت و سەرکەوتن بۆ جووڵانەوە بزانین. یارمەتیدەر بین کە کۆمەڵکان هەوڵ و هەنگاوەکانیان بۆ یەکگرتنەوە خێراتر بکەن و بەیەکەوە و لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەبیری یەکخستنی نێومالّی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات و دابینکردنی گوتارێکی هاوبەش دا بین .بە باوەڕی من، خەباتی نەتەوەیی گەلی بندەست پێویستیی بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانەیە کە بە هەر بیروباوەڕ و بەرنامەیەکەوە، بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد خەبات دەکەن.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخواز ئەوکاتە بەهێز و بەئیعتبارە و شانسی سەرکەوتنی هەیە کە بۆخۆی و لە نێوخۆی دا دێموکراتیک و ئازادیخواز بێ، دەنا سەرناکەوێ و سەریش کەوێ، ماف و ئازادیی بۆ گەل پێ دابین ناکرێ. حیزبەکانی نیو جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد دەبێ هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بۆ یەکتر بسەلمێنن و دابینی بکەن کە بە لێدوان و بەرنامەی سیاسی خەباتیان بۆ دەکەن و چاوەڕوانن ڕێژیمی حاکم بۆیان بسەلمێنێ. دانانی بەرنامە و داڕشتنی ستراتێژیی خەباتی لەوەودوا (کە هیوادارم هەبێ)، وەک یەکگرتنەوە بە خاوەخاو و ساوەساو بەڕێوەنەچێ، دەرفەتەکە لەکیس دەچێ و خەڵک و بەدەنە ماندوو و بێتەفاوەت دەبن. دەرفەت دەبێ گەرماوگەرم بیقۆزییەوە چون دووپات نابێتەوە. یەکگرتنەوە هەنگاوێکی پێویست و بوێرانە بوو و و بەستێنی بۆ گەشەپێدان بە خەبات خۆش کردووە، بەڵام یەکلاکەرەوە ئەوەیە بزانین چۆن کەڵک لەو یەکگرتنەوەیە وەردەگرین، سەرخستنی یەکگرتنەوە ئەرکی هەموومانە.

بە کورتی، سەرکەوتن لەو ئەرکانەی کە دەبێ لە دەرەوەی حیزب جێبەجێ بکرێن، گرێ دەدەم بە سەرکەوتن لە ئەرکەکانی پێوەندیدار بە نێوخۆی حیزبەوە. سەرکەوتن لە ئەرک و ئامانجی تێکەڵبوونە بە یەکگرتنەوە و دابینکردنی تەبایی و ئینسجامی سیاسیی دێموکراتیک لە نێوخۆی حیزب دا، بەستێن خۆش دەکا بۆ کارتێکەریی ئەرێنی و شوێندانەری یەکگرتنەوە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات. من گەشبینم بە داهاتوو.

**لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەوڵ و ماندووبوونی کاک ڕەحمان نەقشی تێکۆشەر میرۆ عەلیار**

---



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## سەعید بەگزادە




**یەکگرتنەوە دەرفەتێکە، ئەم دەرفەتەش دایمی و هەمیشەیی نییە. نابێ تەنیا دڵمان بەوە خۆش بکەین کە یەکمان گرتۆتەوە. ئەم یەکگرتوییە دەبێ کۆمەڵێک بەرنامەی نوێ،و زەرفیەتسازی زۆر زیاتر دەحیزبدا، و هەروەها ڕاکێشانی سرنجی نوخبەگانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی بۆ نێو حیزب دەگەڵ خۆی بێنێ**

**وەڵام**: با وڵامەکەم بە پرسیاری بەڕێزتان، بە پیرۆزباییەکی زۆر گەرم بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەهەموو خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی دێمۆکرات دەست پێ بکەم و، ئومێد بخوازم ئەم یەکگرتنە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆی هێز و لایەنەکانی دیکەی کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت، هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێ و، ببێتە هەوێنی یەکگرتویی زیاتر و بەهێزتر بوونی سەنگەری ڕزگاری خوازیمان.

بۆ ئەوەی باشتر گرینگی ئەم ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەیە دەرک بکەین، هەرچەند کورتیش بێ باشترە مەجالێک بەخۆمان بدەین و ئاوڕێکی سەرپێیی لە خاڵێکی نەرێنی بزوتنەوەکانی ڕابردوو بدەینەوە.

بێ گومان هەڵسەنگاندن و شەن و کەو کردنی خەباتی ڕابردوومان، کاری زۆر و، لێکۆلینەوە و دەرفەتی باشی دەوێ.ئەوەش بۆ ئەم تاقە پرسیارەی هاتۆتە ئاراوە، نەدەگونجێ باسەکە ئەوەندە درێژ بکرێتەوە، نە بەکات و دەرفەتێکی ئاوا کەم، ئەم کارە گرینگە بەرهەمێکی باش دەداتە دەست خوێنەر.بێگۆمان هۆی سەرنەکەوتنی خەباتمان، یان بەدەست نەهێنانی





سەرچاوە
Serchawe

رزگاری کورد، بۆ زۆر فاکتۆری نێوخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە. لە روانگەی منەوە یەک لە خاڵە بەهێزەکانی شکستەکانی ئێمە، بۆخۆمان ودەرکی نادروستمان لەدەرفەتەکان، هەڵنەسەنگاندنی دروستی بەرژەوەندیەکان و، لە وانەش گرینگتر پڕش و بڵاوی هێزی خۆمان بووە. کێشە و گرفتی هەرە سەرەکی شۆرش و بزوتنەوەکان دووبەرەکی، بڵاو بوونی هێز، یەکتر تەحەموول و قبوول نەکردن و شەری نێوخۆیی بووە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەمان بەلاوە دروست بێ کە پڕش و بڵاویمان یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی بە ئامانج نەگەیشتووی خەباتی ئێمەیە، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ بە هەموو توانامانەوە هەوڵ بدەین خۆمان زیاتر لە رابردوو کۆ بکەینەوە و، ئەوەندەی دەکرێ و گونجاوە بیر و راکامان لێکنزیکتر و یەکێتی و برایەتی و یەکگرتوویمان بەهێزتربکەین. بەرژەوەندیە کورت و کەسیەکانمان بۆ بەرژەوەندی حیزب بەجێ بێڵین و تەنانەت لەهەر جێگایەک پێویست بوو، بەرژەوەندی حیزبیشمان بکەینە قوربانی بۆ قازانجی نەتەوەکەمان و رزگاریمان.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی جێگای سرنج بە پێویست دەزانم. کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵێک خەڵکیان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبەری حیزب لەهەردووک لا هەڵبژارد.بە پێی پێرەوی هەردووک لایەن، ئەم کۆمەڵە خەلکە ئەرکی سیاسی و ئیجرایی گرینگی حیزبیان لەسەر شانە هەتا کۆنگرەی داهاتوو. پاش تەوافوقی هەردووک لایەن لەسەر خاڵە سەرەکیەکانی یەکگرتنەوەی دوو حیزب، ئەم کۆمەڵە خەڵکەی رێبەری هەردووک لایەن بۆ بەرژەوەندی حیزب و بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی تێکەڵ بوونی دوو لایەنی حیزب، گشتیان تەواوی دەسەڵاتی سیاسی و ئیجرایی خۆیان تەفویزی ئەم ١٢ کەسەی ناوەندی گشتی رێبەری کاتی حیزب کرد. ئەمە خۆی لەراستیدا حەرەکەتێکی زۆر گرینگ و پیرۆز بوو، کە دەکرێ بۆ داهاتوو، بۆ حەللی کێشەی بەینی رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان کەڵکی لێوەربگیرێ. واتا ئەگەر کورسی بوو بە باعیسی لەت بوونمان، با بەجێهێشتنی کورسیەکان ببێتە هەوێنی برایەتیمان.چ لەوە خۆشتر!

ئەگەر ئەم کورتە بووچوونەوەی باسم کرد بکرێتەوە بنەما بۆ وڵامی پرسیارەکەتان، ئەوکات دەتوانم بەم جۆرە وڵامی خۆمتان دەگەڵ بەش بکەم.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە، هەتا هەنوکەش، نوێنەرایەتی داخوازیە نەتەوایەتیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی دەکا. دەگەڵ ئەوەی بەداخەوە ئەم حیزبە دەژیانی خۆیدا چەند ئینشعاب و لێکدابرانی بە خۆیەوە دیوە، جێگای سرنج و خۆشحالییە کە قەت ئەم رەساڵەتەی لەسەر شان نەکەوتووە. دیارە لەت بوونەکان بەتەواوی



یەکبوون، هەوێنی خۆڵقاندنی شکۆیە

سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگای کوردستانی دە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتدا دە نێو بەش و لایەنەکانی دێمۆکراتدا، دابەش کردووە. تا ڕادەیەکیش بەشێک لە تواناکانی خستۆتە پەراوێز و جۆرێک پاسیوبوون و کشانەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی وەک دیاردەیەکی خەراپ دەگەڵ خۆی هێناوە. لەت بوونی پاش کۆنگرەی ١٣ی دێمۆکرات کاریگەری هەم لەسەر وزەی حیزب و هەم لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو دابڕان و ئینشعابەکانی پێشووتری حیزب، زیاتر بوو. ئەگەر بمانهەوێ لەسەر لایەنە مەنفی و خەراپەکانی لەت بوون بدوێن هەم کاتی زۆری دەوێ و هەم دەتاقەتی ئەم وڵامە دا نییە. مەبەستی پرسیارەکەش زیاتر گرینگی و کار تێکەری یەکگرتنەکەیە، بۆیە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی بۆ ئەم دەرفەتە بگونجێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم و هاوکات چەند تێبینیش دەگەڵ خوێنەرانی بەرێز بەش بکەم.

یەکگرتنەوەی دێمۆکرات، هێز و وره و دڵگەرمی و توانای زۆر زیاتر بە چالاکوانانی نێوخۆیی وڵات ،بنکەکانی حیزب و سازمانی حیزب لە دەرەوەی وڵات دەدا. ئەگەر دوێنێ بەشێک لە وزە و تواناکان سەرفی ڕەقابەت دەگەڵ یەکتر دەکران، ئێستا هەموو تواناکان بەیەکەوە و دەیەک سەنگەردا لە بەرانبەر تەنیا ڕەقیب و نەیارێک کە هەیانە و ئەویش کۆماری ئیسلامییە، هەموویان بە یەکەوە بەدژی ئەو دەسەنگەرێکدا بەیەکەوە خەبات وم بەربەرەکانی دەکەن. ئەگەر دوێنێ، کۆمەڵێک خۆیان بۆساخ نەدەبۆوە کە لایەنی کام دێمۆکرات بگرن و دەگەڵ کامیان بکەون، ئێستا تەنیا یەک دێمۆکرات هەیە و ئەو دڵەراوکێیە کۆتایی هاتووە. ئەم یەکگرتنەوە دەتوانێ مەیدانێکی زۆر فراوانتر بۆ چالاکانی نێوخۆی وڵات بکاتەوە. لەدەرەوەی وڵاتیش بێ خێر نابێ ودەکرێ کەڵک و بەرهەمی زۆر باشی لێ بەدەست بێ. وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی کە پێیان خۆشە پەیوەندیان دەگەڵ کورد هەبێ، یان بە جۆرێک لایەنگری لە بزافی ڕزگاری خوازی کورد دەکەن، پێیان خۆشە دەگەڵ حیزبێکی بەهێز دە پەیوەندیدا ببن، هەتا چەند حیزب و لایەنی دژ بەیەکی کز. ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ لەم کۆڕ و کۆمەڵ و جێگایەنەش زۆر زیاتر، بەهێزتر ، بە قسەی یەکلایی کەرەوە پەیوەندیەکان بەهێزتر بکا و، لە عۆدەی چاوەڕوانیەکان بێتەدەر. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەتا ئەم چرکەساتەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵدا دەبینێ. بەدەر لەم بۆچوونەش ئەگەر بشخوازێ تەنانەت دروشمەکانیشی بگۆڕێ و بەرەو دروشمی قایمتر بڕوا، ناچارە دەگەڵ هێزە سیاسیەکانی غەیرە کورد لە ئێراندا، چ بۆ داهاتوی ئێران، یان چ لەسەر داخوازیەکانی کورد، جا چ بە شێوەی فیدراڵی بێ یان تەنانەت سەربەخۆیش، بکەوێتە دیالۆگەوە و، دەگەل هێزە سیاسیەکانی غەیرە کورد، دەگفت و گۆ و دانوستان دابێ. دەوحالەتانەشدا بێ گومان حیزبێکی جیددی و بەهێز بە دەنگێکی قایمتر، دەتوانێ کاریگەری و شوێندانەری زۆر زیاتر و گرینگتری هەبێ. خۆ ئەگەر ڕۆژێک بشمان هەوێ، یان دەرفەتێکی گونجاو بخوڵقێ بتوانین لەسەر داخوازیەکانمان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بکەوینە راوێژ و موزاکەرە، بێ گومان قسەی یەکلاکەرەوە حیزبێکی بەهێز دەیکا، هەتا چەند حیزبی پارچە پارچەی دەگەل یەکتر ناکۆک و کەم تاقەت.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

دەگەڵ ئەوی کە من بڕوام بە پلۆرالیزم هەیە و پێم باشە هەموو حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە تەفاهوم و حاوانەوەیەکی سالم و گونجاویان دەگەڵ یەکتر هەبێ، بەڵام نایشارمەوە، پێم باش نییە هێز و توانا و وزەی ئەم میللەتە لە ڕۆژهەڵات ئەوەندە بڵاو بێ کە کەس خەتی کەس نەخوێنێتەوە. بۆیە چ بۆ تەوافوق دەگەڵ یەکتر، چ بۆ خەبات بە دژی نەیاری کورد، یەک دوو حیزبی بەهێزم زۆر پێ لەچەندین حیزبی لێک دوور و کەم تاقەت پێ باشترە. بۆیە ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ لەم بوارەشدا خێری بۆ دوارۆژ و بۆ ساخکردنەوەی داخوازیەکان و تەواوفوق دەگەڵ هەموو لایەنەکان زۆر باشتر بێ لە رابردوو.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکرات و رزگار بوونی لە دوو پارچەیی، کارێکی فرە گرینگ و گەلێکیش پڕ زەحمەت بوو. لە هەمانکاتدا دڵ خۆشی و شادی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ، کە یەکگرتنەوە دەرفەتێکە، ئەم دەرفەتەش دایمی و هەمیشەیی نییە. نابێ تەنیا دڵمان بەوە خۆش بکەین کە یەکمان گرتۆتەوە. ئەم یەکگرتوویە دەبێ کۆمەڵێک بەرنامەی نوێ،و زەرفیەتسازی زۆر زیاتر دەحیزبدا، و هەروەها راکێشانی سرنجی نوخبەگانی کورد لە رۆژهەڵاتی بۆ نێو حیزب دەگەڵ خۆی بێنێ و، دەرفەت و مەجالی زۆر زیاتر بخوڵقێنێ. رێبەری حیزب لەسەریەتی بۆ ئەم دەرفەتە، زۆر زیاتر لەجاران،و دڵ ئاوالاتر لە پێشوو، بە خۆماندوو کردن بەکار و پرۆژەی گونجاو، حیزبی دێمۆکرات بکاتە بەستەر و زەرفێکی ئەوەندە جەززاب و کارا، کە تێکۆشەرانی کورد لە رۆژهەڵات، زۆر زیاتر لە جاران خۆیانی تێدا ببیننەوە. رابردوو و مێژووی حیزبی دێمۆکرات پڕ لە سەرفەرازی و شانازییە. بۆ بەردەوامی خەبات و رزگاری نەتەوەکەی خوێنی زۆری داوە. کەڵە پیاوی زۆر گەورەی کردۆتە قوربانی بارەگای رزگاری نەتەوەکەی. بۆیە حەقی خۆیەتی هەمیشە شانازی بە رابردووی پڕ لەسەرەوەی خۆی بکا و، پێی بنازێ. دەگەڵ ئەوەش کاتی ئەوە هاتووە کە هەوڵ بدەین کەمتر لەسەر سفرەی رابردوو خۆمان تێر بکەین. رابردوومان بۆ شانازی پێ کردن، بۆ دەرس لێوەرگرتن فرە گرینگە، بەڵام ناتوانێ ببێتە نان و ئاو بۆ داهاتوومان. راستە دێمۆکرات حیزبێکی خۆشەویستە،بەڵام ئەگەر پێمان وابێ وەک سالانی پێشوو و سەروبەندی شۆرشی ئێران خۆشەویستی و رابردووی حیزبی دێمۆکرات کافییە بۆ کۆبوونەوەی سەدان هەزار کەس بەدەوری دێمۆکراتەوە، بێگومان هەڵە دەکەین. شک دەوەدا نییە خۆشەویستی، رابردووی حیزب، فیداکاری رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، سەرمایەی چاکە و هەمیشەش دەمێنێ. بەڵام ئەوەی دەنگی خەڵک وەردەگرێ، ئەوەی کۆمەڵانی تێکۆشەری وشیاری کورد بۆ نێو سەفەکانی حیزب رادەکێشی، رابردوو نییە، بەڵکوو زەرفیەتی گونجاو، کراویی حیزبی، بەرنامەی باشتر و بەشداری دانی زیاتری خەڵکە دە سیاسەت گوزاری و سەرنویشتی سیاسی و حیزبی، ئەم رێکخراوەیە. هەر بۆیەش وەک باسم کرد، رێبەری حیزب لەسەریەتی ئەم دەرفەتە بەدەنەزەر گرتنی پرینسیپەکانی خۆی بەڵام بەو روانگەیە کە حیزبی دێمۆکرات کەرەسەی وەدەست هێنانی مافەنەتەوەیەکانی کوردە لەرۆژهەڵات و هەموو تاکێکی کوردی پابەند بە رێوشوێنەکانی بۆی هەیە خەباتی تێدا بکا و بە پێی توانایەکانی خۆشی



پەڕتووکخانەی سەرچاوە Serchawe

دەبێ جێگای هەبێ،و خۆی تێدا ببینێتەوە، پێک بێنێ.

بەدەر لەم ئاماژانە نابێ ئەو خاڵە گرینگە لەبەر چاو ون بکەین، یان خۆمانی لێ بدزینەوە کە حیزبی ئێمە هەتا ئێستا چەندین جار توشی لێک دابڕان هاتووە. ڕاستە زۆربەی ئینشعابەکان پاش ماوەیەک بە دەرکی هەردووک لای حیزب بەو ڕاستیە، کە ناتوانن دوو بن و هەردووک لا موحتاجی یەکترن، یەکیان گرتۆتەوە. گران لەسەرمان دەکەوێ خەسارناسیێک بە شێوەی ئیدارەی حیزبەکەماندا نەخشێنینەوە و دەفکری چارەسەری یەکجاری ئەم کەمایسیەی ئیدارەی حیزب و شێوەی تەئامول و حاوانەمان دەگەڵ یەکتر نەکەینەوە. بۆمان دەرکەوتووە کە میکانیزمی پێکەوە حاوانەوە و ئیدارەی حیزبمان بێ گرفت نەبووە و ناتوانێ لە داهاتووشدا بێ کێشە بێ. بۆیە جارێک بۆ هەمیشە پێویستە لەسەر ئەم خاڵە لاوازەی خۆمان کار بکەین و کاتی بۆ تەرخان بکەین هەتا بە نەتیجە و ڕێوشوێنی گونجاوتر دەگەین.

یەکگرتنەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەڵام نابێ غەرڕمان بکا و لە خۆمان و خەلک و داهاتوو بێ منەت بین.سەرکەوتنی زۆر گەورەتر ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکرات ببیتە حیزبێک کە چارەنووسی میللەتەکەی دیاری بکا. یەکگرتنەوە و یەکریزی و زاڵ بوون بەسەر کێشە نێوخۆییەکاندا،کاری نێوخۆیی حیزبن و دەبێ بکرێن. سەرکەوتنی سەرەکی ئەوکاتەیە کە حیزبی دێمۆکرات بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و بەهرەگیری لە تواناکانی وشیارانی کورد چارەنووسی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کاردستان دیاری دەکا.

هیوا دەخوازم، یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکرات ببێتە ئەزموێنکی ئەوەندە سەرکەوتوو و سەقامگیر کە هەموو هێزەکانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی نیشتمانماندا، کە لێکدابران و نیفاقیان هەیە، لە ئەزموونی دێمۆکرات کەلک وەربگرن و ئەم ئەزموونە ببێتە سەرمەشقی چاکە و برایەتی و یەکگرتنی هەرچی زیاتری کوردان.

پیرۆز بێ یەکگرتنەوەی دێمۆکرات.

٢٨ ئوتی ٢٠٢٢ سوئێد



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## شلێر باپیری




**یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەدڵنیاییەوە دەبێتە حیزبێکی بەهێزتر، یەکدەنگتر و بەبەرنامەتر لە پێشوو کە بتوانێ بە ستراتیژی سەردەمییانە و تازەوە کار بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.**

**وەڵام**: ئەم پێشهاتە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەڵدەگرێ، بەڵام لێرەدا و لە پێوەندی بە ناوەرۆکی پرسیارەکە پێمخۆشە لە سێ رەهەندی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە شرۆڤەی بکەم.

### ناوخۆیی

رەنگە گرینگترین لایەنی ئەم پێشهاتە هەمان لێکەوتە ناوخۆیی و باری ناو خودی حیزبی دێموکرات پاش ئەم یەکگرتنەوەیە بێ. ئاشکرایە لەتبوونی حیزبی دێموکرات کاریگەرییەکی نەرێنی حاشاهەڵنەگری لە گشت ئاستەکان لەسەر بەدەنەی حیزب دانا. شەپۆلێکی لە پەرتەوازەیی خستە ناو ریزەکانی حیزبەوە و گەیشتە ئەو ئاستەی بە رەوتی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتەوە دیار بێ. هیواکان بۆ ستراتیژییەکی بەهێز بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە کزیان دا و هاوکات توانا، هێز و پوتانسیەلەکانی حیزب پەرش و بڵاو بوون و هەربۆیەش کە ژمارەیەکی زۆر لەو هێز و توانایە کە لە بەشی جۆراوجۆری وەک راوێژکاری، راگەیاندن و دانانی ستراتیژی حیزبدا کاریان دەکرد، خۆیان دوورخستەوە و لەناو حیزبدا نەمان. هاوکات یەکێکی دیکە لە بناغە بەهێزەکانی حیزب کە تەشکیلاتی حیزب بوو زەبرێکی گەورەی پێکەوت. جگە لەوەش راگەیاندنی حیزب کە یەکێک لە بناغە گرینگەکانە و ئاڵقەی پیوەندیی حیزب بە نێوخۆی وڵاتە، لەت بوو کە



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

ئەوەش زەربەیەکی زۆری لە ئەرشیڤی چەندین دەیەی حیزب و هاوکات نەبوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز لەو سەردەم و تا ئێستاش بە خاڵێکی لاوازی هەر حیزب و ڕێکخراوێک دادەنرێ. لەو ڕوانگەیەوە هەردوولای حیزبی دێموکرات لە هێزەوە بەرەو لاوازی هەنگاویان نا. ئەگەر لەو ڕەوانگەوە سەیری بکەین کەواتە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەبێتە مایەی بەدەنەیەکی پڕ لەهیوا، ڕاگەیاندن و تەشکیلاتێکی بەهێز بۆ حیزب کە ئەوەش واتای حیزبی دێموکراتێکی بەهێز.

## ناوچەیی

ئەگەر لە بواری ناوچەییەوە هەڵسەنگاندنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین کە دەکاتە ئاستی کوردستانی بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت. دەبینین کە لە ئاستی کوردستانیدا ناکۆکی نێوان دێموکراتەکان و دابەشوبوونیان بەداخەوە زیانی لە بوونی حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی خاوەن ڕەگ و ڕیشەی سیاسی و لەمێژینە و خاوەن ستراتیژی نەتەوەیی دابوو کە قورسایی شایستەی خۆی لە ناوەندە کوردستانییەکان نەمابوو. هاوکات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش و وەک سیاسەتی گشتی حیزبی دێموکرات ببووە دەرفەت کە کۆماری ئیسلامی بە دەرفەتی بزانێ و ئەو جیاوازییانەی نێوان دێموکراتەکان بقۆزێتەوە و زۆرتر لە قالبی شەڕێکی نەرمدا دژ بە هەردوو حیزبی دێموکرات بەکاری بێنێت. بۆیە لەم دۆخەی یەکگرتنەوەدا، دوژمن دەرفەت و کەلێنەکانی بۆ سوودوەرگرتن زۆر لاواز دەبێ. حیزبی دێموکرات لە ئاستی ڕۆژهەڵات دەچیتەوە هەمان قالبی پێشوو وەک حیزبێکی مێژوویی و هاوکات سەردەمی خۆی و خاوەن ئەندام و لایەنگرانی زۆر لە ئاستی ڕۆژهەڵات بۆ هەوڵی تۆکمە بۆ پلانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات و شوناسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵات. هاوکات لە ئاستی کوردستانیش بە هێزێکی دیکەوە دێنەوە سەر مێزی باسەکان و بەشداربوون لە دیالۆگ و باسەکان لەپیوەند بە دۆزی کورد.

## نێودەوڵەتی

ئەگەر بێینە سەر ئاستی نێودەولەتی کە لەسەرەوە باسم کرد. هەروەک دەزانین کە یەکێک لە چەکە بەهێزەکانی هەر حیزبێک و ڕێکخراوێک بەتایبەت لە نەتەوە چەوساوەکانی وەکو کورد، ناسین لە ئاستی نێودەولەتی و هاوکات بوونی لۆبی بەهێز بۆ هەبوونی پشتیوانی نێودەولەتی بۆ دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ولەقاودانی سیاسەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام بەداخەوە دوولەتبوونی حیزبی دێموکرات وایکردبوو کە ئەو هێزە لە ئاستی نێودەولەتی نەمێنێت و بۆیە لە ماوەی شازدە ساڵی لەتبووندا هیچ لۆبییەکی بەهێزی بۆ حیزب لە دەرەوە دروست نەبوو. لە دوای یەکگرتنەوە دەتوانێ و دەرفەتی زۆر کراوە و کاریگەرتر هەیە بۆ کارکردن بۆ هەبوونی لۆبییەکی بەهێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە بتوانێ



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

زمانحاڵی حیزب بێ لە ئاستی نێودەوڵەتی وهاوکات دەنگی خەڵکی نەبیستراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ بەرامبەر ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی دژی کوردان لە ڕۆژهەڵات ئەنجامی دەدا.


هەر بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەدڵنیاییەوە دەبێتە حیزبێکی بەهێزتر، یەکدەنگتر و بەبەرنامەتر لە پێشوو کە بتوانێ بە ستراتیژی سەردەمییانە و تازەوە کار بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات.

ئۆسلۆ. ١ - ٩ - ٢٠٢٢



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن




**ئەگەر ئەم یەکگرتنەوە بە بەرنامەو بەردەوامی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵات، جارێکی تر دڵساردی دەدات بە خەڵک و چرای ئومێدیان کز دەکات و دەسکەوتەکان دور دەخاتەوەو داگیرکەران دڵ ڕەقتر و تورە تر دەکات!!**

**وەڵام: درەنگەو .. وەختیەتی ..**

**ڕێزو سڵاو ..**

**دڵخۆشی وەڵامدانەوەم بۆ ئەم پرسیارە، دەچێتە نێو دڵخۆشی هەواڵە خۆشەکەی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان، هەواڵە کە هەرچەندە تازەیە؛ بەڵام؛ زۆر درەنگە ..ئەگەرچی هە ر بەڕاستیش وەختیەتی! وەختیەتی وەک مامۆستا (شێرکۆبێکەس) دەفەرمووێ: وەختیەتی! خواستی یەکگرتنی کورد هیوایەکی کۆنی میللەت و شاعیرانیەتی، سەیرکە (ئەحمەدی خانی) مەزن دەفەرمووێ: ئەگەر ئێوە یەکبگرن ..ئەوا عەرەب و ترک و فارس خولامیەتی ئێوەدەکەن! ئەو ڕایەی خانی ئەگەر یەکگرتنەکەمان عەرەب و ترک و فارسیش نەکات بەخولام! ئەوا بێشک گرنگی یەکگرتنەوەکە دەسەلمێنێ! شاعیری غوربەت (حاجی قادری کۆیی) زۆر بە مەزنی لە بارەی گرنگی یەکگرتنی میللەتی کورد دەفەرمووێ: با هەر لەشکرتان زۆرو بە هێز بێت؛ ئەگەر بەتەواوی یەکتر نەگرن.. ئەوا ئەم هەموو لەشکرەی هەتانە بە پوشێک!! دیسان (شوکری فەزلی)بە حەکیمانە دەفەرمووێ: سەرەتای هەموو ئیشێک یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا هەر برینێ لە دڵتا هەیە سارێژی نەکەی! هیوادارم برایانی هەر دوو لەتی دێمۆکرات، ئەو برینانەیان سارێژ کردبێ و مەرجەکانی یەکگرتنەوەی سەرگرتوویان بەردەست خستبێ**



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

و چاویان بڕیبێتە دەسکەوتەکانی یەکگرتن! ئەگەر بەسەتان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دڵسۆزانی کورد داوای یەکگرتنی هەموو میللەتی کوردیان دەکرد، ئەوا موخابن.. ئەمڕۆو چەندین ساڵە دڵسۆزان داوای یەکگرتنی (پارتە کوردیەکان) دەکەن! ئەویش یەکگرتنی پارتەکانی یەک پارچەی کوردستان!؟ سەیرکەن بەداخەوە؛ پاش ئەم هەموو ساڵ و قوربانیە زۆرە هیواو خواستمان چەند بچووک بوونەتەوە!؟

هورچەندە من ئاگاداری تەواوی بەندەکانی یەکگرتنەوەکە نیم و ناشزانم هەتا چەند دڵنیایی بەردەوامیمان پێدەدەن؟! بەڵام؛ دیسان هەواڵە کە گرنگ و خۆش و تازەیە! تازەیەو وامان لێدەکات کە هیوا بخوازین .. یەکگرتنەوەیەکی بێ هەڵوەشانەوە بێت و بەردەوامی و سەرکەوتنی ئەم یەکگرتنەوە .. ڕێگا خۆشکەرو هیوا بەخشی ..پارتەکانی ترو پارچەکانی تری کوردستان بێت! هیوا بەخش بێت و ئەم هەواڵە بە هەتیوی و تاقانەیی نەمێنتەوەو هەواڵی یەکگرتن و یەکگرتنەوەی تەواوی پارتەکوردیەکان و هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەی بەدوا خۆی دا بێنێت. بەرپرسانی دڵسۆز ..بەردەوامی بە هەواڵە خۆشە بدەن و هە واڵەکە بەگەرمی بهێڵنەوەو بە یێکانەیی ساردی نەکەنەوە! دڵنیام بەردەوامی ئەم هەواڵە دڵی تەواوی میللەتەکەمان خۆش دەکات و ترس دەخاتە دڵی ڕەقی داگیرکەران.

لە بارەی کاریگەری ئەم یەکگرتنەوەیە لەسەر بزاوی ڕزگاری خوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، سەرەتا وەک کوردێک پێمخۆشە .. کە ئەم هونگاوە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەلات بگرێتەوەو کاریگەریەکە هەموو کوردستان بگرێتەوە، بەوەی کە هەواڵی یەکگرتن و یەکگرتنەوەی پارچەکانی تریش دڵمان خۆش بکات. بەلام، چۆن ئێمە خواستەکانیشمان پارچە پارچە بووە؛ دەی بە خاتری ئێوە با قسە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین، چۆن ئەمە چل ساڵ زیاترە هەموو میللەتانی ئێران بەدەست ئەم (کۆماری ئیسلامی) یەوە .. بێزارو ماندوون!! کوردانی ئەم بەشەش بێزارو ماندووترن، هەر بۆیە زۆر بە عەبرەیییەوە چاو بە دوای تروسکەیەکی چرای ڕووناکی دا دەگێڕن و گوێ بۆ هەواڵێکی دڵخۆشکەر هەڵدەخەن! لە گەڵ بیستینی ئەم هەواڵی یەکگرتنەوەش دڵخۆش و ئامادە دەبن؛ ئامادە دەبن و چاودەگێڕن کە ئەم هەواڵە هەرتەنیا بە - هەواڵ - نەمێنتەوەو لە سنووری باشووری کوردستانش قەتیس نەمێنێ و بە کردەوە و بە گەرمی بچێتەوە ڕۆژهەلات و بگاتە نێو دڵی خەڵک، ئەگەر ئەم یەکگرتنەوە ئەمە بکات .. ئەوا میللەتی تێنوو و چاوەڕێ ئامادەیە زۆر پتر بکات،

دواجار .. تکام وایە کاریگەری یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەر زوو و بە گەرمی بگاتە خەلک و بە بەرنامەیەکی گونجاوو سەردەمیانە، میللەت ڕاستەو خۆ تێکەڵ مەیدانی خەبات و بەرنامەی جوان دارێژراوی ئەم یەکگرتنەوەیە بکات؛ ئەم ترسەی نێو دڵی داگیرکەران گەورەترو کەمەرشکێن تر بکاو چرای ئومێدی خەڵک گەشتر و بە بەردەوامی یەکگرتنەوەکەو سەرکەوتنی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

پێ بە پێ، یەکگرتنەوەکە بکات بە یەکگرتنەوەیەکی بەرچاوو بەردەوام و پڕ دەسکەوت، بۆ ئەمەش دەبێ ئامادەی شیوە خەباتی تازەبن و شێوازی نوێی تاقیکراوەی سەرکەوتوو بگرنە بەرو خەبات تەنیا لە بەشە چەکداریەکەی خەبات دا چڕ نەکەنەوە!

پێمخۆشە ئەمەش بڵێم .. ئەگەر ئەم یەکگرتنەوە بە بەرنامەو بەردەوامی سەرکەوتوو نەبێت؛ ئەوا خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵات، جارێکی تر دڵساردی دەدات بە خەڵک و چرای ئومێدیان کز دەکات و دەسکەوتەکان دور دەخاتەوەو داگیرکەران دڵ ڕەقتر و توڕە تر دەکات!! بەو ئومێدەی کە هەرگیز ئەمە ڕوونەدات.

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢ - هەولێر

---



یەکبوون، هەوێنی خوێندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## حەمەڕەسووڵ کەریمی




**یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خەباتی نەتەوایەتیمان پتەوتر دەکا، بازنەی کاری ڕێکخراوەیی حیزب بەرفراونتر دەکا، هیوا و ئومێدی تازە بە خەڵکی کوردستان دەبەخشێ و خەڵکیش زیاتر لە جاران خۆیان لە نێو حیزبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە.**

**وەڵام: یەکریزی سەرکەوتنمان دەستەبەر دەکا.**

مێژووی کۆن و نوێی گەلەکەمان پڕە لە خۆڕاگری و بەربەرەکانی بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان، پڕە لە سەرکەوتن و نسکۆ و دابڕان و پاشەکشە، هەموو ئەوانە بە گشتی بۆتە خەباتێکی نەپساوە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێشک ئەم حیزبە داهێنەر بووە و دوای دامەزران و دەستبەکاربوونی، هەوڵی داوە کە کۆماری کوردستان، هێزی پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، خوێندن بە زمانی دایکی و دام و دەزگای خۆبەڕێوەبەری درووست بکا و هەنووکەش وەک داکۆکیکاری ئەو دامەزراوانە خەبات دەکا، یەکەم حیزبی کوردی بووە بە مێژوویەکی نزیک هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشانەوە. فەلسفەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بووە و بیری حکوومەتداری یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بووە و بۆ دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ.

لە ماوەی زیاتر لە سێ چارەگە سەدە دا، حیزبی دێموکرات گەلێک شانازی گەورەی خوڵقاندووون، سەربەخۆیی فکری و





سەرچاوە
Serchawe

بڕیاردان، درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتی لە ژێر هەموو قەیران و باردۆخێک دا و پشتیوانی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەی بەرحەق بوونی خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبەیە.

ئەگەر لە لایەک حیزبی دێموکرات ساحەب پێگە و خەبات و تێکۆشانێکی درەوشاوەیە لە هەمان کاتیشدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بێ کەموکوڕی نەبووە و هیچ کاتیش خۆی لە کەم و کوڕیەکان بێبەری نەکردووە و هەوڵی داوە کە کەم و کوڕییەکان بە پێی توانا و هەلومەرج چارەسەر بکات.

یەکێک لە کەم و کوڕییەکانی حیزبی دێموکرات بە یەکەوە نەحاوانەوە و لەتبوونی حیزبی دێموکرات بووە و ئەوەش بۆتە جێگای نیگەرانی و زیان و زەرەر لە شۆڕش و بزووتنەوەی کورد و لە خودی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وەک دیاردەی باش، هەموومان باس لە یەکریزی و یەکگرتن دەکەین و بەرژەوەندی گشتیمان لە لا زۆر گرینگ بووە، بەڵام بەو حالەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندجار تووشی لەتبوون بووە و دوای ماوەیەک دوور لە یەکتر کار کردن، جارێکی دیکە بە هەوڵ و هیممەتی هەمەلایانە وەسەریەک کەوتۆتەوە.

بێ شک وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات (حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران) گوڕ و تینی زیاتر بە ڕەورەوەی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشی و هیوابەخش و خەڵک پەسەندە و هەر بۆیەوش کاریگەری لە سەر هەموو جۆرە خەباتەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بزووتنەوە نێوخۆییەکان دەبێ و هاوکات لە باری کاری دیپلۆماسی و خەباتی سیاسی و مێدیایی لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی کوردستانیش دا ئادرەسێکی بەهێز دەبێ بۆ پەیوەندییەکان و بۆ دیالۆگ لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پێ ڕاگەیشتن بە دۆزی ڕەوای کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

لەم پەیوەندییەدا پێشتریش حیزبی دێموکرات بە هۆی بوونی سیاسەتێکی ئووسوڵی و سەردەمیانە و بە هۆی کاریزمابوونی ڕێبەرانی شەهیدمان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و پێداگری حیزبەکەمان لە سەر پشتیوانی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکان لە دونیای دەرەوە سەیری کراوە. بێشک ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ کاری پەیوەندییەکان و دەبێتە هێز و گوڕ و تینی زیاتر بۆ شۆڕشگێران لە بازنەی کاری حیزبی و غەیرە حیزبیدا.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خەباتی نەتەوایەتیمان پتەوتر دەکا، بازنەی کاری ڕێکخراوەیی حیزب بەرفراوانتر دەکا، هیوا



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

و ئومێدی تازە بە خەڵکی کوردستان دەبەخشێ و خەڵکیش زیاتر لە جاران خۆیان لە نێو حیزبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە. خەڵکی کوردستان خەبات و کار و چالاکییەکانیان زیاتر و زیاتر دەکەن و لە هێژموونی خۆیان بۆ بەرگری لە کەیانی کورد و ویست و داخوازییەکانیان زیاتر لە پێشوو کەڵک وەردەگرن و پشت ئەستوور بە یەکریزی و یەکگرتوویی مەیدانی خەباتیان بەربەرینتر دەکەن.

ئەگەر یەکریزی نێومالی کورد و بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات لە لایەک بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کورد جێگەی خۆشحاڵییە، بێشک بۆ دوژمنانمان و بۆ داگیرکەرانی کوردستان جێگەی نیگەرانی و مایەپووچییە، دوژمنانمان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێش بە یەکریزی نێوماڵی کورد و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بگرن و وەک شەمشەمەکوێرە لە شەوی تاریک دا زەربەی خۆیان بوەشێنن و نەهێڵن کە یەکریزی کورد لە هیچ یەک لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەر بگرێ و بە دروست کردنی رایەڵەی جۆراوجۆر کار بۆ لێکترازانی زیاتری نێوماڵی کورد بکەن.

ئەرکی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو، (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران) تەنیا وەسەریەک خستنەوەی دوو باڵی حیزب نییە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی دیکەی ئەوەیە کە بەرنامەی بۆ یەکریزی نەتەوەیی بە هەموو ڕەنگ و چین و توێژ و ئایین و بیروباوەڕێکەوە هەبێ و بتوانێ لە داهاتوو دا بە بێ جیاوازی کار بۆ وەسەریەک خستنەوەی نێوماڵی کورد بکا و ببێتە پێشەنگی دروست کردنی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەم چەشنە پیلانەکانی ڕژێم پووچەڵ بکەنەوە و ئامانجە چەپەڵەکانیان بکەنە بلقی سەرئاو.


بژی یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکگرتووی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی
بۆ پێشەوە بەرەو پتەوتر کردنی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٥ - ٥ - ١٤٠١ی هەتاوی - ١٦ - ٨ - ٢٠٢٢ی زائینی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## هاشم ڕۆستەمی




**ئەم یەک گرتنەوەیە مەیدانی لە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوە گێر بەرتەسک کردوە. ئەوانەی کە لە سەردەمی ناکۆکیەکاندا ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد، چیتر ئەم دەرفەتەیان نابێت.**

**یەکگرتنەوی دێموکڕاتەکان و کاریگەریەکانی!**

**وەڵام**: بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەکەی زیاترمان هەبێت لە سەر کاریەگەریەکانی یەکگرتنەوەی دوو بەشی حیزبی دێموکڕات کە ماوەی شازدە ساڵ وەک دوو حیزبی لێک جیا کاریان کرد لازمە لە پانتاییەکی کەمێک بەربڵاوتردا هەلسنەگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین. ئەوەش لەبەر ئەوە کە حیزبی دێموکڕات وەک بە تەمەنترین حیزبی مۆدێرنی کوردستانی و گەورەترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو مێژووە دوور و درێژ و پر لە سەروەریە کە هەیەتی بێ گومان هەم سەرکەوتنەکانی هەم کەند و کۆسپ و لێکدابڕانەکانی شوێنەواریان نەک هەر لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە سەر کۆی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان دەبێت.

هەر چەند لەم بابەتەدا زۆرتر مەبەستمانە کە کاریگەریەکانی یەکگرتنەوە بخەینە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا تا خاڵە نەرێنیەکانی لێکدابڕان ئاماژەیان پێ نەکرێت، مەبەستەکە وەک خۆی ناپێکرێت. مەبەستیشم نیە کە هۆکارەکانی لێک دابڕان لێرەدا ئاماژە پێ بکەم، بەڵکو لازمە سەرنج بدەینە لێکەوتە خراپەکانی لێکدابڕان تا بۆمان ڕوون بێتە کە بە یەک



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

گرتنەوە چ کۆسپگەلێکی گەورەمان لە سەر رێی خەباتمان لابردوون.

بە داخەوە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردووە وە تا ئێستا پڕن لەو لێک دابڕان و یەکتر قبوڵ نەکردنانە. ئەو یەکتر قبوڵ نەکردنە، مخابن زۆر جار شەری زۆر خوێناویشی لێ کەوتۆتەوە. چ پێش ئەوەی حیزبی سیاسی دروست بن، چ دوای دروست بوونی حیزبی سیاسی و نەتەوەیی ئەو ململانێیە هەر ئیدامەیان هەبووە. هەر ئەوەش یەکێک لە هۆکارەگرینگەکانە کە تائێستاش، سەرەڕای ئەوهەموو گیانبازی و خوێن و خەباتە، خەڵکی کوردستان بە مافە نەتەوایەتیەکانی نەگەیشتووە. ئەو لێکدابڕانانە لە کاتێکدان کە ، دوژمنانی کورد و کوردستان، خاکی کوردستانیان بە سەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش کردوە، خودی ئەو دابەش بوونەی خاکی کوردستان، هێز و توانای خەڵکی کوردستانیشی دابەش کردووە، جا لە نێو دابەش بوونی خاکەدا، حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیش کە نێو خۆیاندا دابەش دەبن، چەند قات زیاتر هێز و توانای کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دابەش دەکات و کاریگەری کەم دەکاتەوە.

لە سووکە ئاورێکی خێرادا بۆمان دەر دەکەوێت کە چۆن ئەوکاتانە کە تەبایی و یەکیەتی نەتەوەیی باڵی بە سەر بزووتنەوەدا کێشاوە، ئەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر لە ئامانجەکانمان نزیک بووینەتەوە و ئەوکاتانەش کە کیشە و شەری نێو خۆییمان هەبووە، چۆن دوژمنانی ئێمە بەسەرماندا زاڵ بوونە. بۆ بەرچاو روونی لەم بوارەدا هیچ پێویست ناکات، بۆ مێژووی کەمێک دوور بڕوانین و ئاوڕ لە کێشەکانی نێوان یەزدانشێر و بەدرخان بدەینەوە، پێویست نیە باسی ئەوە بکەین کە چۆن دوژمن توانی لە دین کەڵک وەربگرێ و جووڵانەوەی میری ڕەواندزێ تێک بشکێنێ. مخابن مێژوومان پڕە لە ناکۆکی نێو خۆیی و بە گژ یەکدا چوونەوە. ئەوەی جێگەی سەر سوڕمان و لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە ئەو مێژووە تاڵە هەر جارەی بە جۆرێک دووبارە دەبێتەوە و ئەزموون لە رابردوو وەر ناگرین. ئەوەش جێگەی سەرنجە کە کاتێک رێبەرانی سیاسی ئەم سەردەمە باس لە بزووتنەوەکانی رابردوو دەکەن، دەڵێن ئەو بزوتنەوانەی رابردوو بۆیە بە ئاکام نەگەیشتوون، چوونکە رێبەرەکانیان سەرۆک عەشیرە یا شێخ و مەلا بوون و خاوەن رێکخراوی سیاسی و بەرێوەبەریی بە کۆمەڵ نەبوون، کەچی بۆ خۆشیان هەمان رەفتار و کردار ئەنجام دەدەنەوە بەڵام لە قالبی حیزبی مۆدێرنی سیاسی دا. ئەگەر رێکخراوێکی سیاسی چ لە نێو خۆیدا و چ لەگەڵ لایەنێکی دیکە توشی ناکۆکی و شەر و هەر هات، هەموو لایەنەکانی دیکە سەرکۆنەی دەکەن، بەڵام هەر لایەنانە دواتر بۆ خۆیان هەمان چارە نووسیان دەبێت و بێ دەرس وەر گرتن لە رابردووم هەرزار و یەک پاساو بۆ کارەکەیان دێننەوە. شەری باڵی مەکتەبی سیاسی و بارزانی، شەری یەکیەتی و پارتی، شەری پێ کاکا و لایەنەکانی دیکە، شەری پارتی دێموکڕات (قیادەی مووەقەت)و حیزبی دێموکڕات شەری حیزب و کۆمەڵە و شەری نێوخۆیی نێو دوو بەشی حیزبی دێموکرات، و ... سەرجەم ئەو شەرانەی دیکەش، شوێنەواری یەکجار زۆر مەنفیان لە سەر کۆی بزووتنەوەی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

نەتەوایەتیمان هەبووە. هەم لە نێوخۆدا بۆتە هۆی دلساردی دلسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان، هەم لە سەتحی نێو نێونەتەوییدا ئیعتباری ئەم بزووتنەوەیەی زۆر دابەزاندوە، ئەوە جگە لە هەموو توانا و ئێنرژی و خوێنەی کە مخابن بە زایە چووە.

بۆیەم ئاماژە بەو خاڵانە نەکرد تا پاساو بۆ لێکدابڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بێنمەوە و بڵێم ئەمە ئاسایی و لە مێژوودا زۆر شتی ئاوا رووی داوە، بەڵکو بۆیەم باس کردن کە بڵێم بە داخەوە ئێمە دەر لە رابردوو وەر ناگرین، ئەگینا نەک هەر لە نێو بزووتنەوەی کورد بە گشتی، بەڵکوو هەر لە مێژووی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتدا بەشی ئەوەندەی لێکدابڕان و بە گژ یەکداچوون تێدان کە دەبوو دەرسیان لێ وەر بگرین و نەهێلین هەر گیز لە ژێر هیچ ناوێکدا ریزەکانمان لێک بترازێن. چوونکە هەر وەک لە سەرەتاشەوە باسم کرد حیزبی دێموکڕات وەک بە تەمەنترین حیزب کوردستانی و گەورەترین و پڕ نوفوزترین حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێست و بڕیارەکانی، شەر و ناکۆکیەکانی، لێکترازانەکانی و سەرجەم جم و جۆڵەکانی کاریگەری راستەو خۆیان لە سەر کۆی بزوتنەوەی کوردستان و بە تایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. لێکدابڕانی ئەم جارە، هەر ریزەکانی نێو نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات دابەش نەکردبوو، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا خوشک و برا و دایک و باوکی لێک دابڕیبوون. هەر چەند بە خۆشییەوە لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک بە شیوەیەکی گشتی ئەو لێک دابڕانەیان وەک ئەمری واقع وەر نگرت، بەڵام حاشا کردن لە شوێنەوارە خراپەکانی لەت بوونی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، فێڵ لە خۆ کردنە.

دوای هەموو ئەو باسانە، بە خۆشیەوە سەرئەنجام، دوای شازدە ساڵ لێک دابڕان، ئەوە بۆ جارێکی دیکەش وردبینی و مەنتق، دوور بینی و بەرژەوەندی گشتی، خاڵی هاوبەش و ئەزموون، و ... بە سەر خاڵە ناکۆکەکاندا سەر کەوتن و هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات لە یەک سەنگەردا بە دژی دوژمنی سەرەکی، بۆ رگاری کورد و کوردستان خەبات دەکەن. ئەم یەک گرتنەوەیە بێ گومان هێز و توانایەکی زۆر دەداتەوە بەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان. ئەم یەک گرتنەوەیە وەک کۆم کردنەوەی ژمارەکان نیە کە بلێین یەک و یەک دەبنە دوو. ئەم یەک گرتنەوەیە هیزی حیزب تەنیا دوو بەرامبەر ناکات، بەڵکوو دەیکاتە هیزێکی لە ژمار نەهاتوو. بە شێوەی گشتی دەتوانی دەتوانی خاڵە بە هێزەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم خاڵانەدا پۆلێن بەندی بکەین.

* کۆتایی هێنان بە لێکدابرانی هێز و وزەیەکی زۆر کە لە حیزبی دێموکراتدا وەک گەورەترین هێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بوونی هەیە.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

* ئەو یەک گرتنەوەیە هێز و گوڕ و تینێکی تازە دەدات بە خەباتی فرە ڕەهەندیی حیزبی دێموکڕات، بە تایبەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

* ئەو برینانە سارێژ دەکات کە بە هۆی دابڕان لە جەستەی حیزب و بەدەنەکەیدا دروست ببون.

* حیزب بە یەکگرتوویی باشتر دەتوانێت پێوەندیەکانی لە گەڵ یەنە کوردستانیەکان تەنزیم بکات.

* کۆماری ئیسلامیش ناتوانی چیتر لە ئاوی لێل ماسی بگرێت و هەر نەبێ لەم بوارەدا پیلانەکانی دەبنە بلقی سەر ئاو.

* لە پێوەندی لەگەڵ ئوپزسیۆنی سەرتاسەریشدا، حیزب بە یەک گرتوویی، باشتر دەتوانی، پێوەندیەکانی تەنزیم بکات و بە هێزێکی یەکگرتووە دەچێتە مەیدانی وتوو وێژ و دانوستان لەگەل لایەنە سەرتاسەریەکانی ئێرانی.

* لە کۆر کۆمەڵی نێو نەتەویش باشتر وەر دەگیردێ و دەتوانێ بە دیاری کردنی ستراتیژیەکی روونتر، کاراتر لە جاران، لەم مەیدانەشدا بچێتە پێش.

* لەمە بە دواوە چیت هێز و توانای حیزب لە پایتەختی ولاتانی ئوروپا و ئەمریکادا، بە دابەش بوویی ناچنە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دژی کۆماری ئیسلامی. چوونکە ئەو دابرانە تەنانەت کاری پۆلیسێ ئەو ولاتانەشی زەحمەتتر کردبوو.

* ئەو حیزب و لایەنانەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مخابن تا ئێستاش لێکدابڕان لە نێویاندا هەیە، ئومێد دەکری کە بە وەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵە ئەرێنیانە، ئەوانیش جیددیتر لە جاران هەوڵ بۆ یەک گرتنەوەیان بدەن تا هەرچی زیاتر ریزەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیمان تۆکمە بکەین.

* ئەو یەک گرتنەوەیە لە نیو خۆدا نوختە قووەتێکی بە هێز دروست دەکات لە هەمان کاتیشدا زەربەیەکی کاریگەر بوو لە جەستەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

* ئەم یەک گرتنەوەیە مەیدانی لە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوە گێر بەرتەسک کردوە، ئەوانەی کە لە سەردەمی ناکۆکیەکاندا ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد، چیتر ئەم دەرفەتەیان نابێت.

* لە سەردەمی دابڕاندا، بمان هەوێ و نەمانهەوێ، بەشێک لە وزە و توانای تێکۆشەرانی دێموکڕات بۆ دژایەتی یەکتر سەرف دەکرا، لەمە بە دواوە ئەو وزە و توانایە دەخرێتە سەریەک و لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستای خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانماندا سەرف دەکرێت.

* هیوای ئەوە دەخوازم کە ئەم یەک گرتنەوە شوێنەواری باش دابنێت لە سەر حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش و ئەوانیش هەوڵ بدەن تا بە دیالۆگ و لێک حاڵی بوون، کیشەکانیان چارە سەر بکەن.

* هێز لە یەکیەتی دایە. بەردەوام بێت وەحدەت و یەکبوونی ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.

٣ - ٩ - ٢٠٢٢



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## چنور میهرپەروەر




**ئەم حیزبە ئەگەر لەسەر ئەساس و میکانیزمێکی سەردەمیانە دابرێژرێتەوە، بێ گومان جێگای هەمووانی تێدا دەبێتەوە و ئەو دەم نە تەنیا وەک ڕێکخراوێکی بە قووەت لە ئاستی بزووتنەوەدا دەر دەکەوێ، بەڵکوو دەتوانێ تەئسیری ئەرێنی لە سەر حیزبەکانی دیکەش دابنێ و لێکیان نزیک کاتەوە.**

**وەڵام**: بۆ چوونە ناو ئەم باسە و وڵام دانەوە بەم پرسیارە گرنگە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵی گرینک بکەم.
**یەکەم** ئەوەی کە بزاڤی رزگاریخوازانە لە هەر شوێنێکدا بێ، کاتێک دەتوانێ ببێتە مایەی ئاڵوگۆڕی جیددی لە کۆمەڵگادا کە خاوەن هێزی بەرچاو بێ .بە رادەیەک کە ئەو هێزە بتوانێ وەک دینامیزمێکی بە قووەت کارتێکەریی هەبێ لە سەر رەوتی ڕووداوەکان دا.
**خالی دووهەم** ئەوەیە کە ئەو بزاڤە بتوانێ لە مەودایەکی بەرین و بەربڵاودا تێکۆشانی خۆی پەرە پێ بدا و زۆرترین رادەی جەماوەر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە .بەم دوو تێبینییە کورتەوە دەچمە سەر ئەسڵی مەوزووعەکە.

وەک دەزانین ١٦ ساڵە دوو حیزب بە ئیستراتژی و بۆ چوونی وەک یەک لە دوو قەوارەی جیاوازدا تێکوشانیان هەبوو .دوو دەزگای راگەیاندن، دوو تەشکیلاتی جیاواز، دوو هێز کە هەر یەکە بۆ خۆی جەماوەری خۆی هەبوو. لە کاتێکدا ئەم دوو هێزە لە باری سیاسییەوە روانگەیەکی جیاوازی ئەوتۆیان نەبوو .هەر دوو لا یەک مێژوو، یەک بەرنامە، یەک کولتوور، یەک ئیستراتیژی و تەنانەت دەتوانین بڵێین یەک ئەساسنامەشیان هەبوو. بەڵام لە دوو قەوارەی جیاوازدا تێکۆشانیان



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

هەبوو. دەرەنجامی ئەم جیابوونەوەیە سروشتیە کە بریتی بوو لە پاسیڤ بوونی رادەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی هەردوو لا، پرش و بڵاوی هێزەکان، سەرلێ شێواوی خەڵک و دڵساردبوونەوەیان لە بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردا.

بێگومان یەک لە خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم وەسەریەککەوتنەوەیە ئەوەیە کە پرشوبڵاوی هێزەکە کۆتایی پێ دێ. هزرەکان کۆ دەبنەوە و لە رێکخراوێکی تایبەت دا وەگەر دەخرێنەوە. کەوایە لە لێکدانەوەی یەکەم دا دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەکە دەبێتە خاوەنی هێزو هزری بەتواناتر. کە هێز وەسەر یەک کەوتەوە، بێگومان قورسایی رێکخراو زیاتر دەبێ و هەر بەو پێیەش کارتێکەریی لە سەر رووداوەکان بەرفراوانتر دەبێ. دوست و دوژمن حیسابی زیاترت بۆ دەکەن. بە واتایەکی دیکە لە دانووستاندن لە گەڵ دۆستانی هاوپەیماندا، قوورسایی پترت پێ دەدرێ، بۆچوونەکان برەوی زیاتریان دەبێ و پارسەنگی کارتێکەریی بەلای ئەودا دەسوورێتەوە. هەر لەم راستایەدا ئیعتیباری حیزب و رێکخراو لای کۆڕو کۆمەڵە نێوخۆیی و نێونەتەوەیی یەکان دا پتر دەبی و ئەمەش هۆکارێک دەبێ بۆ بردنە پێشی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد. لە لایەکی دیکەوە کە رێکخراوێک هێزو پوتانسییەل بەرچاوی هەبوو، خاوەن پێگەو ئیعتیباری زۆر بوو، سروشتییە کە دوژمنیش حیسابی تایبەتی لەسەر دەکا .لەم رووەوە هەرچی ئەم هێزە بە قووەت تر و بەربڵاوتر بێ، هەر بەو پێیەش باشتر دەتوانێ خواستەکانی خۆی بەسەر دوژمن دا بسەپێنێ.

مەسەلەیەکی دیکەش کە لەم پێوەندییەدا پێویستە لە بیر نەکەین ئەوەیەکە وەسەریەک کەوتنەوەی دوو هێزی دابڕاوی دیمۆکرات، دەبێتە مایەی بەخشینی گڕوتینێکی بەرچاو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا. وەک دەزانین ماوەی ئەو ١٦ ساڵ دابڕانە نەوعێک سەرلێشێواوی و پرشووبڵاوی و لە هەمان کات دا دڵساردبوونەوەی لە نێو جەماوەردا دا پێک هێنابوو. بیرکردنەوە لەوەی کە کام لا راست دەکەن، کێ هەڵبژێرن و سیاسەتی کام لەم دوو حیزبە پەیڕەو بکەن، کارێکی دژوار بوو. بۆیە لەم پێوەندیەدا یەکبوونەوەکە کارتیکەریی زۆر پۆزەتیڤی دەبێ و گڕوتینێکی دیکە دەبەخشێتە خەباتی جەماوەریی لە کوردستان دا.

ئەم کورتە بۆچوونە ئاماژەیەکی خێرا و گشتی بوو لە پێوەندی لەگەڵ وەسەریەککەوتنەوەی دیموکراتەکان و ئەرێنیی ئەم رەوتە لەسەر بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا. بەڵام ئیزنم پێ بدەن ئەمەش بکەمە بیانووی وورووژاندنی باسێکی دیکە و لە گۆشە نیگایەکی دیکەشەوە ئەم مەسەلەیە بخەمە بەر باس.

ئەوەی راستی بێ کێشەی ئەساسیی دوو حیزبی دیمۆکرات کە بووە هۆی لێکترازانیان بۆ ماوەی ١٦ ساڵ، گرفتێکی سیاسیی نەبوو. لە باری ئیستراتژییەوە ئامانجیان هەر یەک بوو و تەنانەت لە پێڕەو و پرۆگرامیش دا کێشەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

نەبوو کە یەکتریان پێ تەحەموول نەکرێ. بە ڕای من گرفتی ئەساسی لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی حیزب و دابەش کردنی دەسەڵاتدا بوو کە ئەو کێشەیە خولقاند. ئەمە ڕوویەکی دیکەی سککە بوو کە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە سەر باری سیاسیش دائەنێ و دەکرێ بڵێم هەر دوو لایەنی ئەم بابەتە کارتێکردنی ئیجابییان لەسەر یەک هەیە. کەوایە باری تیکنیکی لە خاڵە گرینگەکان بوو کە هەردوو لا لەسەری ڕێککەوتوون. بۆیە دەبینین کە وەسەریەککەوتنەوەی دیموکراتەکان لە زەرفێکدا لە سەر ئەساسی تەوافق، سازان و دابەش کردنی پۆستەکان ئەنجام دراوە. ئەم شێوەی چارەسەرییە لە هەنگاوی یەکەمدا پۆزەتیڤە و دەتوانێ دینامیزمێکی گونجاو بێ بۆ دەسپێکی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێتر و سەردەمیانەتر. لە بیرمان بێ میکانیزمی تەوافق و سازان لە فەترە زەمانێکی کورت خایەن دا وڵامدەری یەکبوون و یەک دەنگییە و دەکرێ لە سەر ئەم ئەساسە پێکهاتەکە ئامادە بکرێ بۆ وەسەریەککەوتنەوەی یەکجاری لە قەوارەیەکی پتەودا لە داهاتوودا. قەوارەیەک کە سازان و تەوافیق جێگای خۆی بدا بە یەکدڵی و هاوئاهەنگیەکی ئەوتۆ کە کەس هەست بە تەریک کەوتنەوە نەکا و کەسیش نەتوانی کەسی دی تەریک بخاتەوە.

لە تایبەتمەندییە باشەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە حیزبێکی ئیدئولوژی نیە و بە پێی بەرفراوانی کۆمەڵگا، هزر و بۆچوونی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێ. ئەم حیزبە ئەگەر لەسەر ئەساس و میکانیزمێکی سەردەمیانە دابرێژرێتەوە، بێ گومان جێگای هەمووانی تێدا دەبێتەوە و ئەو دەم نە تەنیا وەک ڕێکخراوێکی بە قووەت لە ئاستی بزووتنەوەدا دەر دەکەوێ، بەڵکوو دەتوانێ تەئسیری ئەرێنی لە سەر حیزبەکانی دیکەش دابنێ و لێکیان نزیک کاتەوە. لە بیری نەکەین دوژمنێکی گەورەمان هەیە و هەرچی یەکگرتن و نزیکبوونەوە لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا پتەوتر بێ، بەو پێیەش گەشبین تردەبین بە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەیشتین بە مافی ڕەوای گەلەکەمان. کەوایە بە چاوێکی زۆر گەشبینەوە دەڕوانمە ئەم یەکبوونەو پێم وایە حیزبی دیموکرات زەرفییەتی ئەوەی هەیە جێگای ڕاستەقینەی خۆی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دا مسۆگەر بکا. سەرکەوتن بۆ هەموولایەک و پیرۆزبێ وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات.

میکانیزمی تەوافق و سازان لە فەترە زەمانێکی کورت خایەن دا وڵامدەری یەکبوون و یەک دەنگییە و دەکرێ لە سەر ئەم ئەساسە پێکهاتەکە ئامادە بکرێ بۆ وەسەریەککەوتنەوەی یەکجاری لە قەوارەیەکی پتەودا لە داهاتوودا.



سەرچاوە
Serchawe

د. ئازاد محەممەدیانی




**حیزبی دێموکرات دەرکی ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لە ژێر پێستی ئەو کۆمەڵگایە لە ئارادایە و بە پێی ئەو گۆڕانکاریە بیر لە نوێ کردنەوەی خۆی و بەرنامەکانی بکاتەوە.**

**وەڵام**: پێش وەڵام دانەوە بەم پرسیارە پێویستە ئەوە ڕوون کەینەوە کە حیزبی دێموکڕات نوێنەرایەتی بزووتنەوەی نەتەویی کوردی کردووە و وەک کەڵان گوتاری سیاسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات مەیداندار بووە و بارتەقای کێشی خۆی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان داناوە. هەروەها پێویستە پێناسەیەک لە ژینگەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بدەین بە دەستەوە؛ لام وایە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات سێ ژینگە و دوو ئاراستەی هەیە؛ ژینگەی ناوخۆ یا شار، ژینگەی شاخ و ژینگەی دیاسپۆرا، بە دوو ئاراستەی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانیدا. ناوخۆ؛ مەیدانی گەشە و جووڵانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی کوردە و هێندێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی مەدەنیدا بوونیان هەیە و ڕۆژانە پرس و بابەت و دواکاریەکانی کۆمەڵگای کوردی دەخەنە بەر باس و ڕووبەڕووی دەسەڵاتی دەکەنەوە، ناوخۆ ئەو مەیدانەیە کە چۆن لێکترازانی حیزبی دێموکڕات توانی بەشێک لەو کۆمەڵگایە کە ئینتمای ئەو حیزبە و تەنانەت نەتەوەییان بوو، بخاتە ژێر کاریگەری نەرێنی خۆیەوە هەر بەم چەشنە یەکگرتنەوە دەتوانێ ببێتە هۆی کۆ کردنەوەی، دیارە یەکنەگرتوویی لە بیرەوەری مێژوویی کۆمەڵگای کوردیدا یانی شکەست، هەرەس و قوربانی، کە ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێ جۆرێک لە هیواداری بەم کۆمەڵگایە ببەخشێ کە بە درێژی ساڵەکانی جیایی ڕەخنەگری ئەم لێکدابڕانە بووە و دوو لایەنی هان داوە بۆ یەکگرتنەوە. جیابوونەوە لە شاخ ڕوویدا و یەکگرتنەوە نە تەنیا هێزی شاخی دێموکڕات دەکاتەوە یەک



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

و چەند قاتی دەکات بەڵکو ڕۆحی یەکگرتوویی ورە و ئیرادەی شاخ زیاتر دەکات، ورەیەک کە ڕێبەرایەتی یەکگرتوو دەتوانێ بە شاخی ببەخشێ و خەباتەکەی چڕتر بکات، هێزی پێشمەرگە وەک بازووی بە هێزی ئەو خەباتە لە ژێر یەک فەرماندەییدا هەم بە هێزترە و هەم یەکدەستتر بەرەو پیری ئەگەر و پێشهاتەکانی بەردەم ئەو حیزبە دەچێ. دیاسپۆرا مەیدانی سەرەکی کێشەی سوشیال میدیای حیزبی لێکترازاو بوو کە گەورەترین فەزای بۆ هێنانە بەرباسی جیاوازی و کێشەکان پێک دێنا، وێڕای ئەوەیکە حیزبی دووپارچە نەیدەتوانی سەبارەت بەو بابەت و پرسانەی کە لە دەرەوە دەهاتنە بەرباس بە دروستی عەمەل بکات، بۆیە یەکگرتنەوە دەتوانێ ئەو دوو کێشەیە چارەسەر بکات و ئەو فەزایە بە قازانجی کورد و داواکاریەکانی بشکێنێتەوە. ئەو هێزەی کە باسی کرا کە دوای یەکگرتنەوە لە سێ ژینگەی بزووتنەوەی کورددا پتر دەبێ، کاریگەری لە سەر دوو ئاراستەکەی سیاسەتی بزووتنەوەی کوردی دادەنێ، کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی کە بەردەنگی دوای کۆماری ئیسلامی کورد دەبن.

**یەکەم** ئەوەیکە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد کە حیزبی دێموکڕات نوێنەرایەتی دەکات دەتوانێ لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بە هێز و ورەیەکی پترەوە ڕابوەستێ،

**دووهەم** ئەوەیکە ئەم بەشە لە بزووتنەوەی کورد دەتوانێ بەردەنگی سەرەکی کۆماری ئیسلامی بێ کە ئەوە لە ڕەوتی سیاسی ئێراندا یانی هێز و مەشرووعیەتی پتر، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێ چاوەڕوانی گوشاری زیاتری کۆماری ئیسلامی بێ .لە بەرامبەر ئۆپۆزۆسیۆنیشدا حیزبی دێموکڕات دۆخێکی هاوشێوەی هەیە، واتە حیزبی دێموکڕات لە بەرامبەر ئۆپۆزۆسیۆنێکدا کە ناچارە لە گەڵی بچێتە تەوافقێکەوە کە نەخشە ڕێگای داهاتووی کورد دیاری دەکا یەکدەنگتر و هاوڕاتر دەبێ و ئەوانیش حیسابی زیاتری بۆ دەکەن. لام وایە وێڕای ئەوەیکە ئۆپۆزۆسیۆنی کورد کە حیزبی دێموکڕات وەک کەڵان گوتاری سیاسی کورد و لایەنەکانی دیکەی کورد وەک وردە گوتار، پێکهێنەریین، توانایی ئەوەی هەبووە وەک ئاڵتێرناتیو لە کوردستان بناسرێ چون هەم پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە و هەمیش سەلماندوویەتی کە توانایی «بەسیجی تووەیی» هەیە و توانیویەتی نوێنەرایەتی داواکاریەکانی کورد بکات، بەڵام ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی نە ئەو تواناییەی هەبووە و نە توانایی ئاڵتێرناتیو بوونی هەیە، ئەوە یانی دەرفەت بۆ حیزبی دێموکڕات و کورد، کە دەبێ لەو دەرفەتی یەکگرتووییە بۆ تەعامول لە گەڵ ئۆپۆزۆسیۆن کەڵک وەرگرێ. هەڵبەت هەموو ئەو شتانە کە باس کران کاتێک دەتوانن کاریگەر بن و حیزبی دێموکڕات میوەی یەکگرتنەوەی هەڵگرێتەوە، کە زەرووڕەت و پێداویستیەکانی کۆمەڵگاکەی بناسێ، لە سەر بنەمای پوتانسیەل و تواناییەکانی خۆی و داواکاریەکانی کۆمەڵگای کوردی پلان و بەرنامەیان بۆ پێشەنگایەتی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبێ و دەرکی ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لە ژێر پێستی ئەو کۆمەڵگایە لە ئارادایە و بە پێی ئەو گۆڕانکاریە بیر لە نوێ کردنەوەی خۆی و بەرنامەکانی بکاتەوە.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## عەبدوڵڵا حیجاب




**یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەروەها پەرەی بەو زێهنیەتە دا کە ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەکرێ دەوڵەمەندیی هزری و بەهێزبوونی لێ بکەوێتەوە. بەو مەرجەی وەک سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئینرژیی ئەرێنی چاوی لێ بکرێ**

**وەڵام**: حیزبی دێمۆکرات بە یەکگرتنەوەی ئەو جارەی ئەزموونێکی جیاوازی لە لێکدانەوەی ناکۆکیە نێوخۆییەکان و دانانی میکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان تاقیکردەوە و توانی تێیدا سەربکەوێ. خودی ئەو سەرکەوتنە وەرچەرخانێکە لە مێژووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە لە ڕابردوودا زیاتر ئەزموونمان لە دابڕان و پێک هەڵپرژاندا وەسەریەک نابوو تا تاقیکردنەوەی ڕێگای دیالۆگ و لێک تێگەیشتن. ڕەوتی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان ئەگەر چی زۆری خایاند، بەڵام سەرئەنجام توانی کۆسپەکان لاببا و یەکێک لە هەنۆکەییترین ئاواتەکانی بە هەزاران ئەندام و لایەنگر و دۆستی حیزبی دێمۆکرات و بە میلیۆنان خەڵکی کورد وەدی بێنێ.

ئەو یەکگرتنەوەیە وێرای وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی یەکێک لە کاریگەرترین و گرینگترین هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی لە سەر هەمووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بە گشتی لە سەر کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ. دەرسەکانی ئەو ڕەوتە، شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کۆسپەکان، گۆڕینی فۆکوسی سیاسی لە کێشەوە بۆ چارەسەری، ئەو وره، هێز و تواناییەی کە ئەو یەکگرتنەوەیە بە ئەندامان و دۆستانی حدکا دەبەخشێ و ئەو جم و جۆڵە ئەرێنیەی کە لە کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینین



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

ئەنجامی کورتخایەنی ئەو ڕەوتەن. بەڵام لە درێژخایەندا ئەو یەکگرتنەوەیە ئەنجامی ستراتێژیکیشی دەبێ و هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا قورساییەکی زیاتر بە حدکا و هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشێ.

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە خەمخۆری بزووتنەوەن، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وەڵاتدا و وەک ئەندامێکی سیڤیلی کۆمەڵگا دەژین و چ ئەوانەی لە دەرەوەی وەڵاتن و دڵیان بۆ ئازادیی وەڵاتەکەیان لێ دەدا هیوایەکیان بەدی کرد و بینیان کە بزووتنەوەی کورد سەرئەنجام گەیشتۆتە ڕادەیەک لە پێگەیشتوویی سیاسی کە بتوانێ کێشە نێوخۆییەکانی بە دیالۆگ و بە بێ دەستتێوەردانی دەرەوە چارەسەر بکا. نیشانەکان وا دەردەخەن کە لە نێوخۆی وەڵاتدا گەشانەوەیەک بە ڕەنگ و ڕوخساری ئۆگرانی بزووتنەوەوە دیارە. شایی و بۆنەکانی دوایی یەکگرتنەوەش دەیسەلمێنن کە بە هەزاران چاو چاوەڕوانی ئەو ساتە بوون کە ئەو مزگێنییەیان پێ ڕابگەیەندرێ.

سەرکەوتنی ئەو ڕەوتە دەریخست کە هەر کات نزیکبوونەوە و زەقکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی بکرێنە بنەما، دیتنەوەی ڕێگاچارەی کێشە و گرفتە سیاسیەکان سانایی دەبێ. ئەزموونی حدکا لەوبوارەوە دەکرێ ڕابگوێزرێتەوە گۆڕەپانێکی بەرینتر و بۆ ئاستێکی بەرزتری نەتەوییەوە و بکرێ بە نموونە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکانی کوردستانیش. بە تایبەت ئەگەر حدکا بتوانێ و بیهەوێ ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەیە دابەش بکا و لایەنەکانی دیکەش بە پێشوازییەوە بچن و ڕێبازی دیالۆگ و چارەسەریی کێشەکان بە بنەما بگرن.

یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەروەها پەرەی بەو زێهنیەتە دا کە ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەکرێ دەوڵەمەندیی هزری و بەهێزبوونی لێ بکەوێتەوە، بەو مەرجەی وەک سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئینرژیی ئەرێنی چاوی لێ بکرێ و دەرفەتی کانالیزەبوونی پێ بدرێ. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین کە ئێستا زەمینەیەکی ئامادەتر هەیە تا تواناییەکانی ئێستا و داهاتووی حدکای نوێ زۆر لە سەرجەمی تواناییەکانی دوو لایەنی دێمۆکرات لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر بکرێ، دەرگای زیاتر بە سەر حدکای یەکگرتوودا بکرێنەوە و هزرەکان زیاتر لە حیزبێکی یەکگرتوودا بکرێنەوە و گەشەیان پێ بدرێ.

ئەو گۆڕانکارییە هەر وەها دەرفەتی ڕەخساندوە تا ئەو پوتانسیەلە بە هێزەی کە بزووتنەوەی کورد لە دەرەوەی وەڵاتدا هەیەتی وەجووڵە بکەوێ، وەسەریەک بکەوێتەوە و شەپۆلێکی بە هێزی پشتیوانی بۆ حدکا دروست بکا. بێگومان ئەو شەپۆلە دەتوانێ هاندەر بێ بۆ ئەندامان و لایەنگرانی باقی هێزەکانیش تا لە پێشبرکێیەکی ئەرێنی و چاککەرەوەدا وەخۆ بکەون و بەرهەمێکی باشتر بۆ ئەو لایەنانە بخوڵقێنن کە پشتیوانیی لێ دەکەن. لە ئاستی نێونەتەوەیشدا ئەو وەسەریەک



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

سەرچاوە
Serchawe

کەوتنە دەرفەتێکی زیاتر و گونجاوتر بۆ بزووتنەوەی کورد دەڕەخسێنێ تا بە قورساییەکی زیاترەوە خۆی بنوێنێ و تواناییەکانی خۆی بۆ چارەسەری و بۆ وەجووڵە خستنی تواناکان نیشان بدا.

ئەگەر کاریگەرییە نێوخۆییەکانی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حدکا بە قەڵەمبازێکی سیاسی و هەستانەوەیەکی کاریگەری نەتەوەیی بە حیساب بێ، دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە کاریگەرییەکانی ئەو سەرکەوتنە لە سەر بەرزکردنەوەی قورسایی کورد بە نیسبەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمشدا کەمتر گرینگ نیە. دژکردەوەکانی ئەو هێزانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەزانن لە سەر یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان زۆر بە ڕاشکاوی دەریخست کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا لە گەڵ چ زێهنیەت و تێڕوانینێکی دەسەڵاتداری بەرەوڕوویە. بۆ بەرەنگاربوونەوە یا هەڵس و کەوت لە گەڵ وەها زێهنیەتێک، دەبێ کورد لە ئێستاوە زەرفیەتەکانی خۆی بە ڕوونی نیشان بدا و یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان یەکێک لەو زەرفیەتانەی وەدەرخست.

بەڵام ڕەنگە یەکێک لە ئەنجامە هەرە ئەرێنیەکانی سەرکەوتنی دێمۆکراتەکان لە ڕەوتی یەکگرتنەوەدا ئەوە بێ کە ئەوان توانیان پڕۆپاگاندای نەیارانی کورد کە بە شەڕی دەروونی هەمیشە هەوڵیان دەدا و هەوڵ دەدەن خەڵک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە هێزە سیاسیەکان بێ هیوا و دڵسارد بکەن پووچەڵ بکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و باقی نەیارانی کورد هەمیشە ناکۆکیە نێوخۆییەکان وەک کارتێک لە دژی خودی کورد بە کار دێنن. لەوەش خراپتر بە هەواڵی چەواشە، قووڵ کردنی ناکۆکیەکان و بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی هەوڵ دەدەن زیاتر کورد بە نیسبەت یەکترەوە دوڕدۆنگ بکەن و تواناییەکانی کورد لە دژی خۆی بە کار بێنن. حیزبی دێمۆکرات بەو یەکگرتنەوەیە توانی بسەلمێنێ کە دەکرێ ئەو شێوە پلانانەی نەیاران بکا بە چەکێک و لە دژی خۆیان بە کار بێنێ.

ئۆسلۆ ٣٠ - ٨ - ٢٠٢٢

---



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## خەلیلی غەزەڵی




**بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی لە حیزبێک دا پێش هەموو شت دەبێ دوولایەن بەشێوەیەکی شەفاف هەڵسوکەوت بکەن.**

**پاشان دەبێ چاو لەوە کێ زۆرە و کێ کەم نەکرێ و بە دڵێکی ئاواڵەوە هەردوولا بێنە مەیدان و ئیعتمادسازی بکرێ**

### یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، پیرۆزباییەکی خەسارناسانە

وەلەم ڕۆژانەدا خەبەری یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دیموکرات، خەبەرێکی خۆش بوو بۆ دڵسۆزانی پرسی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بگرە لە هەموو کوردستان. ئاشکرایە ئەم یەکگرتنەوە پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی گشت لایەنە، بەتایبەت لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە لە هەردوو لایەن و زۆر دڵسۆزی دیکە دەستەبەر بوو. منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەو یەکگرتنەوە بە حیزبی دیموکرات، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە و هەرکەسێک کە دەورێکی هەرچەند بچووکی لەو یەکگرتنەوەدا هەبوە، پیرۆزبایی دەڵێم و هیوادارم بەم زوانە گوێ بیستی خەبەری یەکگرتنەوە لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەت کۆمەڵەکان بین.

ئاشکرایە هەر یەکگرتنەوە و تەباییەک، بەبێ چاولێکردن لە لایەنە جیاوازەکانی و بەگشتی کارێکی ئەرێنی و بەقازانجە. کە لانیکەمی نەمانی دووبەرەکی و ئەگەری هەڵگیرسانی ناکۆکی و تەنانەت شەڕ و یەکترکوشتن دوور دەکەوێتەوە و بواری دیالۆگ و یەکتر قەبووڵکردن و یەکتر تەحەمول کردن دێنێتە ئاراوە. لەم سۆنگەوە دەبێ هەر تەبایی و یەکگرتنێک لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد دا بە ئەرێنی ببینین و پێشوازیی لێ بکەین.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

شانبەشانی پێخۆشبوونی ئێمە لە ئاست ئەم یەکگرتنە، وەک پێشتریش سووکە ئاماژەیەکم پێکرد، بێگومان جیا لە بواری دەربڕینی هەست و پێخۆشبوونمان، لایەنی دیکەشی هەیە. ئەو لایەنانە دەتوانن هەم ئەرێنی بن و هەمیش دەتوانن نەرێنی و خراپ بن. من بەش بەحاڵی خۆم پێم باشە وێڕای پیرۆزبایەکان و هەست دەربڕینەکان ئەو لایەنانەش لە لایەن چاودێران و رخنەگرانەوە بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دیارە مەبەست لەو باس و لێکۆڵینەوەانە، بەکەم گرتن یا کوتان و رووخاندن نییە. بەڵکوو مەبەستی سەرەکی "خەسارناسی"ی کار و کردەوەیەکە(دابڕانەکان و پاشهاتەکانی) کە تاوانی بۆ دراوە و دەبێ پێش بە دووبارە بوونەوە و ئاکامە زیانبارەکانی بگرین و گەر خاڵ یا خاڵهایەکیشی تێدا بۆ ئەزموون وەرگرتن زۆ بکرێنەوە باسیان بکەین. دیارە نابێ ئەم کارە(خەسارناسی یا لێکۆڵینەوە) بە شێوەی مەنفی و "نەرێنی" چاولێبکرێ و حێزب یا کەس و لایەنێک کە کار و کردەوەیان بەر خەسارناسی یا لێکۆڵینەوە دەکەون دژی رخنەگران بچنە سەنگەرەوە، بەڵکوو دەبێ ئەو کارانە وەک دڵسۆزیی بۆ خۆیان و بزووتنەوەی گەلەکەمان چاولێبکەن.

بەم پێشەکییەوە دەچمە سەر باسی دابڕانی حێزبی دیموکرات و سەرەنجام یەکگرتنەوەیان. با هەر لەسەرەتاوە بڵێم کە وەک زۆر کەس و لایەن دەزانن ئەو دابڕانە لە حێزبی دیموکرات(دەتوانم بڵێم هەموو دابڕانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان) لە سەر بنەمای بیرو باوەڕ یا ستراتێژیی بزووتنەوەی کوردستان نەبوە و هەموویان "شکڵی" بون. واتا جیاوازیی سەلیقە و کردار، دەستە و دەستەبەندی، ناوچەگەرایی و لە سەرووی هەموویانەوە یەکتر قەبووڵنەکردن و "خود میحوەری" بوە.

با هەر باسی حیزبی دیموکرات بکەم. وەک بەڕێز مستەفا هیجری لە دوایین وتووێژی خۆیدا باسی کرد، بێجگە لە یەکەم جیابوونەوە لە حێزبی دیموکرات کە پاش کونگرەی چووار روویدا و ژمارێک بە فیکر توودەیی تووشی وەهمی "خەتی ئیمام" هاتبوون و بەپێی بیروباوەڕ و رێبازی سیاسی (حیزبی تودە بۆ خزمەت بە خومەینی و کۆماری ئیسلامی) ئینشعابیان وەڕێ خست. باقی جیابوونەوەکان "شکڵی" بون. واتا یەکتر قەبووڵنەکردن، دەستە و دەستەبەندی و ناوچەگەرایی. کە هەرکام لەمانە بێگومان دەکرا ئەوەندە پەرە نەستێنن کە ببنە هۆی دابڕان و ئینشعاب. بەڵام بەداخەوە ئینشعاب روویدا و ئەوەی لەم نێوانەدا زیانی بینی کورد و بزووتنەوەکەی بوو. ئیستە نامەوێ لەسەر رابردوو کەس و لەوانە رێبەرانی هەردوولای حیزبی دیموکرات لۆمە بکەم و رابردوو بە هەموو خەسارەکانیە رابردوە و دەبێ لە فیکری داهاتوودا بین.

بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی لە حیزبێک دا پێش هەموو شت دەبێ دوولایەن بەشێوەیەکی شەفاف هەڵسوکەوت بکەن. پاشان دەبێ چاو لەوە کێ زۆرە و کێ کەم نەکرێ و بە دڵێکی ئاواڵەوە هەردوولا بێنە مەیدان و ئیعتمادسازی بکرێ. چوونکە گەر باوەڕ بەیەکتر نەبێ، رەنگە یەکگرتنەوە بێتە ئاراوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە تەنیا ماوەیەکی



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

کورت دەوامی دەبێ و پاشان بەشێوەی جوراوجۆر وەک "دمەڵ و کێم" لەم و لەولا سەرهەڵدەداتەوە. وەک سەرهەڵدانی دووستەیی و دڵساری و دانیشتن و پاسیڤ بوون و...

گەر بمەوێ نموونە بێنمەوە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نموونەتەکی زۆر روون و دیارە. ئەودەم لەڕاستیدا یەکگرتنەوە نەبوو و وەک هێندێک لە ئەندامانی حێزب لەم لاو ئەولا باسیان دەکرد، لە ڕاستیدا "ڕۆیشتنەوە" بوو. هەر ئەوەش بوو کە پاش ماوەیەک کە تەبلیغ و شادیی "یەکگرتنەوە" دامرکایەوە، دیسان دەستەبەندی، پشت ملە قسەکردن و یارگیریی دەستی پێکرد و تا هات پەرەی ئەستان کە پاش چەند ساڵ ئینشعابێکی گەورەتر لە سەردەمی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" بەسەر حیزبی دیموکرات دا سەپایەوە. لە کاتێکدا دەکرا بە پێشگرتن بەو خاڵانەی باسکرا، و ڕەچاو کردنی یەکسانی، شەفافیەت و یەکتر قەبوولکردن، پێش بەو ئینشعابە و خەسارەکانی بگیرێت. دیارە گەورەترین هەلە نەبوونی روانگەیەکی دروستی خەسارناسانە لە ئینشعابەکەی سەردەمی "ڕیبەراتی شۆڕشگێڕ" بوو. کە ئینشعابی دواتریشی بەرهەم هێنا.

بەداخەوە ئەمجارەش من هەڵوێست و دەربڕینێکی خەسارناسانە بەدی ناکەم. جیا لەوەش هەر وەک رابردوو، باسەکان شەفاف نین. بۆ نموونە لە کاتێکدا بەرپرسی یەکەمی حێزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باسی چەند خاڵ دەکات و لەوانە مانەوەی خۆێ (ئیستا و پاش کونگرەی داهاتوو)، وەک کەسی یەکەمی ئەو حیزبە(واتا دەنگدان و کونگرە هیچ دەورێکیان نابێ)، لایەنی دیکە ئیدیعا دەکات کە بڕیار بوو ئەم خاڵانە نهێنی بمێنێتەوە و لە هیچ کوێ باسنەکرێ. ئەمە ئیتر شکڵی ئەم یەکگرتنەوە دەباتەوە بۆ رۆیشتنەوەی چەند موعتەرز بۆ لای حێزب، نەک یەکگرتنەوە دوولایەن بە مافی یەکسانەوە.

بەداخەوە دەبێ بڵێم کە ئەگەر حێربی دیموکرات هەر لە ئیستەوە لە فیکری چارە دا نەبێ، ئاکامی ئەم یەکگرتنەوەش (پاش دامرکانەوەی کوڵ و کەفی شادیەکانی ئەم رۆژانە)، دڵساردی، دەستەبەندی، ناوچەگەرایی و تەنانەت دانیشتن و جێ هێشتن و ڕەنگە سەرهەڵدانیەوە ئینشعاب بێت. کە هیوادارم ئەوە نەبینین.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## ڕەحیم قادری




**زۆر گرنگ بەشداری زیاتری ژنان بە تایبەت لە ناو ڕێبەرایەتی دا. مادام ئەو کارە نەکرێ و بەرنامەی بۆدا نەریژری بوشایەکی گەورە لە ناو حیزبدا وە بەرچاو دەکەوی. حیزبیکی ئاوا بەتەمەن و بە ئەزموون ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەندامێکی دەفتەری سیاسی ژنی نیە.**

دۆستی دێرین و برای خۆشەویست کاک ڕەحمانی بەڕێز زۆرتان سپاس دەکەم کەمنتان خستوتە ناو لیستی ئەو کەسانە کە بۆچوونی خۆم لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان بنووسم. هەموومان لە سەر ئەوە یەک دەنگین کە ئەو یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان کارێکی مێژویی و پیرۆزە. لەوەش دا هاودەنگین کە ئەو هەنگاوە شوێنەواری سیکولوژی لە سەر یاران و نەیارانی جووڵانەوەی حەقخوازی کورد و حیزب داناوە بە تایبەت هەواڵێکی زۆر ناخۆشە بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئەوە کافی نیە و دەبێ هێندی پارامیتر لە بەرچاو بگیرین کە پێشگیربن لە دووپات کردنەوەی لێکترازان و ناکوکی.

**یەکەمین خاڵ** مودرنیزە کردنی حیزبە و ڕێبەرایەتی نوێ دەبێ خۆیان بە هەموو ئامرازی دێموکراسی تەیار بکەن. بۆیە دەڵێم ڕێبەران چون هەمیشە ئەوان پێشقەدەم بوون لە ئینشعاب، و ئەندامان و لاینگران (بە دەنە) بوون کە هەوڵیانداوە و فشاریان هێناوە بۆ یەکگرتنەوە.  دەبێ ڕێگا بە هەموو بۆچوون و سەلیقەکان بدرێ. دەبێ دیموکراسییەکی راستەقینە نەهادینە بکری. لەو راستایە دا پێمخوشە ئەزموونی ئیسپانیا وەک نموونە بهینمەوە. هەموو شارەزایانی سیاسی فیلیپە گونزالس دەناسن. یەکیک لە سیماکانی زور بەرچاوی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا کە ماوەی ١٤ ساڵ سەرۆک وەزیربوو. ئیستا کە گویی لیدەگری پیتوایە هەموو شتیکە غەیری سوسیالیست، را و بۆچوونی لە زۆر مەسایلدا بە تەواو دژی


یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

حیزبەکەیەتی بەڵام قەت لە فکری ئەوە دا نەبووە کە لە حیزب جیا ببیتەوە هەرگیز حیزبیش لە فکری ئەوە نەبووە کە دەری بکەن. نموونەی ریبەری تر سوسیالیست زورن. لە ناو حیزبی راستگەرای گەل، رێبەر و کادری یەکجار زور هەن کە وەک نموونە، خوسە ماریا ئازنار, دینمەوە کە ئەویش لە لایەن حیزبی گەل ماوەی چەند ساڵ سەرۆک وەزیربوو, گوی لە هەلوێستەکانی دەگری سەرت سوور دەمینی. بەڵام هەموو رازی و نارازیەکان پیکەوە لە ناو یەک حیزبدان. بو کۆبوونەوە گرینگەکان بانگهیشتن دەکرین جاری وا هەیە دەچن و جاری واش هەیە بەشداری ناکەن. نەو گەرایی ,regeneración ,

**دووهەمین مەسەلە؛** دەبی رێبەرایەتی نوێ ئەوە بەرچاوی بگری. رێگا بە نەسلی نوێ بدرێ کە بینە ناو رێبەرایەتی و بەرپرسایەتی بگرنە دەست. بو دروستکردنی پلورالزمێکی راستەقینە (واقیعی) تەنانەت دەبێ بو کەسانی غەیری حیزبی شارەزا دەست درێژبکرێ و لە لە شارەزاییان کەلک وەربگیری بە تایبەت لە خەڵکانیک کە لە ناو خوی وڵات دان.

**سیهەمین خالی** زۆر گرنگ بەشداری زیاتری ژنان بە تایبەت لە ناو رێبەرایەتی دا. مادام ئەو کارە نەکرێ و بەرنامەی بۆ دانەرێژری بوشایەکی گەورە لە ناو حیزبدا وەبەرچاو دەکەوی. حیزبێکی ئاوا بە تەمەن و بە ئەزموون ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەندامێکی دەفتەری سیاسی ژنی نیە.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە ئەو یەکگرتنەوە دەتوانی شوینەواری باش و ئەرێنی لە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. بەو جورە حیزب دەتوانی بۆ جاریکیتر رەسالەتی دوای شۆڕش ١٣٥٧وە ئەستو بگرێ کە نەتەنیا جێی رێز و حورمەت بۆ خەڵکی کوردستان بوو بگرە زۆر هێزو رێکخراوی ئێرانی و غەیری ئێرانی کاتی کێشە و تەنگانە بە حیزبیان موراجعە دەکرد و داواکاری نێو بژایەتی حیزبیان دەکرد.

ئەو یەکگرتنەوە تەنیا ستارت لێدانیکە بۆ رێگایەکی دوور و درێژ و پڕ ئەستەنەگ. دڵنیام حیزب لەو ئەزموونە بەسەربەرزانە سەردەکەوێ تا بتوانی ئاواتی هەموو شۆڕشگێران و دڵسوزان وەدیبهێنێ.

مادرید؛ ٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



ببوون، هەوێنی خوێندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## فواد خاکی بەیگی*




**دیمۆکراتەکان لە ٣٠ی گەلاوێژدا سەلماندیان کە دەتوانن هێزێک بن کە داهێنەری ئاشتی و یەکگرتووین و بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمان وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن لەسەروی بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسیەکان دابنێن.**

**وەڵام**: بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر بناخە تەشکیلاتیەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێکاف) بە هەوڵ و ماندووبوون و ئەندێشە سەوزەکانی پێشەوای ناوداری کورد، قازی موحەممەد، توانی ڕێرەوەی ئەم بزاڤە لە ڕێکخراوێکی بەرچاوتەنگی ناسیونالیستیەوە بگۆڕێ بۆ حیزبێکی مودێرن و سەردەمیانە کە هەنوکەش پاش ٧٧ ساڵ لە دامەزرانی، بیر و هزر وهەڵوێست و سیاسەتی، هژموونی زاڵن بەسەر ناوچەکە و ئێران و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لێکدابران و لێکترازانی حیزبی دیمۆکرات وەک هێزێکی بەهێز و کاریگەر بێگومان شوێندانەری لەسەر خەبات و دەنگی مافخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبووە و ویست و ئاواتی پشتیوانانی ئەم حیزبەش کە خەڵکی کوردستان بوون هەمیشە یەکبوون و یەکگرتووی حیزبە خۆشەویستەکەیان بووە، ئەوەی لەم کورتە وتارەماندا جێگەی سەرنج و تێرامانە یەکگرتنەوەی دیمۆکراتەکانە پاش ١٦ ساڵ لێکدابران کە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویان وەک نوقتە گۆرانێک لە مێژووی ئەم بەرخودان و خۆنەویستیەدا، وەک ڕۆژی ئاشتی و تەبایی تۆمار کرد و دڵی دایکانی شەهید، زیندانیانی سیاسی



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

سەنگەرگرتوو لە بەندی بێدادی و کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب و تێکرا خەڵکی نیشتمانیان شاد و دوژمن و نەیارانی حیزبیان خەمبار و خەونەکانیان کردە بڵقی سەر ئاو.

دیمۆکراتەکان لە ٣٠ی گەلاوێژدا سەلماندیان دەتوانن هێزی چارەسەری قەیرانەکان و بە تایبەت لە ناوخۆیان دا بن، سەلماندیان کە دەتوانن هێزێک بن کە داهێنەری ئاشتی و یەکگرتووین و بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمان وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن لەسەروی بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسیەکان دابنێن.

بێگومان ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ هاندەر بێ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و کاتالیزۆر بێ بۆ کۆکردنەوەی نەتەوەبندەستەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای سیاسیی ئێران وکۆکەرەوی سەرجەم دەنگێکی ئازادیخوازی و دیمۆکرات بێ لە سەرانسەری ئێران دا.

حیزبی دیمۆکرات لە ٣٠ی گەلاوێژدا سەلماندی کە بە فیداکاری پێشمەرگەکانی و سیاسەتی دروست و ئوسولی خۆی کە پشت ئەستورە بە پشتیوانی تێکرا خەڵکی رۆژهەلات، هەردەم حیزبی رۆژی تەنگانە و ولامدەری داوا و ویستی دۆست و خەلکەکەیەتی.

پیرۆزە، یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران.

* ئەندامی رێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## کەماڵ حەسەن پوور




**یەکگرتنەوەی ئەوجارە نابێ تەنیا سازانی ڕێبەرایەتی دوو لا بێ. بۆ پتەو کردنی یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوو، پێویستە حیزب بە گشتی و بەشی تەشکیلات بە تایبەتی، بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ هەوڵ بدات**

**وەڵام**: پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت پێمخۆشە لێرەوە پیرۆزبایی ئەو ڕووداوە گرینگە لە هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بۆ یەکیەتی ناومالّی کورد بە پەرۆشن و هاوکات دەستخۆشی لە ڕێبەریی هەردوو لای دێموکڕات بکەم کە بە پشوودرێژیی و لێبڕاوانە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان گەیاندە شوێنی مەبەست.

**بە بۆچوونی کاریگەرییەکان دەکرێ بەسەر دوو دەستەی کورتخایەن و درێژخایەندا دابەش بکرێن، بۆیە من بۆ هەر کامیان کۆمەڵێک سەناریۆ و کاریگەریی شی دەکەمەوە.**

**کورتخایەن**: دیارە کاریگەریی کورتخایەن هەمووی ئەرێنییە، چونکە ئەو یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و گوڕوتینێکی نوێ دەخاتە نێو دڵی ئەوانەی بەو لێکدابڕانە ناهومێد و تووڕە بوون. گومانی تێدا نییە کە پەرتەوازەیی و دوو یان چەند بەرەکی ژاری کوشندە بۆ خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلات بووە و ببووە هۆی بەفیڕۆ چوونی کات و وزەیەکی زۆر کە دەیتوانی بۆ بەربەرکانی دژی کۆماری سێدارە کەڵکی لێ وەرگیرابا. گومانی تێدا نییە بە یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکڕات، وزە و توانای ئەندامانی ئەو حیزبە دەکرێ بۆ بەرەوپێش بردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کەڵکی لێ وەرگیرێ.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

کاریگەرییەکی ئەرێنی دیکەش کە ئەو یەکگرتنەوە لە کورتماوەدا دەیبێ، هاندانی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵە بۆ لێک نزیک بوونەوە و ڕەنگبێ لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا یەکگرتنەوەی کانی کەم دوو لایەنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی وکوردستانی لێ بکەوێتەوە.

سێهەم کاریگەریی کورتخایەن، دلەڕاوکێی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و گوێ لەمستەکانیانە، چونکە تا گەلی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ناکۆکتر و لێک دابڕاوتر بن، کۆماری سێدارە زۆرتر کەیفی پێ دێ.

**دریژخایەن**: لە درێژخایەنیشدا ئەگەر چەند مەرج دابین بکرێن کاریگەرییەکە ئەرێنی دەبێ. بۆ ئەرێنی بوونی کاریگەریی ئەو یەکگرتنەوە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژخایەندا، **بە بۆچوونی من، ئەو مەرجانە پێویستن:**

١- یەکگرتنەوەی ئەوجار وەک یەکگرتنەوەکەی جاری پێشوو، واتە ئەوەی لە نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، هاتە ئاراوە نەبێ. ئەو کاتی، تاقمێک لە هەردوو لا دەگەڵ یەکگرتنەوەکە نەبوون و بەشێک لە هۆیەکانی لێکترازانی ١٦ ساڵ لەوەپێش دەکرێ لەو یەکگرتنەوە ناتەواوەی ئەوجاریدا بدۆزرێنەوە.

٢- یەکگرتنەوەی ئەوجارە نابێ تەنیا سازانی ڕێبەرایەتی دوو لا بێ. بۆ پتەو کردنی یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوو، پێویستە حیزب بە گشتی و بەشی تەشکیلات بە تایبەتی، بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ هەوڵ بدات لە ماوەی پێش کونگرەدا، بە سازدانی کۆبوونە، سێمینار و چالاکی جۆراجۆر، ئەندامان بە شێوەیەکی باش بە قەناعەت بگەیەنێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و بە فیڕۆ نەچوونی خوێنی شەهیدان و هەروەها ڕەنجی چەندین ساڵە، دەبێ هەمووماں وەک بنەماڵەیەکی مەزن هەڵسوکەت بکەین و بۆ پاراستنی ئەو یەکیەتیە هەموو توانا و وزەی خۆمان بەکار بێنین.

٣- یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکڕات دەبێ ببێتە هۆی لێک نزیک بوونەوە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکەم هەنگاوەکان بۆ دروست کردنی بەرەی کوردستانی. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ گرینگییەکی زۆرتر بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدرێ و کارێک بکرێ ئەو ناوەندە ببێتە دەمڕاستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



پێکبوون، هەوێنی خوێندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

٤- حیزب دەبێ هەوڵ بدات پەیوەندی بەو کەسانەوە بگرێ کە بە هۆی لێکدابڕان، وازیان لە حیزبایەتی هێنا یان بە هۆی دیکە لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا پەراوێز خران و هانیان بدات کە دیسان بێنەوە ناو ڕیزەکانی حیزب.

٥- حیزب دەبێ لە چەند بەرە جموجۆڵێکی بەگوڕ دەست پێ بکات:

- لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری خەڵکی وەزاڵە هاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بدرێ.

- لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بۆ دروست کردنی هاوپەیمانیی و ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی وزە و کاتی پێویست تەرخان بکرێ. گومان لەوە دانییە کە ئێمەی کورد پێویستیمان بە هاوپەیمان هەیە تا بتوانین ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خێراتر بکەین، بەڵام بۆ دووپات نەبووونەوەی ئەزموونی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، دەبێ لە ئێستاوە بزانین دەستکەوتمان لە چوونە ناو هاوپەیمانییەکان چی دەبێ.

- لە ئاستی ناونەتەوەیی، بە تایبەتی یەکیەتی ئورووپا و ئەمریکا، بە دەستنیشان کردنی وەفدی هاوبەش، کاری دیپلۆماسی ناونەتەوەییمان بەهێز بکەین.

- ڕۆژی یەکەم کە حیزب دروست کراوە، بۆ بەڕێوەبەریی وڵات دروست کراوە. کەوابوو دەبێ بەشێک لە وزە و توانای حیزب (بە هاوفکریی هاوپەیمانانی ناوەندی هاوکاریی) بۆ ڕاپەڕاندنی هێندێک ئەرک وەک دەوڵەتی ئەرکدار بەرانبەر بە قەیرانەکانی جۆراجۆری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەرخان بکات.

- حیزب هیچکات نابێ لەوە خافڵ بێ کە کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوەکانی لە پیلانەکانیان بۆ دڵسارد کردنەوە، نانەوەی دووبەرەکی و هەروەها هێرش و تێرۆر بە دژی حیزب دەست هەڵناگرن. کەوابوو هۆشیاریی و دانانی پلانی پێویست بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵانە پێویستییەکی نەگۆڕە.

لێرەدا ئاماژە بە دەستەواژەیەک گرینگە، ئەویش دەستەواژەی کۆمەڵگەی خەیاڵییە. کۆمەڵگەی خەیاڵی وەک هەراری شیکردۆتەوە بەو کۆمەڵگەیە دەڵێن کە خەڵکەکەی یەکتر ناناسن بەڵام وا بیر دەکەنەوە کە یەکتر دەناسن. حیزب (مەبەست هەموو حیزبێکە) نموونەیەکی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە. بە کردەوە شتێکی فیزیکی بە ناوی حیزب بوونی نییە، بەڵکو حیزب پێکهاتووە لە ئەندام و لایەنگرانی. کەوابوو کاتێک دەڵێین حیزب ئاوای کرد یان حیزب ئاوای نەکرد، مەبەست خۆمانین،



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

واتە ئێمە تاکەکانی ئەندام و لایەنگری حیزب. هەرکام لە ئێمە دەتوانین بە ئاکار و هەڵسوکەوتمان ببینە هۆی سەرکەوتنی حیزب یان بە پێچەوانە ئەگەر نەزانانە بجووڵێینەوە، ببینە هۆی نسکۆ و پاشەکشەی حیزب.

ئەو خەیاڵەی ئێمەی هانداوە حیزبایەتی بکەین و توانا و وزەی خۆمان بۆ حیزب تەرخان بکەین، واتە ڕزگاریی نەتەوەکەمان، لە توانای هیچکام لە ئێمە وەک تاک دانییە. بەڵام کاتێک ئێمە دەست بدەینە دەست یەکتر و بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە لە چوارچێوەی حیزبدا هاوکاریی بکەین، سەرکەوتنمان مسۆگەرە. لەبیرمان بێ بۆ وەدیهاتنی ئامانجی مەزن، هاوکاریی هەرەوەزیی و هەمەلایەنە پێویستە. مرۆڤ سەلماندوویەتی لەو بوارەوە لەگەڵ ئاژەڵانی دیکە جیاوازیی هەیە و ئێمەش بۆ جێبەجێ کردنی خەون و خەیالە مەزنەکانمان دەتوانین و دەبێ کەڵک لە حیزب وەرگرین. کاتێک چەند حیزب، بە هاوپەیمانی، وزەکانیان یەک خست، ئەو کاتی ڕزگاریی و ودیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد کارێکی دژوار نییە.

لە کۆتاییدا داوام ئەوەیە دەگەڵ یەکگرتنەوەی حیزب، هەمووماان لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە. ڕابردوو لەبیر نەکەین، بەو مانایە کە وانەی لێ وەرگرین و خۆ لە دووپات کردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو ببوێرین. ڕابردوومان پێ ناگۆڕدرێ، بەڵام بێتوو وریا و یەکگرتوو بین دەتوانین داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆخۆمان و بۆ گەلەکەمان مسۆگەر بکەین.

---



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## پۆلا نانەوازادە




**هەنگاوی یەکەمی دوای یەکگرتنەوەی حیزب و لە یەکەم کۆنگرەی دوای یەکگرتنەوەدا حیزب بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی سەرەکی خۆی، واتە ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی و کۆماری کوردستانێکی نوێ.**

**وەڵام**: یەکگرتنەوەی حیزب پێداویستێکی زۆر گرینگی ئێستای خەباتی گەلەکەمان بوو کە دەبوایە کرابا و بەخۆشییەوە کرا. ئەم یەکگرتنەوە هێز و وزەیەکی تازە دەبەخشێ بە تاکی کورد بۆ هیوا بە دوارۆژ و بە سەرکەوتن و تەم و مژی لێکدابڕان و پەرشوبڵاوی ڕیزەکانی کورد کە گەورەترین نەخۆشی بووە بە درێژایی مێژوو لەسەر کورد تا ڕادەیەک دەڕەوێنێ. من بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە حیزب و خەڵکی کوردستان دەکەم و هیوادارم کۆمەڵەش لەو بەربڵاویی و پارچە پارچە بوونە خۆ ڕزگار بکا و یەک بگرنەوە و بە تێکڕایی و لەگەڵ حیزبەکانی تری کوردستان، بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و بەرەیەکی کوردستانی هەنگاو هەڵێننەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی چوونە سەری ڕادەی خوێندەواری خەڵک لە چەند دەیەی ڕابردوودا، هەستی نەتەوایەتیی و تێگەیشتنی سیاسی خەڵک تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر چوونە سەر و ئیتر کوردایەتیی ئاوێتەی ژیانی خەڵک بووە و جووتیار و بازاریی و قوتابی و کارمەند و وەرزیشکار و ژینگەپارێز و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەست بەو زوڵمە نەتەوایەتییە دەکەن کە لێیان دەکرێ و دەزانن کە قازانج و بەرژەوەندی ئەوان لەوە دایە کە دەستی داگیرکەریان لەسەر نەمێنێ. چوونە سەری خوێندەواریی و تێگەیشتنی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی سەدان پسپۆڕی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

کوردی بارەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسی لە دنیا دا وای کردووە کە ئیتر حیزبەکانی هەڵسوور لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵات، نەتوانن وەک جاران بەکەیفی خۆیان و بێ سەرنجدان بە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی کادر و پێشمەرگەکانی خۆیان سیاسەتەکانیان بەرەو پێش بەرن. من کادر و پێشمەرگەیەکی حیزبم پێ شک نایە کە باوەڕی قووڵی بە ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان نەبێت. بۆیە زۆر هیوادارم کە هەنگاوی یەکەمی دوای یەکگرتنەوەی حیزب و لە یەکەم کۆنگرەی دوای یەکگرتنەوەدا حیزب بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی سەرەکی خۆی، واتە ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی کوردی و کۆماری کوردستانێکی نوێ.

ئەوە بەو مانایە نییە کە لە هەنگاوەکانی بەرەو دێمۆکراسی ئێرانییەکان ئەگەر بێتوو بهاوێژرێ پشتیوانی نەکرێ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئاماجی سەرەکی کورد کە وەدەستهێنانی سەروەری سیاسییە لە حیزبە ئێرانییەکان نەشاردرێتەوە و بە ئاشکرا و بانگی محەممەدی بگوترێ کە کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری ئێران و جیهان مافی سەتاسەتی خۆیەتی وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و فارس و تورک و عەرەب حکوومەتی بەسەردا نەکەن. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا ئەوەی زۆر چاک دەزانن کە خەڵکی قوم و کاشان و مەشهەد و ئیسفەهان بە ئەوان ناگۆڕدرێ و دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە و لە وڵاتێک دا کە بە ٨٠ میلیۆن دانیشتۆوە تاقە یەک نەفەری وەک ئیسماعیل بێشکچی لێ هەڵنەکەوتووە دێمۆکراسی وەدی نایە.

من جارێکی دیکەش بەدڵ پیرۆزبایی دەکەم لە حیزب و خەڵکی کوردستان و هیوای ڕزگاری و سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان دەخوازم. بژی کورد و کوردستان.

سەربەخۆیی گەلی کورد زامنی ئازادی ئەوە

تاکوو ژێردەست بێ دێمۆکراسی وەدی نایە خەوە

ستۆکهۆڵم ٢٨ - ٨ - ٢٠٢٢



یەکبوون، هەوێنی خۆڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## ئێقباڵ سەفەری




**حیزبێک کە گەلێکی دیاریکراو، لە جوگرافیایەکی جیاوازدا خاوەنداریەتی دەکا، نە دەکرێ و نەش دەتوانێ دێموکراسی بۆ ئێران بەدی بێنێ، با دەست لە درۆشمدان هەڵ بگرین و قسەی دڵی خەلکێک بکەین کە بەدایم قوربانی بۆ رزگاری خۆی دەدا.**

**وەڵام**: هەر کۆدەنگی و یەکگرتنەوەیەک، یەکرێزی و هاوهەڵویستی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردی لەهەر پارچەکی کوردستان رووبدات، دەبێ پشتیوانی لێبکرێت و رێزی لێ بگیرێ. سەبارەت بە وەسەریەک کەوتنەوەی دوو دێموکراتیش، پیرۆزە و دەبێ دەستخۆشیان لێ بکەین و پشتیوانی لێ بکەین.

ئەوەی کە وەسەریەک کەوتنەوەی دوو دێموکرات چ رۆڵێکی لەسەر بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ، دابەشی دەکەمە سەر سێ قۆناخدا کە هەرکامەیان بۆ بارودۆخێکی جیاوازە.

**یەکەم**: لەسەر حدک و حدکا:

بێشک شوینەواری باشی لەسەر کارو چالاکی، روحییەی شۆڕشگێڕی و بەرخۆدان، سەقامگیری ناوخۆی و تەشکیلاتی دەبێ، ئەمەش بۆخۆی حیزب دەباتە قۆناخێکی نوێیەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەناو ئوپۆزسیونی ئێرانیدا بکا، رۆڵێکی باشتر و


یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

چالاکتری دەبێ لە کۆکردنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکە چە سەربەخۆیخواز و چ فیدرالی، هەروەها هەوڵی چالاکتری دەبێ بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان هاوپەیمانیەک لەگەڵ هێز و ریکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، قورسایەکی بەهێزتری دەبێ بۆ پەیوەندی و دۆستایەتی بەرچاوتر لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و نابی هەڵاواردن بکا، چ لەگەڵ ئەوانەی رۆژهەڵات یان پارچەکانی دیکە.

**دووهەم**: لەوەدا گومان نییە کە رۆڵ و کاریگەری باشی دەبێ لەسەر گەلی کورد لە هەر پێنج پارێزگاکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ورمێ، کرماشان، لوڕستان، ئیلام و سنە. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەر و خێرا بێ، دەبێ کاتی زیاتر تەرخان بکا بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی کارا کە لەوێ پێداچوونەوەیەک بە سیاستی چەقبەستوی خۆبەستنەوە بەو ناوە هەڵبەستراوەدا بکاو نەترسانە ئامانج دوارۆژی بگۆڕێ بۆ سەربەستی نەتەوەیی - نیشتمانی. چوونکە حیزبێک کە گەلێکی دیاریکراو، لە جوگرافیایەکی جیاوازدا خاوەنداریەتی دەکا، نە دەکرێ و نەش دەتوانێ دێموکراسی بۆ ئێران بەدی بێنێ، با دەست لە درۆشمدان هەڵ بگرین و قسەی دڵی خەلکێک بکەین کە بەدایم قوربانی بۆ رزگاری خۆی دەدا.

**سێهەم**: پاش تێپەڕاندنی ئەو دوو قۆناخە بەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، بگرە بەنەختێک ئاڵوگۆڕیشەوە، دوژمنی داگیرکەریش حیسابی لێ دەبا، دونیای دەرەوەی دۆستیش، لە سیاسەتی خۆی بە شێوەیەکی دیکە جیا لە هەنوکە، حیسابی بۆ دەکا. ئەم قۆناخە دەکەوێتە پاش بەڕێوەچوونی کۆنگرەی هاوبەش. واتە حیزب وردە وردە ریزەکانی خۆی بۆ قۆناخەکانی بەردەم رێکدەخا، تەشکیلاتی ناوخۆی رۆژهەڵات دەبوژێنیتەوە، تەشکیلاتی دەرەوە چالاک دەکاتەوە و رۆڵێکی کاریگەرتر دەداتە تەشکیلاتی دەرەوە و دەستیان ئاواڵە دەکا لە لۆبیکردن و دیپلۆماسی کردن. بەکردەوە و بیهەڵاواردن لە هەمو هێزەکانی رۆژهەڵات دەگێڕێتەوە بۆ کۆنفرانسێکی هاوبەش بۆ دیالۆگ و وتوویژ بۆ پیکهینانی بەرەی کوردستانی رۆژهەڵات، تەشکیلاتی دەرەوە ئەرکدار دەکا بۆ کۆکردنەوەی هیزەکانی نەتەوەکانی دیکە. لە پاش بەرەوپێشچوون لە وقۆناخانەدا، بەهێزێکی یەکگرتو بەرەورووی هێزەکانی ئێرانی دەبنەوە و دواقسەی خۆیان لەگەڵیان دەکن. لێرە ناکرێ کات بۆ هەموو ئەو قۆناخانە دیاری بکرێ، هەموی پەیوەندی بەوە هەیە کە لە کۆنگرەی داهاتو چ ئاڵوگۆڕێک لە ساختار، تاکتیک و ستیراتیژی خۆیدا پیک دێنێ. بۆخۆم لەو بڕوایەدام کە حیزبی دێموکرات چی دیکە ناتوانێ بەو سیاسەت و ستراتیژییەی کە تاکو ئێستا هەیبوە، بگاتە ئامانجێک بۆی دامەزراوە.

لەگەڵ رێز، ئێقباڵ سەفەری ٢٧ - ٥ - ٢٧٢٢



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## شەونەم هەمزەیی




**هەر تاک و ئەندامێکی ئەم حیزبە لە بەرامبەر وتە و چۆنیەتیی کرداریدا بەرپرسیارە و دەبێ بە پارێز و یەکیەتیخوازییەکی زۆر زیاترەوە بجووڵێتەوە. ئەمە ئەرکی هەر هەمووومانە و من من و تۆ تۆی تێدا نییە،**

**وەڵام**: ساکارترین تایبەتمەندی و ڤازانجێک کە بۆ مێژوو باسی لێ دەکرێ، وانە وەرگرتنە؛ واتە مێژوو پێمان دەڵێ بۆ ئێستا و داهاتوو چ بکەین و چ نەکەین و بەجۆرێک لە جۆرەکان چرای ڕێگامانە لە ئەگەری تاریک بوونی ئەو ڕێگایانەی لە هەوڵ و تێکۆشاندا دێنە بەردەممان. هەر کاتێک ئاوڕ لە مێژووی پڕلە قارەمانەتی و نسکۆ و شکستی نەتەوەی کورد دەدەینەوە، نادیاریی ئێلێمانی گرینگی یەکگرتوویی و یەکڕیزی، هۆکاری سەرەکی بە ئامانج نەگەیشتنەکانی هەموو ئەو هەوڵانە بووە.

بەداخەوە بۆ زانینی ئەم هۆکار و فاکتۆرە گرینگەی کە دەتوانم بڵێم پشتی زۆربەی بزووتنەوەکانی لە عەرز داوە، پێویست ناکا زۆر ورد بینەوە و شەنوکەوی گشت لاپەڕە و دێڕەکانی مێژوومان بکەینەوە، چون هەر لە دووڕا دیارە. ئەم دیاردە دزێوە ئەوکی حیزبی دێموکراتیشی گرتووە، چ لە ڕابردوویەکی دووردا و چ لە ڕابردووی نزیکیشماندا. دواییینیان هەر ئەم لێکترازانەی پاییزی ساڵی ٨٥ی هەتاوی بوو، کە بۆ ماوەی نزیک بە ١٦ ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کەرت کرد و هەرکام لە دوو باڵی ئەم حیزبە بەجیا خەبات و تێکۆشانیان دەکرد و کۆمەڵێک لە وزەی زۆری ئەندامان و کادر و پێشمەرگەی ئەم دوو حیزبە بەنایەکگرتوویی خەرج دەکرا .بەخۆشییەوە ئەم چاوەڕوانییانە کۆتاییی پێ هات و لە ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٤٠١)دا بۆ جارێکی تر دێموکراتەکان یەکیان گرتەوە و لەمەو بەدوا لەژێر ناو و ناونیشانی حیزبی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە خەباتیان دەدەن.

بەم پێشەکییە کورتەوە بۆ ئەم مێژوووە درێژە دەچینە سەر وڵامی پرسیارە سەرەکییەکە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی پێویست بوو دیموکراتەکان یەک بگرنەوە؟ و ئەم یەکگرتنەوەیە چ کاریگەرییەکی دەبێ لە داهاتووی تێکۆشانی ئەم حیزبەدا؟ وەک باس کرا مێژوو بۆ وانە وەرگرتنە، وانەکەشی ڕوونە و ئەمەیە کە بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەرتر بکەین پێویستە یەکڕیز و یەکگوتار بین و خۆ لە پەرشوبڵاوی ببوێرین. ناوکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی وەک دوژمنی سەرەکیی خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان، بەداخەوە تا ئێستاش ناوکێکی یەکگرتوو بووە و هەموو کێشە و ناکۆکییەکانیان فیدای مانی قەوارەی سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کراوە، یانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی چارەسەری هەموو وردە و درشتە کێشەکانی نێو بازنەی دەسەڵات بووە و هەر ئەوە بووەتە کۆتا مەرجەع و سەرچاوەی کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات هەتا بەم کاتە. یەکێک لە یەکەم هەنگاوەکانی خەبات ناسینی خۆ و ناسینی هێزی بەرامبەرە، بەم پێیە ئێمە کە سەرنجی دەسەڵاتی لەمپەری بەردەم خەباتمان دەدەین، بە هیچ شێوەیەک گونجاو و لۆژیکی نییە کە بە پەرتەوازەییەوە بەرەورووی وەها سیستمێک ببینەوە.

دەمەوێ بڵێم لەم سەردەمەدا و لەم کاتە هەستیارانەدا کە جیهان و ناوچە و نێوخۆی وڵات بە ڕووداوی جۆراوجۆرەوە دووگیانە، ئێمە نابێ و بۆمان نییە دوور لەیەک و لە ڕێی جیاوازەوە خۆمان بۆ ئەگەرەکانی دادێ ئامادە بکەین؛ ڕاستە لە شۆڕشدا گەرەنتییەک بۆ سەرکەوتن نییە، بەڵام یەکیەتی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی - کە دەبێ ببێتە پلانی ئای ئێمە - نزیک نزیکمان دەکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکانمان، دوای جێگیرکردنی یەکیەتی و یەکڕیزییەکەیە کە پلانەکانی بێ هەتا پێ دەبێ دابڕێژرێن .ئەم ئێلێمانە گرینگە بەخۆشییەوە لەلایەن پشتیوانانی سەرەکیی حیزبی دیموکراتەوە بەباشی وەرگیراوە و بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە بیر و کردار و وتاریان، مەبەست لە پشتیوانانی سەرەکیی حیزبی دیموکرات، خەڵکی ئاگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆیەش هەرگیز نەیانویست باوەڕ بکەن ئەم حیزبە دوو حیزبە و هیچ کاتیش لەو ڕووداوە تاڵە مێژووییە خۆش نەبوون و هەردەم پێیان برینێکی سەرئاوەڵا بوو. خەباتی حیزبی دیموکرات ڕوونە بۆ کوێیە و بەردەنگەکەی کێیە، هەمان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە پێش لە ئێمە هەستیان بەو پێویستییە مێژووییە کردووە. ئێمە لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی کە خەباتی لەدژ دەکەین، تەنیا یەک چەکی سەرەکیمان هەیە، ئەویش ئەو خەڵکە و ئیرادە و باوەڕ و ویستیانە، کەواتە - هەرچەند درەنگ - بەڵام دەبوو بەپیر ویستیانەوە هاتباین و بەخۆشییەوە هاتیشین .

لە ئەمڕۆدا کە دەنگی ویستی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرزترە لە دەنگی باتۆم و فیشەکی ڕێژیم، ئەم یەکڕیزییە - کە هیوادارین نموونەی زیاتر بێ - ورە و وزە و دڵگەرمییەکە لانیکەم بۆ بەشی کوردستانی ئەو جوغرافیا سیاسییە. ئێمە دەزانین کە وتاری زاڵی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەڵێم زاڵ مەبەستم ئەوەیە بەخۆشییەوە وتاری جۆراوجۆر لە مەیدانی سیاسەتی کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، بەڵام وتارە زاڵەکە وتاری نەتەوەییە. لەم وتارە



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

سەرچاوە Serchawe

نەتەوەیی‌یەش‌دا بۆچوونەکان جیاوازن و دیسانیش ڕەنگاوڕەنگیی پێوە دیارە، بەڵام ویستی سەرەکییەکەی دابین‌کردنی مافە مرۆیی‌یەکانی مرۆڤی کوردە لەو پارچە لە کوردستان، کە بەبوێرییەوە دەڵێم حیزبی دێموکرات لە خاوەن‌داریەتیی ئەم ویستەدا، پتر لە هەمووان ناونیشانە و جێگەی سیقە و باوەڕ.

بۆیە لێرەش‌دا دەردەکەوێ و بۆمان ڕوونە کە یەکڕیزییەکەی باشترین و بەهێزترین کاریگەریی دەبێ لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و ئەوانیش هان دەدا بەرەو یەکڕیزییەکی زیاتر و تەنانەت ئەو پوتانسییەلەی تێدایە کە وتارەکانی دیکەش بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی لەپاڵ خەبات بۆ گەیشتن بە ویستە جیاوازەکانیان، خەباتی نەتەوایەتییش بگونجێننە نێو بابەتەکانیەوە و ئەوەش ببێتە مژار و ویستی سەرەکی و لەپێشی ئەوان. ئەوەش لێرەدا زیاد بکەین و بڵێین حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەتەمەن و بەڕابردوو لە ئاستی کوردستان و ئێران و ناوچەدا، کە هەردەم نموونەی حیزبێکی کارنامە زێڕین بووە، دەتوانێ بۆ جارێکی تریش وەک سەرباشقە ببیندرێ و حیزب و لایەنە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێستای ئێران و حیزبەکانی پارچەکانی تریش لە کوردستان، بە هیوا بە دواڕۆژ و داهاتوویەکی گەش و ئاوەدان، بە یەکڕیزییەکی زیاترەوە هەنگاو بنێن هەتا بە مافە مرۆیی‌یەکانی خۆیان بگەن.
لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی حیزب و تێکۆشانەکەی‌دا، دەتوانین بڵێین کۆبوونەوەی وزە و بیرۆکە و توانای زۆرتر لە دەوری یەک ئامانج و کارکردنیان لە چوارچێوەی یەک کەرەستەدا، هەروەها بەدوای ئەوەدا سەرهەڵدانی کێبەرکێیەکی مۆدێرن و ئەمرۆیی و تەندروست لەنێوان ئەندامەکانی ئەم بنەماڵە گەورەیەدا، دیسانیش هەروەها یەک ناونیشانیی حیزب بۆ ڕاکێشانی خوێنی نوێ بۆ دەمارەکانی شۆڕش، لە کەمترین کاریگەرییە ئەرێنییەکانی یەکگرتووین لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەردەوامییەکەی لە خەباتی چەندین ساڵەی خۆی‌دا. کەمتر وتەیەک هەیە بێ‌بەڵام بێ، بۆیە بەڵامی ئەم وتارەی منیش تایبەتە بەوەی کە هۆشدارییەک بدەم! ئەرکی گەورە کە یەکخستنەوە بوو، بەجێ هێنرا، بەڵام ئەرکی گەورەتر پاراستن و بەهێزتر کردنی ئەم یەکیەتییەیە. بۆیە بەڕاشکاوییەوە بیڵێم هەر تاک و ئەندامێکی ئەم حیزبە لە بەرامبەر وتە و چۆنیەتیی کرداری‌دا بەرپرسیارە و دەبێ بە پارێز و یەکیەتی‌خوازییەکی زۆر زیاترەوە بجووڵێتەوە، ئەمە ئەرکی هەر هەموومانە و من من و تۆ تۆی تێدا نییە؛ ئەرکمانە پاراستنی ئەم یەکڕیزییە و نابێ بە هیچ کلۆجێک بچینە مەیدانی کایەی دوژمنانمانەوە کە دژی یەکیەتیی ئێمەن. وەک کۆتا وتەم لەم وتارەدا، سەرەتا سپاسی هاندەران و دوایەش بکەرانی ئەم پرۆسە و ویستە گەورە و بەجێیە دەکەم، پاشان پیرۆزبایی دەڵێم بە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەکانیان و خەڵکی بەشەرەفی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## د. مەجید حەقی




**یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کۆتایی نیە، بەڵکوو خاڵی دەسپێکی کردنەوەی قۆناغێکی نوێیە لە هەموو بوارەکانی خەبات لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا دیپلۆماسی، دیاسپۆرا و خەباتی شاخ و شار**

**وەڵام**: برای هێژام کاک ڕەحمان نەقشی، گەلێک سپاس بۆ بەسەرکردنەوەتان و ورژاندنەوەی ئەو پرسیارە. هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی بۆچوونی خۆم لە مەڕ پرسیاری ئێوە بنووسم. بەو هیوای ڕووی مەجلیسی هەبێت و بە ڕادەی دڵۆپێکیش بێت خزمەت بە بەهێزکردنی دیواری بڕوا و پەرەسەندنی یەکیەتیی نەتەوایەتیمان بکات.

لە ماوەی شانزدە ساڵی رابردوودا قەیرانی بڕوا دیاردەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاو و ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەکۆی کێشەکان و تێکهەڵچوونەکانە، لەو جوغرافیایەدا بەداخەوە ڕێکخراوەکان، مرۆڤەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش زۆر خێرا تووشی لەبەرامبەر یەکتر ڕاوەستان دەبن بەڵام زۆر زۆر بەدەگمەن پێک دێن و ئاشتی دەکەن. کۆمەلگای کوردستان کۆمەلگایەکی تێکشکاوە .(Broken society) بۆیە زۆر خێرا بچووکترین کێشە دەتوانێت ببێتە هۆی لێکدابڕان و دوور کەوتنەوە. لە ماوەی شانزدە ساڵدا نەوەیەکی لێکدابڕاو پەروەردە کراوە کە لە هەموو بوارێکەوە لەژێر شوێندانەری قەیرانی بڕوادا بوو. لەوەها هەلومەرجێکدا ڕێبەرایەتی لایەنەکانی حیزبی دێموکرات دوای ماراتۆنێکی دوور و درێژ سەر ئەنجام بە پێچەوانی شەپۆلی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا جووڵانەوە و بەبێ بەشداری لایەنی بەرامبەر پرۆسەی یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکراتییان بە خالی کۆتایی گەیاند.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

**یەکەم کارتێکەریی** ئەم دیاردەیە گەشانەوەی هیوایە، بەهێز بوونی هێزی بڕوا بەخۆ بوون و چاندنی تۆی کولتووری وێکگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ریزەکانی بزاڤی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. پرۆسەی یەکگرتنەوە پرۆسەیەک بوو ئەوەی لانی کەم لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا ڕێز لە جیاوازییەکان و پلۆرالیزمی ناوخۆیی بگیرێت و بە دانپێنان بەو جیاوازییانە، ئەو فرەڕەنگییە بکرێتە هەوێنی کۆبوونەوە لە دەوری بایەخە هاوبەشەکان و ئامانجی گەورەتر. پرۆسەیەک بوو بۆ فێربوونی ڕاهاتن و گفتگۆ و دیالۆگ کردن لە گەڵ ئەوی دیکە. ئەوی دیکەیەک کە لەوانەیە وەک خۆمان بیر نەکاتەوە. ئەمە خاڵی جەوهەری و سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەیە. چونکە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و هەوڵدان بۆ وێکگەیشتوویی جڤاکی دەبێتە هۆی توانەوەی سەهۆلی بێبڕوایی و لەناوچوونی قەیرانی بڕوا. چونکە تا ڕۆژێک قەیرانی بڕوا هەبێت، داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەمان دەتوانن ئەو قەیرانە بکەنە سووتەمەنی تێکشکاندن و سووتاندنی بنەماکانی هێز و بڕوای یەکبوونەوەمان.

**کارتێکەریی دیکە** ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆرتر لە چوارچێوەی حیزبێکی گەورەتردا سازماندەدرێت و سەرمایەی مرۆڤی، هزری و ماددی کۆمەڵگا لە یەک سەنگەردا لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکان بەکار دێن و بەوە لەلایەک لە ئاستی گشتی کوردستاندا ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی خۆی بەدەست دێنێت و شوێنی شیاوی خۆی لە جوغرافیای سیاسی ناوچەدا دەدۆزێتەوە و لەلایەکی دیکەوە لە ئاست ناونەتەوەییدا دەتوانێت ببێتە دەسپێکێک بۆ بەرەو پێشبردنی دیپلۆماسی نەتەوەیی و ڕزگاری خوازنە بە جیاتی دیپلۆماسی حیزبی.

یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکرات دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شەپۆلی یەکگرتنەوە لە ناو خودی وڵاتیشدا گەشە پێبکات و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی و هێزی گەورەتر و بەرفراوانتر کۆ بنەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە هیوادارم بۆ ئەوەی هاندەرێک بێت حیزب و ڕێکخراوەکانی لێکدابڕاوی دیکە بەتایبەت کۆمەڵەکانیش یەکگرتنەوەی خۆیان بەدەست بێنن و ئەمە ببێتە دەسپێکی کۆتایی لەت لەت بوونی کۆمەڵگا.

هەر لەوکاتەدا ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێت هەستی بەرپرسایەتی چالاک و بەرپرسانی سیاسی ناو حیزبەکان زیاد بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگای سیاسی کوردستان بە دانپێنان بە پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان تەنانەت لە دوارۆژدا پەرلەمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بێت بۆ ئەوەی سیاسەتە گشتیەکانی نەتەوایەتی و خەباتی ڕزگاری خوازانەمان نەتەنیا لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەی حیزبەکان بەڵکوو لە ئاستێکی نشتیمانیدا بڕیاری لەسەر بدرێت و ببێتە هەوێنی یەکیەتی نەتەوایەتی و سازماندانی بەرفراوانتر لە بازنە و ڕێکخراوەکانی حیزبی.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتنەوە لە گەڵ خۆی زۆر پێویستی تازە دەخوڵقێنێت، بۆیە بە بڕوای من یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کۆتایی نیە، بەڵکوو خاڵی دەسپێکی کردنەوەی قۆناغێکی نوێیە لە هەموو بوارەکانی خەبات لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا دیپلۆماسی، دیاسپۆرا و خەباتی شاخ و شار.

١ - ٩ - ٢٠٢٢

---



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## تاهیر مەحمودی




**با هەمووومان بە یەکدڵی و یەک هەڵویستی، بۆ هەرچی زیاتر پتەوکردنی ئەو یەکگرتوویە هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ و کارێک بکەین دڵی دۆستانمان شادو چاوی نەیارانمان، کویّر بکەین**

**وەڵام**: سەرەتا پڕ بە دڵ پیرۆزبایی دەکەم لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان. وە سەرجەم ئەندام و کادرو پیشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە کە هەن. وە هەموو ئەو کەسانەی بەو هەنگاوە گرینگ و بەجێیە خۆشحاڵ بوون. دڵنیام بەم کارەمان روحی شەهیدەکانیشمان شاد بوو، یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەسکەوتێکی زۆر مەزنە کە دەبێ بە هەمووومانەوە بیپارێزین. بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، خاوەنی ڕابردوویەکی پڕ لە سەروەری و خەبات و قوربانیدانێکی زۆرە، ئەو خەباتە بەشێکی بە شیوەیەکی ئۆرگانیزەکراو، حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانن کە حیزبی دێموکرات یەک لەو حیزبە کاریگەرو ناسراوانەیە. بەشێکی تریش رێکخراوە مەدەنیەکان و چالاکانی مەدەنی. چالاکانی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەلایەتی و... دیارە بەشی ئەسلی لە هەردووک ئەوانە زیاتریش کە بیگومان لیک جیا نین کۆمەلانی خەلکی کوردستانن کە رەنگە لە گەڵ هیچ حیزب و ریکخراویکیش نەبن. بۆچی پێموایە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، کارتێکەری ئەرێنی لەسەر بزاوی کورد لە رۆژهەڵات دەکات؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ بۆ وڵامدانەوەی شرۆڤەی پێویستی بۆ بکەین. حیزبی دێموکرات لە ژینگەو جوغرافیایەک لە دایک بووەو کاری تێدا کردوەو دەکا، کە رۆژهەڵاتی کوردستانە. دروشم و ئامانج و کارو کردەوەکانی بۆ خزمەت بە دۆزی رەوای خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان بووەو دەبێ. دژ بە دوو رێژیمی سەرەرۆ و یاغی، پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی خەباتی کردووە. لە



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

هەموو شێوازێکی خەباتی ڕەوا کەڵکی وەرگرتوە بۆ بەرەو پێشچونی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات. ئەو حیزبە خاوەنی کۆماری کوردستانە، کە وەک ئەستێرەیەکی پرشەنگدار لە مێژووی کورد دەدرەوشێتەوە. ئاڵای کوردستان، نێوی پیرۆزی پێشمەرگە، سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب بەشێکن لە شانازییەکانی ئەو حیزبە. لەوەش زیاتر حیزبی دێموکرات لە ڕێگای گەیشتن بە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بە هەزاران کادرو پێشمەرگەو ئەندامی شەهید بوون کە لە نێویان دا ڕیبەرانی شەهیدمان پێشەوا قازی، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی دەبینرێن. کام شارو گوندی کوردستان و کام شاخ و دۆڵ و جێگا ماوە کە ڕۆڵەکانی ئەم حیزبە فیداکارییان تێدا نەکردبێ و شەهیدیان تیدا نەدابێ؟ کەوایە حیزبێک بەو سیاسەتە دروست و واقیعبینانەی، بە هەلسەنگاندنی هەلومەرجی خەبات و لێکدانەوەی زەرورەتی یەکریزی. و یەکگرتوویی هەنگاوێکی ئاوا مەزن هەلدەگرێ، شتێکی سروشتیە کە کاردانەوەی ئەرێنی دەبێ خەڵک پێ خۆشحال دەبێ. چونکە ئەو حیزبە لە هەناوی کۆمەڵانی خەلکی کورستانەوە هەڵقوڵاوە. دەبێ قبوڵ بکەین کە دوژمن بە کگرتوویی و یەکریزیمان نارەحەت و خەمبارە. کاتێک دژی یەکترین و ناتەباین، جیا لەوە دوژمن سوودی لێ دەبینێ، ناچارین هێزو تواناکانمان لە بەربەرەکانی یەکتر و سرینەوەی یەکتر بەکاربێنین. لە کاتی ناتەبایی و دژایەتی کەم هەڵدەکەوێ خاڵە بەهێزەکان و فرسەتەکان وەک خۆی ببینرێ، ئەم دوو دێموکراتیە لە گەڵ ئەوەی زۆر ناخۆش بوو، بەلام بەردوامی هەردوولا لە خەبات، شانازی بە مێژوو رابردووی حیزب وە مانەوە لە مەیدان جیگای دەستخۆشیەو پێویستە ئەو جیاییە ببێ بە دەرس و ئەزمونێک تاوەکو بیر لە جیایی و دردۆنگی نەکەینەوە. لە یەک ڕستەدا دەبێ بلێم. بەهێزی حیزبی دێموکرات یانی بەهێزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. بە پێچەوانەش بێ هێزی و لاوازی حیزب یانی لاوازی و بێ هێزی جولانەوە. ئەوە ڕوو بە ڕۆژهەلات بوو، بەلام بە یەکگرتوویی لای هێزو لایەنە سیاسیە خاریجی، ئێرانی و کوردستانی ڕێزو حورمەتیکی ترمان دەبێ و لەوەش گرینگتر هێزو تواناکانمان کە لە ژمارە نایەن، ڕوو بە دوژمن دەخەینە کار. بەو لێکدانەوەیە پیموایەو دڵنیاشم، بریارەکەمان دروست و لەجێی خۆیدا بووە. با هەمووشمان بە یەکدڵی و یەک هەڵوێستی، بۆ هەرچی زیاتر پتەوکردنی ئەو یەکگرتوویە هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ و کارێک بکەین دڵی دۆستانمان شادو چاوی نەیارانمان. کوێر بکەین.

سڵاو لە یەکگرتوویی و پیرۆزە یەکریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بە حورمەتەوە تاهیر مەحمودی ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## ئەفراسیاب گرامی:




**گرینگترین لایەنی لاوازی یەکبوون، ناشەفافبوون و ناڕوونبوونی چۆنیەتی یەکگرتنەوە و ساخبوونەوە لەسەر دەسکەوتەکانی یەکترییە کە دەتوانێ لە داهاتوودا کەلێنی گەورەتری لێبێتەوە.**

**وەڵام**: بەر لەوەی بچینە سەر باسی کاریگەرییەکانی یەکگرتنەوە، پێویستە خوێندنەوەیەک بۆ دەرکەوتنی جیاوازییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەلێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی کورد، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بکەین. هەر کەلێن و بەربەستێکی سیاسی لە ناو بزووتنەوەی کورددا سەرهەڵدەدا، بەڕای من سێ هۆکاری، جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆیی، کەم یان زۆر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە. دەرکەوتنی جیاوازییەکان ئەگەر نەبینرێن و لە ڕوانگەیەکی دێموکراتیکەوە، مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ، ئەوا کەلێنی گەورەتر لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد ڕوو دەدات. لە ڕوانگەی نێونەتەوەیی‌یەوە، باڵانسی هێز لە دنیادا، خوێندنەوەی ژێئۆپۆلیتیک و ئاراستەی ئابووریی سیاسیی کەلانی زلهێزەکان (واتە ماکرۆهێزەکان)، خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ دابەشکردنی هێز لە کوردستاندا درووست دەکات. دنیای تاکجەمسەریی و ستراتێژی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و ڕووسیا، دوانەی ململانێی ناوخۆیی حیزبە سیاسییەکان بەهێز دەکەن و لە ئاستی ئیدۆلۆژی حیزبیدا خۆی دەنوێنێ. لە ڕووی ناوچەیی‌یەوە، پرۆژەی دەوڵەتە دەستڕۆشتووەکانی ناوچەکە (واتە ماسۆهێزەکان)، پرۆژەی کەلانی سیاسیی خۆیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە سیاسی، ئابووری، سرووشتی و ئینسانییەکانی کورد هەیە. تەماحی ئابووری سیاسی هێزە ناوچەییەکان، بە ناو قووڵایی خاکی کوردستان و فەزای مانەوەی (Lebensraum)ی کورددا تێپەڕ دەبێت. ئەم هۆکارە جیا لەوەی کە پرسی سەربەخۆیی بۆ هێزە



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

کوردستانییەکانی پەک خستوە، هاوکات سەرچاوەکانی هێزی کوردستانیشی دابەش کردوە. بۆیە فاکتەرەکانی مامەڵە و پێوەندیی ستراتێژیک، دیپلۆماتیک و لۆجیستیکیش گرێدراوە بە چۆنیەتیی هاوپێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا. لە ڕوانگەی ژێۆپۆلیتیکیەوە، کورد لە زیندانی ژێۆپۆلیتیکی دەورووبەردایە و هێزە سیاسییەکان ناچارن بە پێی فاکتەرەکانی جوگرافیای سیاسی، پێوەندییەکانیان بەرقەرار بکەن. لەم ڕوویەوە، ئەمە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ جیاوازیی بیروڕا و بەرەی سیاسیی ناو حیزبێکی سیاسی کە چۆن لەگەڵ دنیای دەورووبەری خۆیدا مامەڵە دەکات، کە زۆرجار کەلێنی گەورەی سیاسی دەبێتە هۆی ئینشعابی گەورە و لەت و پەتکردنی هێزە سیاسییەکان و تەنانەت شەڕی نێوخۆیی. لە ڕوانگەی نێوخۆییەوە، زیاتر باری تەشکیلاتی و ئورگانی و ژینگەی سیاسی تاکەکان یان ئەندامانی ناو حیزبەکە لێکداوەنەوەی بۆ دەکرێت. واتە تاک پەیوەستە بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیەوە کە فۆرمێک لە ژیان، پێکەوەبوون و پێکەوەکارکردن درووست دەکات. حیزبی دێموکرات، حیزبی شار یان ناوچەیەکی بچووک نیە، بەڵکوو حیزبێکە لە پانتایی جوگرافیایەکی بەرین دا. لەم جوگرافیایەدا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتووریی جیاوازی تێدایە و شێوازی ژیان و تەونی کۆمەڵایەتیی جیاوازیان هەیە. ئەمە دەبێتە بەستێنێک بۆ ڕەوتی پێچەوانەی دێموکراسیی ناوخۆیی و تێکدانی نەزمی ڕێکخراوەیی. دابەشکاریی سیستمی حیزبی، هیز و ڕێکخراوە حیزبییەکان بە پێی جوگرافیا، ئاکامەکەی کۆکردنەوەی وزە و تواناییەکانی ناوچەیە بۆ درووستکردنی بەرە و جەناحی سیاسی و لە ئاکامدا ڕێکخستنی بۆ ئینشعاب. مەبەست لەم باسە ئەوەیە، یەکگرتنەوە، پلاتفۆرمێکی سیاسییە کە ئەیهەوێ وزە و تواناییەکانی دوو هێز، یان دوو بەرەی ئینشعابی حیزبی دێموکرات لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە. ئەم پلاتفۆرمە ئەگەرچی مێژوو، ئایدۆلۆژی و جوگرافیای کارو تێکۆشانیشیان هاوبەشە، بەڵام لە ئاستی ژینگەی سیاسی و پێکەوەکارکردندا جیاواز بوون و جیاواز هەن. یەکگرتنەوە دەبێ پلاتفۆرمێکی هەمەلایەنە و چەند ڕەهەندی بێت بۆ ئەوەی کە فەزایەک بۆ لێکتێگەیشتن و پێکەوەکارکردن فەراهەم بکات، نەک یەکڕەنگی و یەکدەنگی. مەبەست لە یەکڕەنگی و یەکدەنگی ئەوەیە کە پێمان وابێ دەبێ هەموان وەک یەک بیر بکەینەوە و وەکوو یەکتری بۆ پرسەکان بڕوانین. بۆیە یەکگرتنەوە پێویستە فەزایەکی کراوەی سیاسی فەراهەم بکات هەتاکوو بەرژەوەندیی نیشتمانی یەکبگرێتەوە و دیالۆگ ببێتە بنەمای پێکەوە کارکردن.

### خاڵە بەهێزەکانی یەکگرتنەوە:

* گەڕانەوەی شکۆی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.
* سەرخستنی تواناکانی حیزبی دێموکراتە پاش پانزدە ساڵ دابڕان و لێکترازان.
* دیالۆگ و پێکەوەهەڵکردن، دەبێتە بنەمای کاری سیاسی کە ڕووناکییەک بەدی دەکرێ کە دیالۆگ دەتوانێ چارەسەری سەرەتا و کۆتایی بۆ هەموو گرفتە نێوخۆییەکانی حیزب و هاوکات لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە.



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

* هیوایەکی دیکە بۆ خەڵکی کوردستان گەڕایەوە کە، هێشتا حیزبی دێموکرات، هێزێکی گەورەیە و ڕیشەی لە خەڵکی کوردستاندا هەیە و پێگەیەکی چارەنووسسازی هەیە.

**خاڵە لاوازەکان:**

- ڕەوتی درێژخایەنی یەکبوون و یەکگرتنەوە، ناهومێدی سیاسیی گەورەی بە دواوە هەبوو کە دەگەڕێتەوە بۆ کاراکتێرە سیاسییەکانی حیزب و شەخسیبوونی کێشە و گرفتەکان.
- لاوازیی لە گوتاری سیاسی کە دەبوایە بەیاننامەی یەکبوون مانیفێستێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی بۆ خەڵک و ڕیزی تەشکیلاتی حیزب هەبوایە.
- ئەندامانی حیزب زیانێکی گەورەیان وێکەوت کە جیا لە پەیامی دەربڕینی خۆشحاڵی، هیچ پەیامێکی دیکەیان بۆ ئەندامان نەبوو. بۆیە بەڕای من دەبوایە داوای لێبوردنی گشتیی لە ئەندامان بکرایە.
- گرینگترین لایەنی لاوازی یەکبوون، ناشەفافبوون و ناڕوونبوونی چۆنیەتی یەکگرتنەوە و ساخبوونەوە لەسەر دەسکەوتەکانی یەکترییە کە دەتوانێ لە داهاتوودا کەلێنی گەورەتری لێبکەوێتەوە.

دواجار ئەگەرەکانی یەکگرتنەوە، ڕووبەڕووی بەرژەوەندیی هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە، کوردستان و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتەوە کە، چاوەڕوان دەکرێ، سیاسەتی حەکیمانەی حیزبی دێموکرات لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب، وەڵامدەری بارودۆخی تایبەت و قەیراناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## حەسەنی حاتەمی




**له مەیدانی نێونەتەوەیی و دیپلۆماسی دا، جێی سەرنج و ئادرەسێکی بەهێز بۆ هەر ئەگەرێکی ڕووداوەکان بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی شیعەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی ببین**

**وەڵام**: سڵاو و زۆر سپاس بۆ ئەم پرسیارە گرینگە. پێش وڵام دانەوە، پیرۆزبایی پڕ بەدڵ، بەهەست و سۆز ێکی تێکۆشەرانە لە هەموو ئۆگرانی ڕزگاریخوازی و مافی نەتەوەیی کورد و هەموو دێمۆکڕاتەکان لە هەموو جیهان دەکەم.

لە ٣٣مین ساڵوەگەڕی تێرۆڕی شەهیدان و نەمران دکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دکتور فازل ڕەسووڵ دا، لە لایەن تێکۆشەری هەڵسووڕ و زانا، کاک کاوە ئاهەنگەری بانگهێشت کرابووم. ڕێوڕەسمەکە لە نیزیک ستۆکهۆڵم، پێتەختی سوئێد بەڕێوە دەچوو .دوای نیزیک ١٦ ساڵ دابڕانی دێمۆکڕاتەکان، بەشداری لە ناکاو لەلایەن پانێل گێڕێک کە لە بلژیک ڕا دەهات، بۆم ئاسان نەبوو. بەڵام بە تێبینی و کەمێک هەستی نامۆ لەگەڵ بەرپرسێکی کۆمیتەی ڤێسترۆسی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مام وەهاب باسم کرد، کە بەنیازم بەشداری ڕێوڕەسمەکە بم. زۆر خۆشحال بوو و پێشوازیی کرد. لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە بە پێچەوانەی بیری خۆم زۆر بەدڵ ئاوارەیی بۆ شوینی کۆبوونەوەکەیان بردم .لەویش زۆربەی تێکۆشەرانی حدکای بەشدار، بەگەرمی بەخێر هاتنیان کردم. لە ڕیزی پێشەوە دایاننام. پاشان بەرپرسانی کۆمیتەکانی سوئێد و ستۆکهۆڵم، بەڕێزان عەلی عەزیزی و ئەبووبەکری... داوایان لێکردم، چەند خولەکێک قسە بکەم. زۆر بە خۆشحاڵیەوە قبووڵم کرد.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

لەو یادە گرینگە دا، کە خاتوو ئاوارە جەلالی بەڕێوەبەری بوو، کوتم: یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان گرینگترین ڕووداوی دوای لەتبوون دەبێ و کاریگەرییەکی زۆر گرینگی دەبێ کە بە پێویستی دەزانم لە سێ دیمەن (تابلۆ) دا، بیخەمە بەرچاوان.

**دیمەنی یەکەم**. ئێمە بە هیممەتی هەموومان دەتوانیین دێمۆکڕاتێکی نوێ چێ کەین، کە زۆرترین خەباتکارانی ڕێی ئازدی و مافی نەتەوەیی لە نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکۆشەران و نیشتەجێیەکانی باشووری کوردستان و تاراوگە، تێیدا چالاک بیین و ببیین بە وێنەی مەزنی نیزیک ٨٠ساڵ خەبات، خۆڕاگری و بەرخۆدان بۆ ژیانی ئازادانە و ماف وەدیهێنانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**دیمەنی دوویەم**. حیزبی دێموکڕاتی نوێ لەنێو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی سەرانسەریی و خۆجێییەکانی نا کوردی بەرایی لەنێوخۆی ئێران و تاراوگەدا، باشترین وێنەی سەرکەتوو بێ؛ و لە یەکگرتوویی و پتەو کردنی نێو ماڵی گەورەی دێمۆکڕاتەکان بەڕادەیەک بچێتە پێش کە ببێتە جێی ڕەزامەندی هەمووان و ڕێچکەی ئەرێنی یەکڕیزی بێ.

**دیمەنی سێیەم**. لە مەیدانی نێونەتەوەیی و دیپلۆماسی دا، جێی سەرنج و ئادرەسێکی بەهێز بۆ هەر ئەگەرێکی ڕووداوەکان بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی شیعەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی بیین .هەروەها، گەلە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرسێک دیمەن دا، دەتوانێ زۆرترین وزە بخوڵقێنێ. ئەرکێکی گرینگی دیکەشمان بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرفراوان کردنی و جێکردنەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییە بەرایی (ئاڕایی)ەکان، بەتایبەتی گرینگی زۆر پێدان بە بەشدارکردنی ژنان، کچان و لاوان لە ڕێبەری و بەڕێوەبەری دا.

جارێکی دیکەش یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان پیرۆز بێ .بەڕێزەوە:

١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، بەرانبەر بە ١٠ی خەرمانانی ١٤٠١



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## وریا ماملێ




**نیتر لەمەوبەولاوە ئەرکی حیزبی دیموکڕات قورستر بوو. باشتر وایە پێش ئەوەی لوولەی تفەنگەکان لە دوژمن بگرێ. وەک حیزبێکی ڕەگ و ڕیشەدار، ڕۆڵی براگەورە و دڵسۆزێکی نیشتمان بگێڕێت**

**وەڵام**: گومان لەوەدا نییە کە یەکڕیزی ناو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک خوێنی ناو شادەماری کورد وایە. هەناسەیە، ئەو هەناسەیەی دوژمن بەردەوام لە هەوڵی کپکردن و وەستانێتی. کە باس لە یەکڕیزی دەکرێ، مەبەست یەکڕیزی و یەکگرتوویی حیزبێک، ناوچەیەک یان ئێلیتێکی تایبەت نییە، مەبەست ئەو خاڵە بەهێزەیە کە دەتوانێ ڕۆحی نەتەوەیی میللەتەکەمان زیندوو ڕابگرێ و ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز کاتەوە، بەچەشنێک کە تاکی کورد شانازیی بە هەبوونی یەکگرتوویی خۆی بکات و وەک دەستکەوتێک بە چاوی نەیارانی خۆی دابداتەوە.

سەرتۆپی ڕۆحی نەتەوەیی کورد، ئەحمەدی خانی مەزن زیاتر لە سێسەد ساڵ لەمەوبەر بەدەست ناتەبایی و لێکترازانی ڕیزەکانی گەلی کورد هاواری لێهەستاوە و ئاوای فەرمووە:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

هەمیا ژ مە را دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت.

ئەمڕۆ سەردەمی خانی نییە. ئەمڕۆ نەوەیەکی تر لە خەمی کورد دایە. ئەمڕۆ دونیا لە ڕەوشێکی تر دا دەژی. ئەمڕۆ ئاستی ڕووناکبیری کورد گەیوەتە قۆناخێک کە شانبەشانی نەتەوە پێشکەوتووەکان دەدوێ و قسەی هەیە بۆ گوتن. ئەمڕۆ خەڵاتە بەرزە جیهانییەکان کوردی پێ سەربەرز دەکرێ. ئەمڕۆ کورد کارتی فشاری هەیە لە جیهاندا. کەواتە کورد دەتوانێ قسەی هەبێ بۆ گوتن و یەکڕیزی و تەبایی خۆی بکاتە سەرمەشق و جیهان سەرسام بکات.

یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکڕات لە پاش ١٦ ساڵ ئەو پەیامەمان بە گوێچکەدا دەچرپێنێ کە ئێمە دەخوازین تا خاڵە لاوازەکانی پێشوو بکەینە پەیژەی سەرکەوتنەکانی داهاتوومان. ئێمە دەمانهەوێ لاپەڕەیەکی نوێ و پێشڕەو پێشانی نەیاران و دونیای پێشکەوتوو بدەین. ئێمە دەتوانی ئاڤانگارد بین.

ئیتر لەمەوبەولاوە ئەرکی حیزبی دیموکڕات قورستر بوو. باشتر وایە پێش ئەوەی لوولەی تفەنگەکان لە دوژمن بگرێ، وەک حیزبێکی ڕەگ و ڕیشەدار، ڕۆڵی براگەورە و دڵسۆزێکی نیشتمان بگێڕێت. کە دەڵێین براگەورە مەبەست بەهێزتر بوونی ئەو حیزبە نییە، بەڵکوو مەبەست ڕێز گرتنە لە مێژوویەک لە خەسار و سەرکەوتنەکانی. ڕێزگرتنە لە تەمەنێک خوێن بەخشینەکانی. ئیتر پێویستە حیزبی دیموکڕات برا گەورە بێت و هێزەکانی تریش لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و تێیانبگەیێنێ کە سەرکەوتن لە یەکگرتن دایە. پێیانبڵێت تا تاک و تەرا بین، دوژمن سوارە و ئێمە پیادە. بۆیان باس بکات کە کات کاتی بەرەیەکی نەتەوەیی و ڕەنگاوڕەنگە. کات کاتی تێکەڵ کردنی هێز و تواناکانمانە. بە دەنگی بەرز هاوار بکات، (گەل چاوەڕوانمانە).

یەکگرتنەوەی دیموکڕاتەکان پیرۆز بێ

٢٥ - ٨ - ٢٠٢٢


یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

## ئەلبورز ڕۆنین تەن




**دەرس وەرگرتنە لە مێژووی ڕابردوو کەهەمووەمان هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەکەینەوە بۆ ئەوەی دووبارە هەمان گرفت نەیێتە سەر ڕێگامان.**

**وەڵام**: لە یەکبوونەوەوە بۆ گەشانەوەی هیوای گەل و بوژانەوەی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی بزووتنەوەی ڕەواو و ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە درێژای مێژووی خەباتی خۆی بە سەر هەوارز و نشێوی زۆردا تێپەڕیوە. بەرچاوترین خسلەتی ئەو بزووتنەوەیە بەردەوامیەتی بە درێژای مێژوویە، هەرچەند نەگەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن دەبێ جێگای پرسیار بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سەرکەوتن مسۆگەر بکرێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا وێڕای هەموو هەوڵەکانی دوژمنان بۆ بنبڕ کردنی ئەو خەباتە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو کورد ئاڵای خەباتە ڕەواکەی بە قوربانیدان و فیداکاری بێ وێنە جیل بە جیل هەر بەشەکاوەی بە جێهێشتووە .لە وەڵامی پرسیاری بۆچی تا بە ئێستا سەرنەکەوتین زۆر هۆکار دەتوانین دەستنیشان بکەین، لە دڕەندەی دوژمنان و سیاسەتی داگیرکەرانەی وڵاتان بە نیسبەت کوردستان بگرە تا دەگاتە هەڵکەوتەی ژئۆپۆلیتیکی کوردستان و سیاسەتی زلهێزان. بەڵام وێڕای هەمووی ئەو هۆکارانە پرسگەلێکی نێوخۆیش کە گرینگترینیان یەکنەگرتووی نەتەوەی کوردە بۆتە خورەی ئەو خەباتە و شوێنداری هەبووە لە سەر ئەوەی بە ئاکام نەگەیشتوە. نەبوونی ئەو یەکگرتوویە کە دەکرێ لە سەر ئاستی جیاوازی نەتەوەیی کورد بکەوێتە بەر باس، وای کردوە نەتوانین هێزی گەل بە گشتی لە یەک ئاراستە بۆ گەیشتن بە ئامانج بە کار بێنین و ئەوەش هۆکاری لاواز بوونمانە لەبەرانبەر دوژمنان. هەر بۆیەش هەر هەنگاوێک ئەو یەکگرتوویە بەهێزتر بکات ترس لە نێو دوژمن دروست دەکات و گەل پێی شاد دەبێت و بوژانەوەی خەباتی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەکەش ڕاستە. تەنانەت یەکگرتووی نێو کورد لەهەموو ئاستەکاندا دەتوانێ



یەکبوون، هەوێنی خوێندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

ئەوەندە شوێندانەری لە سەر خەبات دابنێت کە بتوانێ ڕووبەری هەموو ئەو هۆکارانە ببێتەوە کە بوونتە هۆی بندەستی گەلی کورد تا بە ئەمڕۆش هەر بۆیەش ئەگەر یەکگرتوویمان هەبێ دەتوانین دوژمنان شکەست بدەین و تەنانەت لە سیاسەتی نێونەتەوەی و زلهێزانیشدا حیساب لە سەر ئەو بزووتنەوەیە دەکرێت. گەلێک ڕووداوی مێژووی لە کاتی جیاواز هەن کە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێن. ئەو بابەتە بە نیسبەت ڕێکخراوێکی گرینگی وەک حیزبی دیموکرات کە لە هەشت دەیەی ڕابردوو شوێندانەری ڕاستەوخۆی زۆری لە سەر بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی لەو بەشە لە کوردستاندا هەبووە بە تەواوی ڕاست دەردەکەوێ. هەرکات حیزبی دیموکرات بەهێز بێ زیادتر یەکگرتوو بێ بزووتنەوەی کورد گەشەی بەخۆیەوە بینیەوە بە پێچەوانەکەشی لاوازی بە خەبات و تێکۆشان بینراوە. هەر بۆیەش هەر هەنگاوێک کە یەکگرتووی ڕێزەکانی ئەو ڕێکخراوە کاریگەرە لاواز بکات کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر خەبات داناوەو هەر هەنگاوێک کە یەکگرتووی ڕێزەکانی ئەو حیزبە بەهێزتر بکات ئەوا بۆتە هۆکاری ئەوەی خەبات بوژانەوە بە خۆی ببینێت و گەل زیادتر بە هیوا بێت بۆ گەیشتن بە ئازادی. یەکبوونەوەی دیموکراتەکان لە ڕۆژانی ڕابردوو بە تەواوی ئەو ڕاستیەی سەلماند و دیتمان چۆن خەڵک بە گشتی تەنانەت لە هەر چوارپارچە بەو هەنگاوە پیرۆزە خۆشحاڵ و شاد و هیوادار بن. هەر بۆیەش ئەوە هەنگاوێکی زۆر جیدی و گرینگە وێڕای دەست خۆشی و پیرۆزبایی شایەنی پاڵپشتی و پشتیوانی کردنە، بەڵام کۆتای ڕێگا نیە بەڵکو دەستپێکێکە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی دیکەی پێویست هەتا ئەو هیواو شادیە شوێندانەری ڕاستەوخۆ لەسەر بزووتنەوەی کورد دابنێت و ببێتە قوناغێکی دیکە کە خەبات بوژانەوەی هەرچی زیاتر بە خۆوە ببینێت. پێم وایە ئەوەش لە گرەوی ئەو هەنگاوانەی خوارەوەیە کە پێویستە ئەنجام بدەین.

**یەکەم هەنگاو** دەرس وەرگرتنە لە مێژووی ڕابردوو کەهەموومان هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەکەینەوە بۆ ئەوەی دووبارە هەمان گرفت نەیێتە سەر ڕێگامان.

**هەنگاوی دوەم** نوێبوونەوەو و خستنەکاری پرۆژەی نوێ بۆ بەهێزکردنی شۆڕش لە ئاستی جیاوازە. ڕاستە یەکگرتووی دەبێتە هۆی بەهێزیمان بەڵام بە مەرجێ هەوڵ بدەین پرۆژەکانمان لە ئاستی جیاواز بە گوێرەی پێداویستیەکانی سەردەم و دۆخی ئێستا بە نیسبەت ڕۆژهەلات بخەینە گەڕ. پێویستیمان بە تێڕوانینی نوێ و پرۆژەی نوێ لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات هەیە ئەوەش لە ڕێگەی بەڕێوەبەریەکی سەردەمیانە و واقیع بین و باوەڕدار بە شۆڕش و ئامانجەکانی مومکینە. ئەو کات ئەو هیوایەی کە ئێستا دروست بووە زیادتر و زیادتر دەبێت و بەهێزی شۆڕشی لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەکەی ئەو هیوایەی ئێستا بەرەو کزی دەڕوات.

**هەنگاوی سێیەم** پێداچوونەوە بە ڕوانگەمان لە ئاستی جیاواز و ئاپدیتکردنیان لە گەڵ گۆڕانکاریەکان و پێشکەوتنی

کۆمەڵگا و دونیای ئێستایە. بە نیسبەت چەند دەیەی ڕابردوو گۆڕانکاری زۆر ڕوویداون پێویستی بە تێڕوانی ئەمڕۆیانەی شۆڕشگێڕان هەیە.

**هەنگاوی چوارەم** ئەو یەکگرتووییە بکەینە بناغەیەکی دیکە بۆ هاوکاری زیادتر لە گەڵ هێزوو لایەنەکانی دیکە، کەلتووری دێموکرات چوارچێوەی فیکری دێموکرات هەمیشە وا بووە کە لە خۆبایی نەبێ، بەڵکو تەنانەت زیادتر هەوڵ بدات لە پێناو یەکڕێزی هەموو هێزوو لایەنەکان. بەو شێوەیە زیادتر دەتوانین شوێندار بین و خزمەتی زیادتر بە ئامانجەکانی گەل بکەین. من گەش بینم بە داهاتووی ئەو هەنگاوە پیرۆزەو بە هەوڵ تێکۆشانی هەموومان دەتوانین وێڕای ئەو هەنگاوەی کە هەڵێنراوە هەنگاوی دیکەش بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامانجی خۆی بپێکی هەڵگرین. بەو شێوەیە ئەو یەکڕێزیە دەبێتە بناغەیەکی دیکە بۆ بەهێزکردن و بە ئامانج گەیاندنی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد .هەر بۆیەش پێویستە لە وێستگەی یەکبوونەوەوە وەک دەستپێکێکی دیکە بۆ گەشانەوەی هیوای گەل و بوژانەوەی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی کەڵک وەرگرین.

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---





سەرچاوە Serchawe

## هیوا گوڵ محەمەدی




**گەلانی رۆژهەڵاتی کوردستان تامەزرۆی یەکیەتی بە کردەوەی نێوان هەموو لایەنەکانن و ئەو یەکگرتنەش لە یەکگرتنەوەی ناوماڵی دیموکراتەوە دەست پێدەکات.**

**وەڵام**: بۆ ئەوەی بە وردی گرینگی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێبگەین دەبێ ئاوڕێک لە ڕابودوی ئەو حیزبە بدەینەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٥ لەسەر بڕیاری پێشەوا قازی محەمەد دامەزراوە، تەمەنی ئەو حیزبە خەریکە دەبێتە هەشتا ساڵ و یەکێک لە کۆنترین حیزبی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. یانێ دوای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژێکاف دامەزراوە. ئەگەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد وەک رەوتێکی سیاسی حیساب بکەین نەک حیزب ئەوا بە دڵنیاەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم حیزبی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە. یانی مودیرنایەتی ئەو حیزبە لەوکاتەوە دەرکەوتوە ، چونکە سەرۆکی حیزب بوەتە سەرۆک کۆمار و ئەندامانی حیزب حکومەتیان بەریوە بردوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان حیزبی دیموکرات بە چەند قوناغی جیا جیا دا تێپەڕیوە، ناو بە ناو تێکۆشان و چالاکیەکانی سنووردا کراون بەڵام هیچکات ڕانەوستاوە.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

لەوانەیە پێویست نەبێ باسی قۆناغی سەرهەڵدانی سەرۆک وەزیرانی دوکتور محەمەد مسەدیق بکەین چونکە لەو سەردەمەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان جارێکتر بوژایەوە و تێکۆشانی بەرفراوانی خۆی دەست پێکردەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی شورشی باشوری کوردستان ساڵی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٦٥ روڵی گرینگی گێراوە. کادر و ئەندامانی حیزب توانیان بە هاوکاری کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کورستان ببنە باشترین پاڵپشتی شورشی باشور. یانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کادرەکانی لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانا خاون پێگە و ئێعتبار بوون.

لە ساڵێ ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ حیزبی دیموکراتی کوردستان جارێکیتر توشی لێکدابڕان دەبێ، ناکۆکی دەکەوێتە نێو ریزەکانی، بەشێک لە ئەندامانی حیزب و سەرکرادیەتیەکەی گۆشەگیر دەبن، بەشێکیان شەهید و چەند کەسیشیان خۆیان لە مەترسیەکان پاراست.

ساڵی ١٩٧٠ نێوان کوردەکان وحکومەتی عیراق خۆش دەبێ و ڕێکەوتنی یازدەی ئازار دێتە ئاراوە، ئەوەش دەبێتە دەرفەت بۆ کادرەکانی حیزبی دیموکرات خۆیان کۆ کەنەوە و هەوڵی پێکهێنانی کونفرانسیک بدەن.

ساڵی ١٩٧٣ کونگرەی سێهەمی حیزب دەگیردرێ و بۆ یەکەمجار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب پەسەند دەکرێ، دوکتور عەبدلڕحمان قاسملو لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵی سەرەکی گێراوە و حیزبی خستوەتەوە سەر ڕەوتی تێکۆشان و مودێرنی کردوە و بەرنامە و ئەساسنامیە بۆ نوسیوەتەوە.

لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب دا گۆڕانکاریەک دێتە ئاراوە. لەسەر پێشنیاری دوکتور قاسملو ناوی حیزب دەگورن و دەیکەنە حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران.

لەوکاتەدا هۆکاری ئەو گۆڕانکاریە ئەوە بوو کە سەربەخۆیی سیاسی حیزبی بپارێزن و هەروەها دەستنیشانی بکەن کە گۆڕەپانی خەباتی ئەوان ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران سەردەکەوێ و حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران بە ئاشکرا لە هەموو شار و دەڤەرەکانا دەست بە تێکۆشانی ئاشکرا دەکات و لە ماوەیەکی زور کەمدا هەزاران کەس لەدەوری کۆدەبنەوە و روڵی پێشەنگایەتی کومەڵگە دەگرێتە ئەستۆ.



یەکبوون، هەوێنی خوێندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

ساڵی ١٩٨٠ چۆارەم کونگرە دەگرێ و لەو کونگرەیەدا ناکۆکی سەرهەڵ ئەدەن و ئەنجامەکەی دەبێتە جیابونەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکان.

لە کۆنگرەی چۆاردا ناوی حیزب گۆڕانکاری بەسەر دا هات و کرایە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لەوکاتەدا حیزب دەیەویست لەگەل تارانا بگاتە ڕێکەوتن و نەیانەویست بە هۆکاری هەڵبژاردنی ناوەوە توشی ئاستەنگی ببن و پێیان بلێن جیاوازیخۆازە.

لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٩٠ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و هەزاران پێشمەرگەی لە دالآهۆوە تا ماکۆ لە چالاکی دا بوون و هەزاران کادری حیزبی روژانە لە گوند و شارەکانا خەریکی کاری تەشکیلاتی بوون.

ساڵی ١٩٨٤ شەڕی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە دەست پێدەکات و ئەو شەڕە خەسارێکی گەورەی لە جوڵانەوەی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ساڵی ١٩٨٨ لە کۆنگرەی هەشتی حیزب دا جارێکیتر ناکۆکی لەسەر لیستی هەڵبژاردن کە بە لیستی فیکس ناسراوە دێتە گۆڕێ و حیزب توشی لێکدابڕان دەبێ و دوای نێزیک بە هەشت ساڵ یەکدەگرنەوە.

ساڵی ٢٠٠٦ هەواڵی جیابونەوەی بەشێک لە ئەندامانی ڕیبەری و کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە جێگەی نیگەرانی هەموو دڵسۆزانی دۆزی ئازادی کوردستان.

لە ماوەی شازدە ساڵ لێکدابڕان و تێکۆشان دا بە دوو ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دڵسۆزانی حیزب و جوڵانەوەی ئازادی کوردستان بە پەرۆش بوون و بەردەوام داوای یەکگرتنەوەیان دەکرد.

هۆکار و بنەمای جیابونەوەی ساڵی ٢٠٠٦ چی بوون گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە ئەمرۆکە یەک حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو و یەک دروشم و یەک ڕیبەری لە گۆڕەپانی تێکۆشان دان و ئەوەش واتە بەهێزتر بونی ڕەوتی تێکۆشانی ئازادی بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی کوردستان.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe


لێرەدا بە باسکردنی ئەو مێژووە پرشنگدارە پڕ لە هەوراز ونشێوەوە تێدەگەین کە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گرینگە و ئەتوانێ گرینگی زیاتری هەبێ. لە هەموو لێکدابرانەکاندا ناکۆکیەکان لە حەدی خۆیان زیاتر گەورە کراونەتەوە بەڵام لە یەکگرتنەوەکانا بە ئاسانی بنەمای پێویستی گوڕدان بە تێکۆشان لەبەرچاو گیراوە.

ئەگەر چی هێشتا ناکرێ چاوەڕوانی ئەنجام و گۆڕانکاری خێرا و بە پەلە بین لە ئەنجامی ئەو یەکگرتنەوەیە دا بەڵام بە بڕوای من گرینگترین کاریگەریەکانی ئەوەیە ڕژیمی داگیرکەری ئێران تورە بونی خۆی لەو یەکگرتنەوەیە نەشاردوەتەوە و ئەوەش پێمان دەڵی هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکگرتنیدایە و بەو یەکگرتنە ئەتۆانێ جارێکیتر لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانا پێشەنگایەتی بکات و هەنگاو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراتی لە نێوان هەموو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانا هەڵێنێتەوە.

یەکگرتنەوەی ئەمجارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند لاوە گرینگە. لە لایەک ڕۆژهەڵاتی ناوین لە قەیرانێکی قوڵدایە و ڕژیمی ئێران لە خراپترین سەردەمی حاکمیەتی دا بەسەر دەبا و لە لایەکیترەوە گەلانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تامەزرۆی یەکیەتی بە کردەوەی نێوان هەموو لایەنەکانن و ئەو یەکگرتنەش لە یەکگرتنەوەی ناومالّی دیموکراتەوە دەست پێدەکات.

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## حوسێن بەخشی




**بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و ئوپۆزیسیونی بە ناوئێرانی وەک هێزێکی یەکپارچە و یەکدەنگ دەردەکەون و پارسەنگی هێز لە معادلاتی سیاسیدا بە قازانجی بەرژەوەندی کورد دەگۆڕێ.**

**وەڵام**: حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی خاوەنی مێژووییەکی هەشتاساڵەی (بە کۆمەڵەی ژ - ک) وە، خەبات و تێکۆشان و هەروەها دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی کوردە، وەک سەرمایەیەکی بەنرخی مەعنەوی و زۆر تایبەتمەندیتر، ئاوێتەی هەست، خواست و ویستی کۆمەڵانی هەراوی نەتەوەکەمانە.

بە لەبەرچاوگرتنی بارووداۆخی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان و دابەشکردنی زۆرەملی بە سەر چوار دەوڵەتی شوێنیست و دیکتاتۆڕدا کە بە هەموو تواناوە و بە ڕێگای سەخت و نەرم دا هەوڵی ئاسیمیلەکردن و تواندنەوەی دەدەن، لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ئەرک و بەرپرسیارەتی زۆر دەخاتە سەر شانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە پێشەنگایەتی و نوێنەرایەتی بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.

بەو هۆیەوە هەرچەشنە ئاڵووگۆڕێکی ئەرێنی و نەرێنی لەو حیزبەدا، کارتێکەری ڕاوستەوخۆی لە سەر بارووداۆخی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. ئەوەندەی لێکدابڕان زیانی بە یەکڕیزی و تەبایی گەیاند و بووبە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی نەتەوەکەمان، سەد ئەوەندەش یەکگرتنەوە دڵی وەفاداران بە ڕێبازی کوردایەتی خۆش کرد.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

کارتێکەری ئەو رووداوە مێژووییە، لە سێ رەهەندەوە جێی سەرنجە.

**یەکەم**: لە ناوخۆی وڵات، تین و وزەیەکی نوێ بە خەباتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەست داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەبەخشێ و بە ئیرادەیەکی یەکگرتووتر بە گژ دوژمن دا دەچنەوە. لە بواری رێکخستن و کاری تەشکیلاتییەوە بە هێزتر دەبن. هێز و تواناکانی هزری، سیاسی، تەشکیلاتی و نیزامی هەردوولا لە یەک بەستێن دا دەخرێتە کار. دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی حیزب و رێکخراوەکانی دیکەش بەرەو یەکگرتن هەنگاوی کردەیی هەڵێننەوە و بواری پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتووی کورد بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش دەرەخسێنێ. هەروەها کاریگەری ئەرێنی لەسەر هێز و رێکخراوەکانی پارچەکانیتری کوردستان بۆ لێک نزیکبوونەوە و کاری هاوبەش دادەنێ.

**دووهەم**: بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیونی بە ناوئێرانی وەک هێزێکی یەکپارچە و یەکدەنگ دەردەکەون و پارسەنگی هێز لە معادلاتی سیاسیدا بە قازانجی بەرژەوەندی کورد دەگۆڕێ.

**سێهەم**: لە بواری دیپلۆماسیدا و روو بە دنیای دەرەوە، بە مەرجێک کەڵکی پێویست لە تواناکان وەرگیرێ دەتوانێ جێگە و پێگەی کورد و داوا رەواکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی زیاتری بە دوادا بێت. لەو پێوەندییەدا گرینگیدان بە دیاسپۆرا و هەوڵدان بۆ چالاک کردنی ئەو هێزە، پرسی کورد لە رادەی جیهانیدا زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە.
لە کۆتاییدا، هیوادارم حیزبی دێمۆکراتی یەکگرتوو(حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران) بە پێداچوونەوە و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، بە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە لە هۆکار و زیانەکانی لێکدابڕان بکۆڵێتەوە و بە پشتبەستن بە دیالۆگ و دێمۆکراسی نێو خۆیی و یەکتر قەبووڵکردن، پێش بە دووپات بوونەوەی رووداوی لەو چەشنە بگرێ.



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## هێدی سۆفی زادە




**یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران کارێکی باش و بە جێیەوو بە یەکەوە جوانن بەڵام یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دیموکڕات زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆی گەورە کرایەوە.**

**وەڵام**: وێڕای سڵاو، بەر لەوەی وڵامی کۆنکرێتی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە پێویستە کەمێک بۆ دواوە بگەڕێنەوەو یەکگرتنەوەی ساڵی ١٩٩٦ (ئەگەر لە ساڵەکەیدا هەڵە نەبم) بە بیربێنمەوە. یەکگرتنەوەی ئەوکاتی هەر دوو باڵی حیزبەکە بۆ خەڵکی کوردستان گرنگ بوو چونکە تا ئەوکات پێویستی خەبات لە یەکریزی و بەرەی کوردستانی دەبیندرا، بەڵام پێچەوانەکەی هاتە دی، واتە شەڕ لە گەڵ کۆمەڵە، جیابوونەی حیزبی دیموکڕات لە ساڵی ١٩٨٨ و پرژو بڵاوی دیکە... یەکگرتنەوەی ئەوکات بە پێچەوانەی ناو حیزبەکە کە حەساسییەتەکان لە بەدەنەوو ڕێبەریدا هەر مابوون، ئارامشێکی ڕەوانی بۆ خەڵک بوو بەڵام یەکگرتنەوەی ئەمجارە بە دەرەجەی یەکەم ئارامشی ڕەوانی بۆ ئەندامەکانی بە دی هێناوە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە مەیدانی سیاسەت گۆڕانی بەسەرداهاتووەوو حیزبایەتی وەک جاران بە گشتی نوێنەرایەتی ناخی تاکی کورد ناکا چاوەڕوان ناکرێ خەڵک وەک ساڵانی پێشوو بیربکەنەوەو خەڵک ڕۆچنەی فکری و سیاسی دیکە دەبینن و ئیتر خەڵکی ئێمە هەموو شتێک لە حیزبێکی سیاسییدا نابینن. جیاوازی یەکگرتنەوەی ئەمجارە لە گەڵ جاری پێشوو لەوەدایە کە ئەمجارە هەردوکیان لە مەوزعی هێزەوە یەکیان گرتەوە بەڵام ئەوکات هەر دوو لا لە مەوزعی لاوازییەوە یەکیان گرتەوە. ئەوکات باڵی جیابووەوە ئەوەندەی هێزی مرۆیی نەمابوو کە تەنانەت پارێزگاری لە خۆیانی پێ بکەن، جەرەیانی ئەسڵیش کەیفییەتی تەشکیلاتی لاواز ببوو تەنانەت ڕۆژنامەی ئورگانی حیزبەکەیان بە باشی پێ ئیدارە نەدەکرا. یەکگرتنەوەی ئەمجارەیان لەڕووی لاوازیی هیچ لایەکیانەوە نییە. بە باوەڕی من، زیاتر لە یەکگرتوویی



کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوەیی, تێگەیشتنی حیزب و لایەنێک لە بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و جیهانی گرنگترە. بۆ نموونە هەمیشە زیندوو دوکتور قاسملوو پێداگری لە سەر موزاکرە دەکرد. لە سەرەتای شۆڕش وتی ئەگەر بە موزاکرە مافی خۆمان بە دەست نەخەین، خەباتی ئێمە بۆ بە دەست خستنی مافەکانمان لانی کەم بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ دوا دەکەوێ. ئەوکات ئەو پێش بینی دەورەیەکی ڕکوودی ٢٥ ساڵی کردبوو، واتە دوور ئەندیش بوو!! ئێستا بیرمەندانی ئەو حیزبە یەکگرتوە چییان بۆ وتن هەیە؟ مەسەلەن لە باری زەمەنییەوە چ پێش بینی ێکیان بۆ داهاتووی ئێران هەیە؟ بەڕێوەبەرانی ئەو حیزبە یەکگرتوە یا حیزبەکانی دیکە تا چەندە تان و پۆی کۆمەڵگای خۆیان ئەناسن؟ تا چەند کۆمەڵگای ئێران بە گشتی دەناسن و چەندە لە تواناییەکانی دوژمنەکەیان گەیشتوون؟ لە چەند ساڵی ڕابردوودا هێزی نیزامی ئێران ئەزموونێکی زۆری لە شەڕی چریکی، نێوان شاری (بین شهری) و جەبهەیی لە سوریە بە تاکتیکی نوێ وە بە دەست هێناوەوو لە فێرگەکانی خۆیان راهێنانی لە سەر دەکەن، ئەحزابی کوردی بە گشتی چەندە بە دواداچوون بۆ ناسینی توانا نیزامەییەکانی دوژمنەکەیان دەکەن؟ تا چەند لە ماهییەت و تاکتیکی نوێی شەڕ کە لە ناوچەکەدا تاقی دەکرێنەوەوو لە دوارۆژدا یەخەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەگرێ ئەزموونیان وەرگرتوەوو لە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی ئیحتمالی چۆن خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن؟ لە بواری گۆڕانکاری ناوچەیی و جیهانی تا چەند ئاگاداری گۆڕانکارییەکانن؟ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند مەوزوعییەتی جیهانی هەیە؟ ئێرانی دوای بەرجام چەندە لە لێکدانەوەی سیاسی ئەحزابی کوردیدا ڕەنگ دەداتەوە؟ ئەوانە هەموو پرسیارن کە ئەگەر ڕاستت بوێ لە شرۆڤەوو لێکدانەوەی ئەو حیزبانە ئەگەر نەڵێێن بوونی نییە بەڵام زۆر سەتحی و لاوەکییە. بۆیە بوونی دوو حیزب هەرکام بە ٥٠٠ پێشمەرگەوە کە پێکەوە ببن هەزار پێشمەرگەوو بە هۆی ئەو یەکگرتنە هەزاری دیکەشی پێ زیا ببێ و ببێ بە دوهەزار پێشمەرگە، باندۆرێکی ئەوتۆی لە سەر ڕەوتی ڕوداوەکان نابێ. لە بواری هێزی مرۆیی، گەنج و لاوی هەر وڵاتێک بە سەرمایەی مرۆیی ئەو کۆمەڵگایەک دادەندرێ. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لاوی کوردستان ڕوودەکەنە ناو حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دیموکڕات. ئەوانە چیان بە سەر دێ؟ چەندەیان دەبنە سەرمایەی حیزب و چەندەیان دەبنە قوربانی؟ لە باری ئەخلاقی و ویژدانییەوە چەندە دروستە چارەنووسی گەنجی کورد بەرەو نادیاری بڕوات لە حاڵێکدا هچ پرۆژەیەکی دیاریکراوت نەبێ؟ لە هەمبەر ئەم جۆرە لە جەزبی نیروو، جۆرێک حەزی ژیان و ژیانی ماشینی لە ناو کەمپەکانی ئەو حیزبەدا سەری هەڵداوە کە ئەوە لە گەڵ شێوازی کاری حیزبێکی نیزامی ناتەبایە. ژیانی خۆش و لۆکس مافی هەر کەسێکە بەڵام پێت خۆش بێ یا پێت ناخۆش بێ لە وڵامی پرسیاری ئێوەدا دەبێ بڵێێم کە ئەو مودێلە لە حیزبایەتی لە گەڵ خەباتی چەکداری و گەشەی خەبات کە کاکڵی پرسیارەکەی ئێوە یەک ناگرێتەوە. بە کورتی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران کارێکی باش و بە جێیەوو دیموکڕاتەکان بە یەکەوە جوانن بەڵام یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دیموکڕات زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆی گەورە کرایەوە. یەکگرتنەوە گەیشتن بە ئامانج نییەوو درووست وەک دانەوەی بەهرەی قەرزێکە کە لایان بوە. حیزبێک کە خاوەنی هەزاران شەهید بێ، بە هەر هۆکار جیابوبێتنەوە و دواتر یەک بگرنەوە، یەکگرتنەوەیان وەک دانەوەی بەهرەی قەرزەکەیانەو دانەوەی بەهرەی قەرز سەرکەوتن



سەرچاوە
Serchawe

بە حیساب نایەت. لەوانەشە ئەو هەموو مانۆڕ دانە بۆ تایبەتمەندی دەروون گەرایانەی کۆمەڵگای ئێمە بگەڕێتەوە.

**هەر بژیت**

---



...کبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

## عەزیز شێخانی




**ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە، قەوارە و سرووشتی کاری ڕێکخستن، جۆری خەبات، پەروەردەی ئەندام، میدیا و شێوازی کاری ئۆرگانە حیزبییەکان پێویستیان بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە.**

**وەڵام**: یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ. ئەوان لە رابردوودا یەک حیزب بوون و پاش دابڕان جارێکی دیکە بوونەوە بە یەک حیزب. وەسەریەککەوتنەوەی دێموکڕاتەکان کردەیەکی ئەرێنییە، بەڵام هەڵەی گەورەی لەتکردن و پاڵپێوەنان قەرەبوو ناکاتەوە. یەکگرتنەوەکە لە بناخەدا پرسێکی نێوخۆییە، بەڵام بە زۆر هۆکار ئەم رووداوانە تێکەڵ بە هاوکێشەی دیکە دەبن. تێکۆشان و جوڵەی حیزبی سیاسی لە هەناوی خۆیدا کردەیەکی سیاسییە و پێوەندی بە کۆمەڵگە، دەوڵەت و پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەتەوە هەیە. ئاشکرایە، کە ئێمە باس لە حیزب لە دەوڵەتێکی یاساسالاردا ناکەین، کە کۆمەڵگە بە گوێرەی یاسا بەرکار و دێموکڕاتیکەکان بەڕێوەدەچێ. بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی پرسەکان و خەملاندنی ژێرانەی رووداوەکان، باشترە کە ژینگەی کوردستان، بارودۆخی دەوڵەتە سەردەستەکان (تورکییە، ئێران، عێراق و سورییە)، پێگەی تاک، ئەخشی حیزبە سیاسییەکان و رۆڵی دەوڵەت لە لێکدانەوەکاندا لەبەرچاو بگیرێن.

ئەم تێکەڵبوونەوەیە بە شێوەیەکی رێژەیی لە سەر رەوتی کاری حیزبایەتیی و خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێندانەرە. ئاشکرایە، کە جۆر و شکڵی ئەم کاریگەرییە سنووردار و کراوەیە. تەوژمی کاریگەرییەکان گرێدراوی فاکتەرە



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

نێوخۆیی و دەرەکییەکانە. ئەو ڕووداوە لە ئاستی نێوخۆدا دەیسەلمێنێ، کە جیابوونەوە و دابڕان بڕاردەیەکی سەرەکەوتوو نەبووە. بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب تێدەگەن، کە ڕێکاری پاڵپێوەنان و لەتکردن ڕێگاچارەی سەرەکی کێشەکان نین. ئەم کردارە لە بواری سایکۆلۆژیی و هەروەها ئەزموونی حیزبایەتییەوە وزەیەک بە حیزب دەدات. ئەگەر خەسارناسییەکی ورد و ڕەخنەگرانە بۆ دابڕان و پاڵپێوەنان بکرێ، بێگومان ڕێژەی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە لە بازنەی حیزبدا زیاتر دەبێ. خۆشاردنەوە لە بەرپرسیارەتییەکان و پووش بەسەر کردنی هۆکار و ئەکتەرەکانی دابڕان، لە درێژخایەندا زەرەر بە ڕەوتی یەکگرتنەوە دەگەیەنن.

یەکگرتنەوە، یەک ناسینەیی یان ناسنامەیەکی یەک ڕەنگ بە حیزب و ئەندامەکانی دەبەخشێ. لە ئاکامدا، تێکۆشان و کارکردن لە ژێر ناوی یەک حیزبدا کاریگەرتر و خاوەن قورسایی زیاتر دەبێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشوور و هەروەها دەرەوەی وڵاتدا لە پەرتەوازەیی و دوو لەتی ڕزگاری دەبێ. تێکەڵبوونەوەی لەتەکان و ساغبوونەوە لە سەر کارکردن لە ژێر ناوی یەک حیزبدا، کارئاسانی بۆ جێبەجێبوونی بەشێک لە ئەرک و درووشمەکان دەکات.

ئەم تێکەڵبوونەوەیە بە کرچ و کاڵیش، وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری دۆست و نەیار دەداتەوە. ئەم کردارە کۆتایی بە دوو حیزبی هاوناو دێنێ، کە لە سرووشتی خۆیدا کارێکی ئەرێنییە. حیزبی دێموکڕات باشتر دەتوانێ خۆی لە گەڵ دۆخەکان بگونجێنێ و ئاسانتر بۆ دۆخی تایبەت ئامادەکاری بکات. ئەم ڕووداوە بە قازانجی ئاسایش و ناوبانگی حیزبی دێموکڕاتە، چوونکە دەرفەتی "سەنگەرگواستنەوە" بە ئەندام و تۆراوەکان نادات. ژمارەیەک کەس لە ساڵانی ڕابردوودا لە دۆخەکە کەڵکی خەراپیان وەرگرت و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ڕاهێنانیان لە سەر بازبازێن و گەمەی سەنگەرگواستنەوە دەکرد. جێگەی ئاماژەکردنە، کە ئەم کولتوورە لە نێو کورداندا زۆر باوە و لە ڕابردووشدا کەسەکان بۆ تۆڵەسەندنەوە یان وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراویان جێگۆڕکەیان کردوە.

دووبەرەکی و نەگونجان لە گەڵ یەکتر تایبەتمەندییەکی لەمێژینەی کوردان و تاکەکانیەتی، کە بە فۆرم و شکڵی جیاواز لە سەر جۆری تێکۆشانی کوردان کاریگەر بووە. جیابوونەوە سیاسییەکان لە نێو گەلانی ژێردەستدا زەرەر و زیانی زۆرتریان هەیە، چوونکە تاک، بنەماڵە و عەشیرەتەکان بە گیانێکی دوژمنکارانە لە بەرامبەرەکەیان دەڕوانن. بڕیاردان بۆ یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوە کاریگەری لە سەر باوەڕ و ئیرادەی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەدا دادەنێ، کە لەو حیزبە و باوەڕەکانی نیزیکن. ئۆگران و لایەنگرانی ئەم حیزبە و بنەماڵەکانیان خۆیان بە یەکتر و خۆمانە دەزانن و پێناسە دەکەن. نەمانی دووبەرەکیی و دوو کەرتی بۆ ئەو تاکانەی کە خۆیان لەو حیزبە و سیاسەتەکانی نیزیک دەزانن، هەنگاوێکی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە

ئەرێنییە. شایانی باسە، کە کادر، پێشمەرگە و ئەندامەکانیان گونجاوە لە دابڕان و کفوکوڵی ڕۆژانی پێش و پاش جیابوونەوە وانە وەرگرن. حیزبی دێموکڕات بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو کەندوکۆسپانەدا گونجاوە، کە سیاسەتی وەرگرتن و پەروەردەی ئەندام، پێشمەرگە، کادری ڕێبەری و تەنانەت کەسی یەکەم بگۆڕێ.

یەکگرتنەوەی حدکا و حدک بە ڕێژەیەک لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو حیزب و ڕیکخراوەکانی سەر بەم پارچەیەی کوردستاندا شوێندانەرە. ڕەنگە پێوەندی نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ئاقاری ئەرێنی یان نەرێنی بگۆڕێ و ئالەنگاری تازە بۆ سازان لە سەر پرسەکان بخوڵقێن. ئەم کردارە بە ڕێژەیەک هاندەری ژمارەیەک لایەنی دابڕاوی سیاسی دەبێ، کە ئەوانیش بۆ سازان لە گەڵ یەکتر هەوڵبدەن. پرسی هاوکاری نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، پێگەی لایەنەکان و کارتێکەری رابردوو لە سەر سرووشتی پێوەندییەکان زیاتر لە رابردوو زەق دەبنەوە. بێگومان داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، دۆخی باشووری کوردستان و عێراق و ڕووداوەکانی جیهان کەم و زۆر لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کاریگەرن. بە واتایەکی دیکە، ناکرێ ڕۆڵ و نەخشی کارساز و یەکلاکەرەوەی فاکتەرە سەرەکیی و دەرەکییەکان لەبەرچاو نەگرین (ناوچەیی و جیهانییەکان). تێکەڵبوونەوەی دێموکڕاتەکان تا ڕادەیەک پێگەی حیزب لە نێو حیزبە کوردستانیی و ئێرانییەکاندا پتەوتر دەکات.

کاریگەرییەکانی یەکگرتنەوە لە درێژخایەندا بە چۆنیەتی پراکتیزەکرانی پرۆژەی یەکگرتنەوە و نەخشەرێگای خەباتی ئەو حیزبە بەستراوەتەوە. یەکگرتنەوە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە حیزب چالاک ناکاتەوە. گرینگترین خاڵ ئەوەیە، کە ئەو یەکگرتنەوەیە کولتوور و شێوازێکی تازە بخوڵقێنێ، کە دۆڕاو و سەرکەوتوو لە گەمەیدا پێناسە نەکات. حیزبی دێموکڕات بۆ شوێندانەربوون و بوونەوە بە ئەکتەری چالاکی گۆڕەپانەکە پێویستی بە گۆڕانێکی بەرچاوە. یەکگرتنەوەکە نابێ ببێتە بەشێکی سەرەکی لە کار و تێکۆشانی حیزب. ناکرێ کاتێکی زۆر بۆ تێکەڵاوکردنەوە تەرخان بکرێ و خەمی گەورەی حیزب و ئەندامەکانی ئەوە بێ، کە چۆن ئەو دوو لایەنە لە داهاتوودا پێکەوە دەگونجێن و کونگرە دەگرن.

یەکگرتنی ڕاستەقینە و کارا مانای خۆی هەیە و لە گەڵ گەمەی "تەوافوق"دا ناگونجێ. یەکگرتنەوە لە سەر بناخەی سازان، دابەشکردنی پۆستە بەڕێوەبەرییەکان و چۆنیەتی ڕاگرتنی باڵانسی نێوان ژمارەیەک کەسی دوو لایەنی دێموکڕات ئازارشکێنێکی کورتماوەیە. حیزبێکی پتەو، خاوەن ستراتیژیی و پاشخانی شۆڕشگێڕی ناگونجێ، کە لە دۆخی نائاساییدا سەرقاڵی باڵبالێن بێت و زرۆبەی وزەکانی لە خەباتی نێوخۆییدا بسووتێنێ. ئەم حیزبە پێش دابڕان و دوای دابڕانیش کێشەی جۆراوجۆری هەبووە، کە کەمتر چارەسەر کراون. ئەو کێشە و ئالەنگاریانە پاش یەکگرتنەوەش بە شێوازی شاراوە و ئاشکرا دەردەکەون. ئەگەر یەکگرتنەوە نەکرێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ ساغکردنەوەی ڕێکخستن، گۆڕینی نەریتی ڕێبەرایەتی



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

و کردار تەوەری، حیزبی پاش یەکگرتنەوە لە گەڵ حیزبی پێش دابڕانی ٢٠٠٦ی زایینی زۆر جیاواز نابێ.

ئەم یەکگرتنەوەیە ئەگەر رەگی ناوچەگەرایی لە رێکخستن و خەباتی نێوخۆییدا بنبڕ و قەڵاچۆ نەکات، دەرفەتی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکان دەمێنێ. ناوچەگەرایی یەکێک لە هۆکارەکانی دابڕان بە ئەژمار دێت، کە بە مەبەستی تایبەت راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەڵکی نەرێنی لێوەرگراوە. دوورکەوتنەوە لە شێرپەنجەی ناوچەگەرایی نەرێنی و جێخستنی نەریت و کولتووری گونجاتر کاری حیزبایەتی و ئیدارەی حیزب ئاسانتر دەکات. دەردێکی تاڵە، کە حیزبێک پاش ٧٧ ساڵ دامەزران لە کولتوور و نەریتی نەرێنیی بەڕێوەبەریدا نوقم بێت و لە ئەدەبیاتەکەیدا خۆی بە بنەماڵە پێناسە بکات. حیزبێکی پێشڕەو و خاوەن رێباز، خەباتی نێوخۆیی لە سەر بناخەی کولتووری خێڵ دانامەزرێنێ. ئەندامەکانی بە بیروباوەڕی سەردەم پەروەردە دەکات و رێگا نادات کادر، پێشمەرگە و ئەندامەکانی بە ناوی جیاواز لە حەوشەی حیزب و پارتەکانی دیکەدا سەما بکەن.

یەکگرتنەوە و رەوتی تێکەڵبوونەوە ناتوانێ بەتەنیا وەڵامدەری دۆخی ئەمڕۆی حیزب بێ. ئەو پێخۆرە لە مەیدانی راگەیاندنیشدا زۆر بڕ ناکات. نەخشەرێگا، پلانی کار و تێکۆشان بە پرسی سەرەکی دوای یەکگرتنەوە دەژمێردرێن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کە ئەم حیزبە چۆن خۆی بەڕۆژ دەکاتەوە؟ چۆن لە رۆژهەڵات، لە نێو هێزە سیاسییە کوردیی و ئێرانییەکاندا بە کردەوە پێشان دەدات، کە توانای خۆ رێکخستنەوەی هەیە؟ چۆن دەتوانێ بە گوێرەی پێویست رۆڵی کاریگەر بگێڕێ و لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و ئەندامەکانیدا بێ؟ لە راستیدا، پرسی یەکگرتنەوە پاش ماوەیەکی دیکە کۆن دەبێ و بابەتی دیکە دێنەگۆڕێ. حیزبێکی سیاسیی ناکرێ تەنیا لە سەر هەڵوێستی نووسراو بژێت و کردەی نەبێ. بەڕێوەبردنی جێژن و یادەکان، بڵاوکردنەوەی وشە و وێنەی زۆر و بۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ئەرکی راستەقینە و کارای ئەندام و رێبەرایەتی ناژمێردرێ. پێگەی حیزب بەکرداری هەڵسەنگێندراو، پلان و بەرنامەی کار و تێکۆشان و دەرچوون لە قاوغی رابردوو بەهێز دەکرێ.

رێبەرایەتی ئەو حیزبە، قەوارە و سرووشتی کاری رێکخستن، جۆری خەبات، پەروەردەی ئەندام، مێدیا و شێوازی کاری ئۆرگانە حیزبییەکان پێویستیان بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە. بۆ دۆخی ئەمڕۆی حیزب و رۆژهەڵات رێبەرایەتییەک پێویستە، کە ئامادەی جێبەجێکردنی پلان و بڕیارە رادیکاڵەکان بێ. ونبوون لە تەپوتۆزی درووشمە رەنگاوڕەنگەکان و بوونە پاشکۆی بەشێک لە پارتە سیاسییەکان نەریتی حیزبێکی بە مشوور و بڕوا بەخۆ نییە! حیزبێکی خەباتکار لە جەرگەی ریسکە گەورەکاندا پێگەی بەهێز دەکات و دەبێتە ئەکتەرێکی شوێندانەر. قەرەبووکردنەوەی رابردوو زۆر زەحمەتە. مانەوەی حیزب لە بازنەی رابردوودا حیزب لاوازتر دەکات. کولتووری رێبەرایەتی لە نێو حیزبدا پێویستی بە گۆڕانە و ناکرێ داهاتوو و



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە
Serchawe

چارەنووسی ئەم حیزبە بارمتەی ژمارەیەک کەس بێ. حیزبایەتی و کولتووری خەباتکردن نەکەوتۆتە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینە و بەشێک لە کەسەکان حیزبەکان بە مڵک و سەرمایەی خۆیان دەزانن. ئەم نەریتە، حیزب دەستەمۆ دەکات و ڕێگەی بەڕۆژبوونەوە لە حیزب دەگرێ. لە ژێر سێبەری ئەم جۆرە لە کولتوورەدا حیزب مانا و پێگەی خۆی لە دەست دەدات.

بە کورتی یەکگرتنەوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی پێناسەدەکرێ، بەڵام ئاکامەکانی گرێدراوی گەلێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکین. یەکگرتنەوە کاتێک مانا دەدات، کە پاش تێکەڵبوونەوە یەکدڵ و هاوهەنگاو پێکەوە کار بکەن. بە مانایەکی دیکە، یەکگرتنەوەکە لە ئاستی جیاوازی حیزبدا بە تێگەیشتنەوە قبوڵکراو و وەرگیراو بێت. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی پێگەیەکی شیاو و کارا پێویستی بە ئیرادە، نەخشەڕێگا و کردارە. چارەسەری کێشە و بەرەنگاربوونەوەی ئالەنگارییەکان هونەری دەوێ. حیزبی دێموکڕات ناکرێ تەنیا لە بازنەی رابردوودا قەتیس بمێنێ. چەقین و مانەوە بۆ ماوەیەکی بەردرێژ ئیرادە، وزەی مرۆڤ و حیزبەکان دەمرێنێ.

ڕێبەرایەتیی و بەدەنە تەواوکەری یەکترن و بەدەنەیەکی بەهێز و شارەزا خوازیاری ڕێبەرایەتییەکی شیاو، لێزان و خاوەن ئیرادەی شۆڕشگێڕانەیە. دواڕۆژی حیزبی دێموکڕات و پێگەی ئەو حیزبە دوای یەکگرتنەوە، بە تێگەیشتن و ئازایەتی کادر، پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگرەکانیان بەستراوەتەوە. ئازایەتییەک کە حیزب لە سڕبوون ڕزگار دەکات و ڕێگانادات هیچ تاک و تاقمێک حیزب و ڕیکخراو وەکوو ئامرازێک بەکار بێنن. ئازایەتیی و تێگەیشتنێک، کە ڕێگانادات ئەندام، پێشمەرگە و کادری حیزب بە مەبەستی جیاواز لە ژێر سێبەری پارت و ڕیکخراوی دیکەدا داری بیرو باوەڕ بن کۆڵ بکەن.

خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەکتەری چالاک، پلانی ئاشکراو و ئامانجی ڕوون دەخوازێت. بەهێزکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە چەپڵەلێدان، هەڵپەڕین و بڵاوکردنەوەی قەتارەی وێنەکان دەستەبەر نابێ. سەرکەوتنی پرۆژەی یەکگرتنەوە و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیەک کەرەسە و ئامرازی دەوێ. سەردەمی ئەمڕۆ قسەی کەم و کردەوەی زۆر دەخوازێ. حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا لە قەیراندایە و ناتوانێ بە شێواز و میتۆدی کۆن و تێڕوانینی خاوەنایەتی حیزب، ئەرکەکان ڕاپەڕێنێ. پڵاوی یەکگرتنەوە زگی برسی خەبات تێر ناکات.

ئەم خەڵکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستیان بە گۆڕینی کولتووری خەباتە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەردەم تاقیکردنەوەی دژواردان. بەشێک لە کولتوور و شێوازی حیزبایەتی ئەوان خزمەت بە خەڵک و پرسی کورد ناکات. داهاتوو ئاشکرای دەکات، کە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، سیاسەتکار،



یەکبوون، هەوێنی خوڵقاندنی شکۆیە
سەرچاوە Serchawe

خوێنـدەوار، چەکـدار و چـالاکی کـورد بە کـردەوە چەنـدە و چـۆن کـار دەکەن و دەردەکەون. ڕۆژگـاری درووشم تێپەڕیـوە و بزوێنەری رابردوو توانای راکێشانی قەتاری بزوتنەوەی ئەمڕۆی نییە.

---

**ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**





سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe


٧٩
مەشخەڵی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناکوژێتەوە
پێشمەرگە
بەرز و پیرۆز بێت ٧٩هەمین ساڵوەگەری دامەزرانی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕەحمان نەقشی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان و دۆستان بۆ وەڵام دانەوەی  پرسیارەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

